# سێیانەی ئایین و ژن و مەرگدۆستیی لە ڕۆمانی (دواشەوی دابەزینی عیسا)ــی شێرزاد حەسەن لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەی کولتوورییەوە


**پ.ی.د. کارزان موحسین قادر**
بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
Karzan.qader@su.edu.krd

**سەمیر ئەحمەد ئیبراهیم**
هەڵگری بڕوانامەی ماستەر
لە وەزارەتی پەروەردە
m.samerahmad0105@gmail.com



**پوختە**

تیۆری ڕەخنەی کولتووریی زێتر بەوە دەناسرێتەوە لە ڕێگای پەلوپۆ هاویشتن بۆ لایەنە جیاجیاکانی دەقی ئەدەبی، ئاستی ڕووکەشی دەق تێپەڕێنێت و لە قووڵایی دەقدا بگیرسێتەوە، بۆیە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەی کولتووریی پێیوایە تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکانی پێشوو لە ڕێگای تێڕوانین و خوێندنەوەکانیان بە بەهای ڕاستەقینەی دەق نەگەیشتوون، بۆیە ڕەخنەی کولتووریی دەپڕژێتە سەر لایەنە جیاواز و جیاجیاکانی دەق، بۆ ئەوەی بەهای ڕاستەقینەی دەقی ئەدەبیی بدۆزێتەوە، ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی دەقی ئەدەبیی فرەلایەن و بەرفراوانە، ئەوەی کە ئێمە درک و هەستی پێدەکەین گەلێک کەم و سنووردارە، لەکاتێکدا باس و خواسی دەقی ئەدەبی زۆر هەڵدەگرێت زایەڵە و بەرجەستەکردنی ئەزموونی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.



**وشە سەرەکییەکان:** (ڕەخنەی کولتووریی، ڤینسنت لیتچ، ئایین، ژن، مەرگدۆستیی).

**پێشەکی:**

هــەموو کۆمەڵگایــەک خــاوەنی کۆمــەڵێک دابونــەریتی تایبــەت بەخۆیەتی، ئەم دابونەریتانەش بە باشی خەملیوون  بوون بە کولتوور، ئاشـکرایە کولتـوور وەک بابـەتێکی هەسـتیار لـە کۆمەڵگایەکـەوە بـۆ کۆمەڵگایەکی تر، بەپێی ئایین و سروشت و بنەما و پێکهاتـە و ژینگـەی کۆمەڵایـەتیی دەگۆڕێـت، لـە پـاڵ ئەمانەشـدا بـارودۆخ و هەلومەرجـە سیاسـیی و ئـابووریی و مرۆڤکردەکـانیش ڕەنگدانـەوەی ڕاسـتەوخۆیان دەبێـت بەسـەر کوولتـوورەوە. کۆمـەڵگای کـوردیش وەکـو هـەموو کۆمەڵگاکانی تر لێوانلێوە لە کولتوور، کە هەندێک لەم کولتوورانە بەهای مرۆڤایەتیی بەرزی تێدا بەدی دەکرێت، کـە شـایەنی شـانازیی و شـکۆی نەتەوەیەکن.

دیـــارە ئـــەو کولتـــوورەش مێژوویـــەکی دوور و درێـــژ و و ڕەگوڕیشـەیەکی قـووڵ و داکوتاویـان هەیـە لـە کۆمـەڵگای کوردیـدا. ڕەخنـەی کولتـوورییش وێسـتگەیەکە بـۆ ڕەخنـەگرتن لـە خـود، یـان ڕەخنـەگرتن لـە کۆمـەڵگا، پیشـاندانی هەڵـە و ناتەواوییەکانـە، دوانـدنی پـــەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگایـــە، بەرجەســـتەکردنی دواکـــەوتوویی و دارمانی شارستانییەتی میللەتێکە بە بەراورد بە بەشێک لە میللەتانی تر، ڕەتکردنەوەی هەلومـەرجی داسـەپاو و نالـەبارە کە دەستەیەک، چینێک جاریـان داوە لــە پێنــاو دەســەڵات و فراوانخــوازیی و جلــەوگیرییان. بێگومــان ئەمانــەش و هــی تــریش لــە کــردەی نووســین و ئاخــاوتن بەرجەســــتەدەکرێن و گوررەتیشــــکیان ئاڕاســــتەدەکرێن، بــــەڵام لێکۆڵینەوەکەی ئێمە دەق، وەک کەرەستەیەکی بەپێزی کردەی نووسـین دەکاتـە ئامـانج، بـە دیـارکراویش دەقـی ئـەدەبیی، لێـرەوە لـە دەقـەوە مەبەسـتمانە ڕەخنـەی کولتـووریی وەک تیـۆرێکی هاوچـەرخی ڕەخنـەیی بەرجەستە بکەین.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە: کاریگەری و پەیوەندی نێوان ڕۆمان و کولتوورە جیاجیاکان دەمانباتەوە سەر باسی ڕەخنەی کولتووریی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا و بە دیارکراوی لەسەر ژانرێکی هاوچەرخی وەکو ڕۆمان دەمانگیرسێنێتەوە. نەخاسمە ڕۆمانەکانی "شێرزاد حەسەن" بە ڕوون و ئاشکرایی کولتووریی کۆمەڵگای کوردەوارییی بەرجەستە دەکەن، ئەمە لەلایەک، لەلایەکیترەوە خودی ڕۆماننووس بە بوێرییەوە مامەڵە لەگەڵ بابەت و پرسە کولتوورییەکان دەکات، بە ئاراستەیەک کاردەکات کولتوورە نارێک و ناشیرینەکان بە ئەوپەڕی بوێرییەوە بۆ وەرگر ڕووماڵ و شەنوکەو دەکات.

سنووری لێکۆڵینەوەکە: ئەوەی لە سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە جەختی لەسەرکراوەتەوە ناساندنی تیۆری ڕەخنەی کولتوورییە، لەهەمانکاتدا ئەوەی پەیوەستیش بێت بە دەقە ئەدەبییەکەوە تیشک خستنە سەر بەرهەمەکەی "شێرزاد حەسەن"ـە بەنێوی "دواشەوی دابەزینی عیسا".

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: لە دووتوێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، لەپاڵ ئەوەی مەبەستمانە لە چەند گۆشەنیگایەوەکەوە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی بناسێنین، لەگەڵ ئەمەشدا مەبەستمانە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی بکەینە دیدگا و ڕوانگەیەک بۆ ئەوەی لەژێر ڕۆشناییەکانی ئەم تیۆرە ڕەخنەییە هاوچەرخەدا خوێندنەوە بۆ بەرهەمەکەی "شێرزاد حەسەن" بکەین.

پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە: ئەم لێکۆڵینەوەیەمان لە پێشەکی یەک و دووبەش پێکهاتووە:. بەشی یەکەم:بریتییە لە بەشێکی تێوریی کە تێیدا باسی زەمینەسازی ڕەخنەی کولتووریی، ناساندنی (ڤینسنت لیتچ) وەک سەرمەشق و پێشەنگی ڕەخنەی کولتووریی، هەروەها تیۆری ڕەخنەی کولتووریی کراوە.

بەشی دووەمیش: سەرتاپای بەشەکە پراکتیکییە، کە ئاماژە و باس و پراکتیزەی ڕەنگدانەوەی ئایین و ژن و مەرگدۆستیی دەکات لە ڕۆمانی "دواشەوی دابەزینی عیسا"ـی"شێرزاد حەسەن". ئەم باس و خواسە کولتوورییانەش لە ڕوانگەی میتۆدی ڕەخنەی کولتوورییەوە بەرجەستەکراون.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووین بە چەند خاڵێک دەستنیشانمان کردوون. دواتر ئاماژەمان بە سەرچاوەکان کردوون و ڕیزبەند و پۆلێنمان کردوون، لە کۆتاییشدا پوختەی لێکۆڵینەوەکەمان بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتەڕوو.

## بەشی یەکەم:

## زەمینەسازی تیۆری ڕەخنەی کولتووریی

## "لە لێکۆڵینەوەی کولتوورییەوە بۆ ڕەخنەی کولتووریی".

زاراوە و چەمکی "کولتوور" بەوە دەناسرێتەوە, کە واتایەکی بەرفراوان و دەلالەتێکی فرەڕەهەند و قووڵی هەیە. بۆنموونە لە زمانی فەڕەنسیدا ئەم زاراوە و چەمکە بۆ مەبەست و بوارگەلی جیاجیا بەکاردەهێنرێت. وەک لە بواری کشتوکاڵدا بە واتای چاندن و گەشەکردن، لە بواری کۆمەڵایەتیی و ئاکاردا بە واتای هەڵسوکەوت و مامەڵە و سەیرکردن و ڕێزگرتن، لە بواری ئایین و ئایینزاشدا بە واتای پەرستش و پەرستن دێن. (القاسمي، ٢٠٠٨، ١٥).

هەر سەبارەت بە زاراوە و چەمکی "کولتوور" لە زمانی ئینگلیزیدا، جیاوازییەکی ڕیشەیی بەدیناکرێت لەگەڵ ئەو واتا و دەلالەتانەی کە لە زمانی فەڕەنسیدا هەیە. ڕەگوڕیشەی "کولتوور" بۆ "Culturo"ـی لاتینی دەگەڕێتەوە، کە واتا بنچینەییەکەی بە واتای چاندن دێت. ئەوەی پەیوەستیش بێت بە زمانی ئینگلیزییەوە بە واتای چاندن، گەشەکردن،

ملکەچ بوون، چاودێری کردن، ڕێزگرتن، پەرستن، ... هتد دێت، بە درێژایی ڕۆژگار و سەردەم گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. (القاسمي، ٢٠٠٨، ١٦).

سەرهەڵدانی ڕەخنەی کولتووریی لە دنیای ڕۆژئاوادا بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش وای کردووە ڕەخنەی کولتووریی وەک تیۆر و میتۆدگەلی تری ڕەخنەیی تر لە پانتایی ڕەخنەییدا خۆی بنوێنێت، یەکێک لەم هۆکارە کاریگەر و بەرچاوانەی کە وایانکردووە ڕەخنەی کولتووریی زەمینەی بۆ بڕەخسێت، بریتی بووە لە خوێندنەوە و وردبوونەوە و تێڕامان و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی کولتووریی، کە بە دیارکراوی سەردەمەکەی بۆ دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی دەگەڕێتەوە، کە لەم نێوەندەدا لێکۆڵینەوەی کولتووریی گرنگی و بایەخی بە بابەت و ئارێشە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان دا، کە لەنێو دنیای ڕۆژئاوا باوبوون، بۆ ئەم مەبەستە تێڕوانێک بڕوا و باوەڕێک لای نووسەر و لێکۆڵەر و بیرمەندان گەڵاڵە دەبێت، کە پێیانوایە لێکۆڵینەوە لە ئارێشە و بابەتە کولتوورییەکان چاکترە لە وردبووەوە لە ئایین و تیۆر و متیۆدە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش بەو واتایەی دیاردە و ڕووداوە کولتوورییەکان بۆتە چەقی بابەتی ڕەخنەی کولتووریی و ئەم ڕەخنەیە بە بەرفراوانی بابەتەکانییەوە دەناسرێتەوە لە چوارچێوەی هەموو کۆمەڵگایەک. وەک دەزانین چۆن لە لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان جوانیناسیی بەدیدەکرێت کە پەیوەستە بە ئەزموونی مرۆڤایەتییەوە و پشت ئەستوورە بە دنیای هزر و فەلسەفە و زانینەوە، ئاواش لە دووتوێی ڕەخنەی کولتووریی جوانیناسیی ڕەنگی داوەتەوە، کە ئەم لایەنەی جوانیناسیی چێژدارە بە تاموبۆی ئەدەبیات و بوارگەلی ترەوە. (عليمات، ٢٠٠٤، ٣٠).

بۆیە" ئارسەر ئایس ئابرگەر" دان بەوە دەنێت کە لێکۆڵینەوە

کولتوورییە جیاجیاکان ڕۆڵێکی بێوێنەیان بینیووە لە سەرهەڵدان و گەشەکردن و خەملینی ڕەخنەی کولتووریی. سەرەداوی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکانی بۆ سالانی هەفتای سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بە دیارکراوی لە ساڵی ١٩٧١ دا، لە زانکۆی "بێرمینگهام". بیروڕای نووسەر و توێژەران لەمەڕ سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان کۆک نین، هەندێک لایان وایە سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان بۆ قوتابخانەی "فرانکفۆرت"ی ئەمریکی دەگەڕێتەوە. لەبەرامبەر ئەمەدا ئاڕاستەیەکی تر پێیانوایە سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بۆ زانکۆی "بێرمینگهام"ی ئینگلتەرا دەگەڕێتەوە.

لە هەندێک لە بیروبۆچوونەکان جەخت لەوە کراوەتەوە کە مێژووی سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان بۆ سالانی سی و چلی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێنەوە، کاتێک بە دەیان لێکۆڵەر و ڕۆشنبیر لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی کۆمەلایەتیی مارکسی لە ساڵی ١٩٢٣ دا لە فرانکفۆرتدا چەندین لێکۆڵینەوەی زانستییان ئەنجامدا لە بارەی لایەنی ئابووریی کۆمەڵگا. گرنگی و بایەخی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان و تیۆری ڕەخنەی کولتووری بەشێکی زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە درز و کەلێنێکی ئەوتۆ لە نێوان هونەر و کۆمەڵگا نەمێنێتەوە، بەتایبەت لەدوای ئەوەی چەند تیۆر و میتۆدێکی ڕەخنەیی بەو ئاڕاستەیە هەنگاویان دەنا کە پەیوەستبوونێکی ئەوتۆ نەمێنێت لە نێوانیاندا، بەلام لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان و تیۆری ڕەخنەی کولتووریی زۆر و چڕترین گرنگی و بایەخدانەکان نە بە هونەر دەدات، نە بە کۆمەڵگاش، بەڵکو گرنگی و بایەخپێدانەکە لەسەر بنەمای جۆرێک لە هاوسەنگبوونی نێوانیانە. (لیتش، ٢٠٠٠، ١١٨).

واتە مەسەلە و پرسی ژێرخان، دواتر هەوڵ و کۆششەکان بەردەوامیان دەبێت و درێژدەبنەوە بۆ سالانی سی، لەم چوارچێوەیەدا

چەنـدین لێکۆڵینــەوە ئــەنجام دەدرێــن لــەبارەی وردبوونــەوە لەلایــەنی سەرخانی کۆمەڵگاوە :کولتوورییەوە". هەروەها "بێتەر بەرگەر" بەیـەکێک لـەو زانـا و بیرمەندانـە لـە قەڵەمـدەدرێت کـە لـە بـواری کۆمەڵایەتییـدا هەوڵیانداوە چارەسەری ئەو ئاماژە و هێمـا و نیشـانانە بکـەن کـە لـەنێو کولتووریی کۆمەڵگاکان باویان هەبوون، هەریـەک لـەو ئاماژە و هێمـا و نیشانانە بۆ مەبەستێک، یان مەبەستگەلێک بەکارهێنراون.

لێکۆڵینــەوە کولتوورییــەکان شــوێنکاتیان بــەرفراوانتر دەبێــت و سنوری وڵاتانی ڕۆژئاوا دەبەزێنێت، بە دیارکراوی لـە سـاڵی ١٩٥٠ دا، لە کیشوەری ڕەش "ئەفریقیا"دا، لێکۆڵەرێک بەنێوی "ماری" لێکۆڵینەوە لە بەشێک لە هۆزەکانی ئەفریقیا دەکات، لێکۆڵینەوەکە گرنگی و بایەخ بـە شـێوازی ژیـان و گـوزەرانی کـۆڕ و کۆمەڵـەکان دەدات، لـە هەمانکاتـدا هــەوڵی خوێندنــەوە و شــیکردنەوەی واتــای ئــەو هێمــا و جەڤــەنگ و دروشـمانە دەدات کـە لـەنێو ئـەو هۆزانـەدا بوونیـان هـەبووە. (مجموعـة باحثين غربيين ،٢٠٠٩، ٢٤).

ئاشکرایە فەیلەسـووفی فەڕەنسـی "میشـێل فۆکـۆ" یەکێکە لە گەورە فەیلەسووفەکانی نیوەی کۆتـایی سـەدەی بیسـتەم. کەم تـا زۆر کەوتۆتە ژێـر کـاریگەری بونیـادخوازییەوە و لە هەمانکاتـدا کـاریگەری بەســەر ئەوانیشــەوە هەبــووە و "میشــیل فۆکــۆ" بــە یــەکێک لــە کۆڵەگــە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان دادەنرێت، لێکۆڵینەوەکانی ئەو بـە بـەراورد بـە ئـەوانیتر بـە جیاوازییەکانییـەوە دەناسـرێنەوە، بـە دیارکراوی لێکۆڵینەوەکانی لە بارەی گەشە و شـیکردنەوەی کولتووریی دەنگدانەوەیـەکی زۆری دایـەوە. بـەحوکمی کارەکـەی "میشـێل فۆکـۆ" کـە مامۆسـتای زانکـۆ بـووە لـە پـاریس و پسـپۆڕییەکەی بریتـی بـووە لـە ڕێکخـەری هـزر لەهـەمان ناوەنـدا، بۆ ئـەم مەبەسـتە لـە لێکۆڵینـەوەکانی گرنگی بە مێژووی ڕێکخسـتنی کۆمەڵایـەتیی و سیاسـیی و گوتـار داوە،

لەپاڵ ئەمانەدا بایەخدان بە گوتاری ئابووریی و مێژووی سروشتی و گوتاری دەروونیی، لەهەمانکاتدا گرنگیداوە بە پزیشکی گشتیی و دەروونیی و نەژادگەریی و تاوان. (العقيلي، ١٩٩٨، ١٧٢). لێکۆڵینەوە کولتوورییەکانی "میشێل فۆکۆ" زێتر پەیوەستن بەو ئاریشانەی کە لەمەوپێش وەک پێویست نەکەوتوونەتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە. یاخود وەک پێویست چارەسەرنەکراون.

"کلۆدی لیڤی ستراوس"ـیش بەوە دەناسرێتەوە تێڕوانینەکانی کەم نین لە بارەی لێکۆڵینەوە و لێکەوتە کولتوورییەکان، بۆیە پێیوایە ڕەگوڕیشەی کولتووریی بە ماوەیەکی زۆر بۆ بەر لە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی حەقیقەتە زانستییەکان دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانی وردبوونەوەیە لە ژیانی هیندییە سوورەکان لە بەرازیلدا، پێیوایە هیندییە سوورەکان ڕاستە بە ڕووکەشانە لێیان بڕوانین بە ژیانە سادە و ساکارەکەیان دەناسرێنەوە، بەڵام پەیوەندییە کولتوورییەکانی نێوانیان گەلێک ئاڵۆز و تێکچڕژاوە. ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەی کولتوور مەرج نییە لە ڕووکەشدا ڕەنگ بداتەوە، بەڵکو بەشێکی کولتوور بە واتا و مەبەستە قووڵەکانی دەناسرێتەوە.

فەیلەسووفی ئەڵمانی "یۆرگن هابرماس" لە ڕێی فەلسەفە و تیۆرەکانی هەوڵیداوە گەڕان و وردبوونەوە بۆ ئەو ئاریشانە بکات کە دووچاری کۆمەڵگا سەرمایەدارە پێشکەوتووەکان بۆتەوە، لەپاڵ ئەمەدا گرنگیدان بە پێشکەوتنە کولتوورییەکان و بەستنەوەی ڕەخنەی کولتووریی بە دنیای سیاسەتەوە، لەلایەکیترەوە "یۆرگن هابرماس" تا ڕادەیەک ئایدیۆلۆژیای بە زانست و پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان بەستۆتەوە.

لە سالانی چلی سەدەی ڕابردوو لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان بەردەوامیان دەبێت، لە هەمانکاتدا لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان

هــــەنگاودەنێن بــــەرەو لێکۆڵینــــەوەی کولتــــووریی لــــە دووتــــوێی ئەدەبیاتناسییدا، بۆ ئەمەش"ڕیمۆند ویلیامز" بە پێشـەنگ دادەنرێت. هـەر لـەم دەیەیـەدا خـەملینی تێڕوانینـی بنیاتگـەریی و ئـەنترۆپۆلۆژیا دێنـە ئــاراوە، کــە ئەمانــە ڕێخۆشــکەر دەبــن لێکۆڵینــەوە کولتوورییــەکان ڕووبــەڕووی گۆڕانکــاریی ببنــەوە و چەنــدان بەرهــەمی لێکۆڵینــەوەی کولتووریی لەسـەر دەستی هەریـەک لـە "نۆرثراب فرای، ڕۆلاند بـارت، جاک لاکان، ڕۆمان یاکۆسپن" و ئەوانی تر لە دەیەی پەنجا بێنـە ئاراوە، کـە هەریـەک لـەم زانـا و بیرمەنـد و فەیلەسـووفانە لـە ڕوانگـەی بـوار و پســپۆڕییەکەی خۆیــەوە کاریگــەری بەســەر دنیــای هــزر و ئەدەبــەوە هەبووە، کەم تا زۆر دیدگا و تێڕوانین و تیۆرەکانیان پەیوەندییان بە بـە بنەما و بەها و پێوەرە کولتوورییەکانـەوە هـەبووە. لـە سـاڵانی شـەستی سـەدەی ڕابـردوودا لێکۆڵینـەوە کولتوورییـەکان هـەنگاوی خێراتـردەنێن بەرەو نزیکبوونەوەی زێتر لە دەقی ئەدەبیی، هەم لەم دەیەیـەدا چەنـدین ئاڕاسـتەی جیاجیـا سـەرهەڵدەدەن کـە لـە دواجـاردا بەشـێکیان دەبنـە ئاڕاسته و ڕەوت و تیۆر و میتۆدی سەربەخۆ. بۆ نموونـە "فلۆرەنس" و "ولیلیـان ڕۆبنسـۆن" هەوڵیانداوە لـە دووتوێی لێکۆڵینـەوەکانیان پـرس و مەسـەلە و بابەتی ژنانە زیاتر بەرجەستە بکەن. لـەپاڵ ئەمانـەدا هەریـەک لە "لیزلی فیدلەر" و "ریتچار بوارێیە" هەوڵەکانیان بۆ ئەوە چڕکردۆتـەوە داکۆکی لە ئەدەبی میللیی بکەن.

لە ساڵانی هەفتادا، بـە دیـارکراوی لـە ئەمـەریکادا بایەخیـان دەدا بـە بیروبۆچوون و تێڕوانین و تێزەکانی "ئیدوارد سەعید"، گەورە بیرمەندی ئەمریکـی بە ڕەســەن فەڵەســتینی "ئیـدوارد ســەعید" کە تێڕوانینەکـانی لەسـەر بنەمـای داگیرکـارخوازیی و دوای داگیرکـارخوازیی بونیـادنراوە، ئاســۆیەکی ڕوونــی بەڕووی تیــۆری ڕەخــنەی کولتوورییــدا کــردەوە. بەتایبــەت لەوکاتــەدا خــودی "ئێـدوار ســەعید" پێـداگری لەســەر ئــەوە

دەکردوە کە دنیای سیاسەت بە ڕەخنەوە پەیوەست بکرێت، هەروەها سەرلەنوێ پێناسەی ئەدەب بکرێتەوە، کە لە ئەنجامی ئەمەشدا لەوانەیە ڕەخنە و ئەدەب ببنە کەرستە و بابەتێکی نائەدەبی. (العقيلي، ١٩٩٨، ١٧٩). بیرمەند و ڕەخنەگری ئینگلیزی "تێری ئیگڵتۆن" ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیووە لە بزاڤی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان، ئەمەش بە ئاشکرا لە هەردوو بەرهەمە بەناوبانگەکەی بەدیارکەوت کە بریتی بوون لە "هزری کولتووریی" و "ڕەخنە و ئایدیۆلۆژیا"، بەتایبەت لە بەرهەمی دووەمیاندا خودی "تێری ئیگڵتۆن" بایەخێکی زۆری بە پەیوەستبوونی فۆڕمی ئەدەبیی بە ئایدیۆلۆژیاوە دا، کە ئەمەش بە یەکێک لە دۆزینەوەکانی لە قەڵەم دەدەرێت. تێڕوانین و دۆزینەوەکانی "تێری ئیگڵتۆن" لە چوارچێوەی ئەدەبدا پێدەنێنە قۆناغێکی تر و بەرفراوان دەبێت، ئەم بەرفراوان بوونەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە بازنەی ئەدەب تەنیا تایبەت ناکرێت بە چین و توێژ و دەستەبژێرێکی دیارکراو، بەڵکو ئەدەب پەیوەست دەکرێت بە چەندین چین و توێژی جیاجیاوە، کە بەمەش ئەدەب هەنگاو دەنێت بەرەو بە جەماوەریی بوون و بە میلليی بوون. بە تێڕوانینی "تێری ئیگڵتۆن" کاتێک بابەتێک لە ئارادەبێت، پێویست ناکات ئەو بابەتە تەنیا بۆ چین و توێژ و دەستەبژێرک بێت، بەڵکو دەبێت ئەو بابەتە چین و توێژە جیاجیاکان لە ئامێزی بگرن، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی ئەم بابەتە قەتیس نەکرێت و لە دەستی چەند کەسێک، یان لایەنێکی دیارکراو نەخنکێندرێت. هەروەها "تێری ئیگڵتۆن" جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت بایەخ بە گوتارە جیاجیاکان بدرێت و هەر بە تەنیا گوتاری ئەدەبیی بایەخی پێنەدرێت، ئەمەش بەو مەبەستەی گرنگیدان بە گوتاری ئەدەبیی بە تەواوەتی بپرژێتە سەر لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان، بۆیە لە ڕوانگەیەکی ترەوە "تێری ئیگڵتۆن" وای دەبینێت کە پێویستە گرنگی بەگوتارە جیاجیاکان بدرێت، لەلایەکیترەوە گرنگی بە جۆر و

ژانرەکانی وەک فیلمسازیی و شاشە و چیرۆک و زمانی زانست بدرێت، چونکە هەریەک لەمانە، یان هی تریش کاریگەرییان بەسەر هۆشیاریی و ناهۆشیارییەوە دەبێت.

بێگومان پێشکەوتن و بەردەوامی لە لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان بەشێکی چاکی بە خزمەت و سوودی ئەدەب کۆتایی دێت، لە بەرامبەر ئەمەدا بەشێکی تر بە زیانی ئەدەب کۆتایی دێت ڕەخنەگرێکی وەک "کرنان" لە کتێبی " مردنی ئەدەب" دان بەو ڕاستییە دەنێت کە هەندێک لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بەشێک لە بزاڤ و لایەن و تەنانەت تاکەکەسییەکانیش دەرفەتی ئەوەیان قۆستۆتەوە کە زیان بە ئەدەب بگەیەنن و ببن بە بکوژی ئەدەب و بانگەشە و جاری ئەمە بدەن کە ئەدەب بەرهەمهێنەری بێهیواییە، بە تایبەت ئەوانەی بە لایەن و گرووپ و دەسەڵاتێکی سیاسییەوە پەیوەستن. بۆیە "کرنان" داکۆکی لە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیی دەکات، پێیوایە ئەدەب دەتوانێت بابەت و پرسە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنە نوێیەکانی کولتوور لەخۆی بگرێت، بەمەش ئەدەب بایەخەکەی بۆ دەگەڕێتەوە و هەر لە دووتوێی ناوەندە زانستیی و زانکۆییەکان گیرناخوات، بەڵکو پانتایی و گۆڕەپانەکەی لەنێو کۆمەڵگادا بەرفراوان دەبێت و خەڵکی زیاتر ئامێزی بۆ دەکەنەوە.

لەپاڵ ئەمانەدا "ڕیمۆند ویلیامز" چەند واتایەکی نوێ بۆ کولتوور دیاردەکات، کە ئەمانەن:ـ یەکەم: کولتوور پرۆسەیەکی هەمەگیرە و گەشەسەندنی هزر و ڕۆح و جوانیی تێدا بەدی دەکرێت. دووەم: کولتوور بریتییە لە شێوازێکی ژیان بۆ شوێنکاتێکی دیارکراو، بۆ نەتەوە و گەلێک، یان دەستە و کۆمەڵێکی مرۆیی، ئەمەش بە واتای هەڵسوکەوتی کۆمەڵگایەکی دیارکراو. سێیەم: کولتوور بەرهەم و کردە و چالاکییەکی هزرییە، زۆرجار لە چالاکییە هونەرییەکانیش ڕەنگ دەداتەوە. (عناني، ١٩٩٦، ١٤).

سەرمەشق و پێشەنگی تیۆری ڕەخنەی کولتووریی "ڤینسنت لیتچ".

بەرلەوەی ئاماژە و باسی "ڤینسنت لیتچ" بکەین، پێویستە پرسیاری ئەوە بکەین لە ڕۆژگارەکانی سەردەمی ڕێنیسانسدا کولتوور پەیوەست بووە بە کامە بوارەوە و دواتر چۆن بەرفراوان بووە؟ ئەو لێکۆڵینەوە کولتوورییانەی کە لە سەردەمی ڕێنیسانسدا سەریانهەڵدا، ڕاستەوخۆ سەرەتا پەیوەندییان بە لقە زانینەکانی وەک کۆمەڵناسی و مێژوو و فەلسەفەوە هەبووە، بەڵام دواتر لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان پانتایی بەرفراوان دەگرنەوە و دەچنە نێو کایەی زانین و بوون و مرۆڤناسییەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا شکاندنی ئەو نەریتەیە کە لێکۆڵینەوە کولتوورییەکانیان لە یەک دوو بواردا بچووک دەکردەوە. (لیتش، ٢٠٠٠، ٣٧).

کاتێک باسی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان و ڕەخنەی کولتووری دەکرێت، کەم تا زۆر ناوی ئەو ئاوەزمەند و بیرمەند و فەیلەسووفانە دێت، کە هەریەکەیان لە گۆشەیەکەوە شوێنەواری دیارە بەسەر لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی کولتوورییەوە، وەک ئەمانەی خوارەوە:ـ

- ڕۆڵان بارت، کلۆد لیڤی شتراوس، فۆکۆ، ژاک لاکان، ژاک دێریدا، ئەندرێیە بیزییە... لە فەڕەنسادا.
- میخائیل باختین، ڤلادیمێر پرۆپ... لە ڕووسیادا.
- کارڵ مارکس، مارکس ڤێبەر... لە ئەڵمانیادا.
- سی ئێس پێرس، چارمان، ڕۆمان جاکۆپسن... لە ئەمەریکادا.
- ڕایمۆند، ستیوارت هۆل... لە ئینگلتەرا.
- فێردیناند دی سۆسێر، کارڵ یۆنگ... لە سویسرا.
- سیگمۆند فرۆید، هێرت هرتزج... لە نەمسادا.

هەریەک لەمانە زەمینەیەکی لەبار بۆ "ڤینسنت لیتچ" فەراهەم دەکەن، بۆئەوەی ببێتە پێشەنگ و سەرمەشقی تیۆرێکی ڕەخنەیی

هاوچەرخ. زۆربەی سەرچاوە هزریی و ئەدەبییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە "ڤینسنت لیتچ" بە یەکەمین گەورە ڕەخنەگر و تیۆردانەری ڕەخنەی کولتوریی دادەنرێت.

تیۆری ڕەخنەی کولتووری ئەڵقەی بەیەکترگەیشتنی ئەو ڕەوت و تیۆرە ڕەخنانەیە کە لەڕووە دەرەکییەکەیەوە خوێندنەوە بۆ دەقی ئەدەبی دەکەین، لەگەڵ ئەو ڕەوت و تیۆرانەی کە لەڕووەکە ناوەکییەکەیەوە لە دەق دەڕوانن. (سلطان، ٢٠٠٧، ١٥١).

بەشێوەیەکی گشتی تیۆری ڕەخنەی کولتووریی وەک تیۆرێکی ڕەخنەیی هاوچەرخ خۆی لە دوو ئاڕاستەی سەرەکی دەبینێتەوە، ئاڕاستەکیان پەیوەستە بە سەرەداو و سەرهەڵدانی تیۆرەکەوە، کە هەروەک پێشتر باسمان کرد خۆی لە لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان دەبینییەوە، لەم ئاڕاستەدا ڕەخنەی کولتووریی زێتر هەمەگیرە و بە زۆربەی بابەت و شت و دیاردە کولتوورییەکانەوە بەندە. ئاڕاستەی تریان زێتر پەیوەستە بە هەوڵ و کۆششەکانی "ڤێنست لیتچ" وەک تیۆردانەرێک، کە مەبەستییەتی ڕەخنەی کولتووریی وەک تیۆرێکی ڕەخنەی ئەدەبیی بناسێنێت و بخەملێنێت، کە ئەم ئاڕاستەیەش لەنێو تیۆرە ڕەخنەییە هاوچەرخەکان سەردەمەکەی بۆ پاش بونیادگەریی دەگەڕێتەوە. واتا "ڤینست لیتچ" لەپاڵ گرنگی و بایەخدان بە ڕەخنەی کولتووریی، هەوڵیداوە زاراوەکە بچەسپێنێت و لەنێوکایەی ڕەخنەی ئەدەبیدا پەخش و بڵاوی بکاتەوە. لووتنەژەنین لە وێستگەکانی ژیانی خودیی ئەدیب، جەخت کردنەوەیە لە دەگمەنی و ناوازەیی دەقی ئەدەبی، لە هەمانکاتدا پاراستنی سەربەخۆیی دەق و خوێنەرە. (مرتاض، ٢٠٠٢ ، ١٩٦).

"ڤینسنت لیتچ" توانی لە لێکۆڵینەوە کولتوورییەکانەوە بۆ ڕەخنەی کولتووریی بازدانێکی ئەرێنییانە بسازێنێت، کە ئەنجامەکەی تاڕادەیەکی

زۆر لە بەرژەوەندی ڕەخنەی ئەدەبییدا بشکێتەوە، بێگومان بۆ ئەمەش کەڵکی لە چەندین تیۆر و میتۆدی ڕەخنەیی وەرگرتووە. کەواتە "ڤینسنت لیتچ" بەهیچ شێوەیەک نەیویستووە پشت لە تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکان بکات، وەک لە پێش ئەودا هەوڵ بۆ ئەوە دراوە کە ڕەخنەی ئەدەبیی پەراوێز بخرێت، لە بەرامبەر ئەمەدا لە دووتوێی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکاندا چەندین زانستی مرۆیی جیاجیا بە چەق بکرێن، لە پاڵ ئەوەی "ڤینسنت لیتچ" سوودی لە بەشێک لە تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکان وەرگرتووە بە مەبەستی خەملینی ڕەخنەی کولتووریی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە خودی خۆی و تەنانەت لە تیۆرەکەش ڕچەشکێنی خۆی دەنوێنێت، لە بەرامبەر ئەمەشدا و مەبەستی بووە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی بەشێک لە تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکانی پێش خۆی تێپەڕێنێت و نەبێتە پاشکۆی تیۆر و میتۆدەکانی تر، بۆیە "ڤینسنت لیتچ" پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەنێو دەقی ئەدەبییدا چەندین لایەنی ڕاز و پەنهان و تاریکایی هەن، پێویستە لەڕێی هەڵوەشاندنەوە و بنکۆڵکاریی دەقە ئەدەبییەکەوە ئاشکرا بکرێن و ڕوون بکرێنەوە و بخرێنە بەر ڕۆشناییەوە. سەرەڕای ئەمانە دەتوانین بڵێین: "ڤینسنت لیتچ" ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەکانی "ڕۆلان بارت" و "میشێل فۆکۆ"وە، بە تایبەت ئەو بۆچوونەی "بارت" کە جەخت لەوە دەکاتەوە هیچ شتێک لە دەرەوەی دەقدا نییە. (الغذامي، ٢٠٠١، ٨٤).

هەر پەیوەست بەم لایەنەوە خودی "ڤینسنت لیتچ" دان بەوە دەنێت کە لە ڕەخنەی کولتوورییدا سوودی لە هەڵوەشاندنەوەگەریی "ژاک دێریدا" وەرگرتووە و لە بەشێک لە بیر و بۆچوون و تێڕوانینەکانی ڕێچکەی "ژاک دێریدا"ی گرتۆتەبەر بە دیارکراوی سوودی لەو تێڕوانینەی وەرگرتووە، کە لە پێشوو ئاماژەمان پێکرد، کە دەڵێت: هیچ

شـتێک لـە دەرەوەی دەقـدا لـە ئـارادا نییـە. بێگومـان یروبۆچـوون و تێڕوانینەکـانی "ڤینسـنت لیـتچ" تـاڕادەیەک پشـتی بە تێزەکـانی "فۆکـۆ" و "بـارت" و "دێریـدا" بەسـتووە. لەگـەڵ ئەمانـەدا خـودی "ڤینسـنت لیـتچ" پێداگری لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کە لـەنێو ڕایەڵـەکانی دەقی ئەدەبییـدا لایـەنی هۆشـەکیی و ناهۆشـەکیی لـە ئـارادان، پێویسـتە لـە کـاتی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبییدا لایەنی هەریەکێکیان بە بەرز بنرخێندرێت. هـەروەها "بـارت" پێیـوایە ئەو ڕەخنەگر و لێکۆڵەر و ئەکادیمییەی تەنیـا واتـایەک بـۆ دەقێکـی ئەدەبـی لێکـدەداتەوە، لەلایەک ئـاوەزی بەڕوودا داخراوە، لەلایەکی تر ستەم لە دەقی ئەدەبییەکە و واتاکانی تری دەکات. (ستروک، ١٩٩٦، ١٠٩).

سـەرەڕای ئەمانـەش کاتێـک "ڤینسـنت لیـتچ" جـەخت لـە لایـەنی هۆشەکیی و ناهۆشەکیی دەکاتەوە، دەیـەوێت واقیعێکـی هـەقیقی ئاشکرا بکـات و لایەنـە هۆشـەکیی و ناهۆشـەکییەکە بێتـە جێگـرەوی زاراوە و چەمکی ئایدیۆلۆژیا، لەهەمانکاتدا ئـەم لایەنـە هۆشـەکیی و ناهۆشـەکییە چەندین دەلالەتی دژبەر پیشان دەدەن. کەواتە لەم سەروبەندەدا تیۆری ڕەخنـەی کولتـووریی بـە "ڤینسـنت لیـتچ" و ناسـنامەی ڕەخنـەی ئەمریکییـەوە بەنـدە و لەیـەکتر جیاناکرێنـەوە، لـە هەمانکاتـدا تیـۆری ڕەخنـەی کولتـووریی هەنـدێکجار پەیوەسـت دەکرێـت بـەدوای مارکیسـییزمەوە بەتایبـەت لەوکاتـەی کـە کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی هـەوڵی بێوچان دەدات لە پێناو بەرقەرارکردنی ئاشتیی و هاوسەنگی ژینگەیی و پاراسـتنی مافـەکانی مـرۆڤ. تیـۆری ڕەخـنەی کولتـووریی هەوڵـی ئەوە دەدات ڕێچکەیەکی خوێندنەوەی بێلایەنانە بگرێتەبەر، بۆ ئەوەی تیشک بخـاتە سـەر چەنـد لایەنێکـی دەقەکە، بە ئامـانجی بە دیارخسـتنی تـۆڕی پەیوەنـدی نێـوان تـوخمە پێکهێنەرەکـانی دەق، لە دواجـاردا خسـتەڕووی واتـــا و واتاگەلێـــک بـــۆ دەقەکە، کە لە قووڵاییەکـــانی دەقەکەوە

هەڵهێنجێنراون. (تاوریریت، ٢٠٠٦، ١٠٩).

تیۆری ڕەخنەی کولتووریی، وەک تیۆرێکی ڕەخنەیی هاوچەرخ پەیوەستە بە بارودۆخ و هەلومەرجی سیاسیی و سەربازیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەوە، بەتایبەت ئەو بارودۆخ و هەلومەرجانەی پەیوەستن بە دنیای ڕۆژئاواو و ئەمریکاوە، بۆیە خودی "ڤینسنت لیتچ" جەخت لەوە دەکاتەوە کە نەوەی یەکەمی هەڵگرانی بەیداخی ڕەخنەی کولتووریی پەیوەستبوونە بە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە ، چالاکی نەوەی یەکەمی هەڵگرانی بەیداخی ڕەخنەی کولتوورییش شوێنکاتەکەیان بۆ نیۆریۆرک و کۆتایی ساڵانی سیی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کە ئەمانە چەندین ڕووناکبیر و بیرمەند بوون وەک "ئیدمۆند ویلسۆن" و "ئەرفەنج" و "فیلیپ ڕاف" کە ئەمانە لەڕێی بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک بەنێوی "پەرتیزان" بوونە پاڵپشتی یەکەمینی ڕەخنەی کولتووریی.

ئاشکرایە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی پێداگری تەنیا لەسەر لایەن و شوێنەوارە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی نێو دەقی ئەدەبیی ناکات، بەڵکو خودی "ڤینسنت لیتچ" جەخت لەوە دەکاتەوە لەپاڵ ئەمانەدا دەبێت بایەخ بە لایەن و شوێنەواری جوانیناسانەی دەقی ئەدەبیی بدرێت، ئەمەش بەو واتایەی بۆ خوێندنەوەی ئەدەبیی پێویستە ڕەچاوی چەند لایەنێکی دەق بکرێن، لەپێناو بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان لایەنە جیاجیاکانی دەقدا. پرۆژەی ڕەخنەی کولتووریی ئاسۆیەکی جۆرایەتیی و کەموێنەی بەڕووی دەقدا کردەوە، کە لە پێشوودا دەق تاڕادەیەک بەهۆی تێڕوانین و ڕوانگەی چەند تیۆر و میتۆدێک قەتیس مابوویەوە لە چەند بابەتێکی بەرتەسک، بەڵام ئەم تیۆرە بازنەی خوێندنەوەی دەقی بەرفراوان کرد. لەهەمانکاتدا وا لە خوێنەر دەکات ڕۆڵی نێوەندگیری لەنێوان دەق و کولتووردا بگێڕێت و بە هۆشیارییەکی کەموێنەوە مامەڵە

لەگەڵ کولتـــوور و پێکهـــاتە و توخمەکـــانی بکـــات، کە ئەمـــانەش زەمینەسازیین بۆ کردنەوەی واتاکانی دەق. (دایک، ١٩٩٦، ٧٨).

سەرەڕای ئەمانە "ڤینسنت لیتچ" مەبەستییەتی بپرسێت خوێنەر، یان وەرگر کێیە؟ لە چ ئاست و پێگەیەکی مەعریفیی دایە؟ بۆ بەرسڤی ئەم پرسیارانە و پرسیارگەلی تر کە پەیوەستن بە خوێنەرەوە لە دووتوێی تیۆری ڕەخنەی کولتووریی ، "ڤینست لیتچ" پێیوایە خوێنەر و وەرگرانی ڕەخنـەی کولتـووریی ڕۆشـنبیرن، بـەڵام مـەرج نییـە ڕۆشـنبیرێکی دەستەبژێر و ترۆپک بن، دەشێت ڕۆشنبیرێکی پەراوێزخراوی ئەم جیهانە بێت، بەڵام ئەم ڕۆشنبیرە نایەوێت بێدەنگ بێت، بەڵکو کۆشش دەکات لەپێناوی ئەوەی دەنگی هەڵبڕێت و دەنگی بە جیهان بگات لەهەمانکاتدا ئەو ڕۆشنبیرەی، یان ئەو کەسەی کە دەنگی هەڵدەبڕێت نموونەیەکی باڵا و بێوێنە نییە لە چوارچێوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی، بەڵکو ئەو دەنگ هەڵبڕینە دەشێت دەنگی ترپەی شاعیر و ئێش و ئازاری هاونیشتمانییەکی ئاسایی بێت، دەنگێکی ئاسایی کە دەتوانێت نائاســاییبوونەکان بەرجەســتەبکات. بەپێــی تێپەڕبــوونی ســەردەمە جیاوازەکـــان و ڕێبـــاز و قوتابخـــانە و تیـــۆر و میتـــۆدە ئەدەبـــی و ڕەخنەییەکان، واتاگەریی دەق ڕووبەڕووی گۆڕانکاری و وەرچەرخان بۆتەوە. لەسەردەمی زوودا گوتراوە واتا لە ناخ و دڵی شاعیر دایە، بەڵام لە ئێستادا شاعیر، یان ئەدیب تەنیا داهێنەری دەقن و واتاکانی دەق بە خوێنەرەوە بەستراونەتەوە. (الغذامي، ١٩٩٩، ١٠٣).

"ڤینسنت لیتچ" هەوڵیداوە ئەو کەلێن و درزانە پڕبکاتەوە کە لە دووتوێی ڕەخنەی ئەدەبییدا بوونیان هەبووە، یان هەندێک پرس و بابەت لە دووتوێی ئەدەبییدا بوونیان هەبووە، بەڵام نەبوونەتە مایەی تێڕامانی ڕەخنەی ئەدەبیی و وەک پێویست بایەخیان پێنەدراوە، بۆیە لە ڕوانگەی "ڤینسنت لیتچ"ەوە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی سەکۆیەکە بۆ

گرتنەخۆی ئەو پرس و بابەتانەی کە لە چوارچێوەی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتیی و بەڵگەنامەی مێژوویی و چەمکی نووسەر، یان داهێنەری دووانە، کە مەبەست لێیان نووسەر و ژینگەی کولتوورییین, کە ڕۆڵیان دەبێت لە ئاراستەکردنی ڕەوتی دەق و بەرهەمهێنانیدا. وەک چۆن "ڤینسنت لیتچ" لە دنیای ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاواییدا بە پێشەنگ و سەرمەشقی تیۆری ڕەخنەیی کولتووریی لەقەڵەمدەدرێت، بەهەمان وێنە "عبدالله الغذامي "یش لە دنیای ڕەخنەی ئەدەبی عەرەبیدا، لەدووتوێی ڕەخنەی کولتوورییدا بە پێشەنگ و سەرمەشق دادەنرێت. خودی "عبدالله الغذامي" پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی لقێکە لە ڕەخنەی ئەدەبی و بەوشێوەیە لێی جیانەبێتەوە کە ببێتە یەکەیەکی سەربەخۆ دوور لە ڕەخنەی ئەدەبی. ئەم بیروبۆچوون و تێڕوانینەی "عبداللــە الغزامی"ـیش دووپاتکردنەوەی هەمان بیروبۆچوونی "ڤیسنت لیتچ"ـە لەمەڕ ڕەخنەی کولتووریی، کە ئەمەشیان پێیوایە ئەستەمە بتوانرێت هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ڕەخنەی کولتووریی بکێشرێت. (سعدلله، ٢٠٠٧،٥٤).

یەکێک لە مەبەستەکانی "ڤینسنت لیتچ" لە بارەی بایەخدان بە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی ئەوەیە: ڕەخنەی کولتووریی بەهۆشیارییەوە کۆت و بەندەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی بشکێنێت، لەهەمانکاتدا تیۆری ڕەخنەی کولتووری خۆی وەک دیاردەیەکی هزریی و ئەدەبیی ڕەچەشکێن ئاشکرا بکات، ئەمەش بەو واتایەی "ڤینسنت لیتچ" ئەو دەقە ڕەتدەکاتەوە کە لە لایەن دەستە و تاقم و لایەنێکەوە بە ڕادان دەدرێت، هەر ئەو دەق بە ڕادانانەش دەشێت ببێتە مایەی بەرتەسکردنەوەی ئاسۆی خوێنەران. ڕەخنەی کولتووریی گونجاوترین جێگرەوەی ڕەخنەی ئەدەبییە، بەتایبەت کاتێک ڕەوت و تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکان بە کۆن و نوێیەکانەوە دەگەنە قۆناغی پێگەیشتن و دواتر

نائومێدبوون، بەڵام دەکرێت پرسیارێک هەر بە کوردەوە ڕەخنەی کولتووریی جێگرەوەی ڕەخنەی ئەدەبییە؟ ئایا کاتی ئەوە یە جاڕی ڕەخنەی کولتووریی بدەین و مەرگی ڕەخنەی ئەدەبی ڕابگەیەنین؟ وەڵامەکان ئاشکران، ئەستەمە بتوانرێت جاڕی مەرگی ڕەخنەی ئەدەبی ڕابگەیەنرێت، چونکە نەبوونی ڕەخنەی ئەدەبی لەکەداربوون و کلۆربوونی ئەدەبیاتناسی لێدەکەوێتەوە، لە هەمانکاتدا ناکرێت ڕەوت و تیۆر و میتۆدێکی ڕەخنەیی کە بۆ ماوەی چەند ساڵێک برەوی دەوێت و بەهەرمێن دەبێت، ببێتە کوژاندنەوەی کۆی پرۆسەی ڕەخنەی ئەدەبی. (الغذامي، ٢٠٠٠، ٢٠).

بۆیە "ڤینسنت لیتچ" سەرزەنشتی ئەو ناوەندە دامەزراوە کولتوورییانە دەکات کە ڕۆڵی نەرێنی دەگێڕن لە ئاراستەکردنی خوێنەران بە شێوازێکی نەرێنی، ئەڵبەتە سەرزەنشتکردنەکەی تەنیا پەیوەست نییە بەو دەقانەی کە ئەو ناوەند و دامەزراوانە بە ڕادانیان دەدەن، بەڵکو لایەنی ئاخاوتن و تەنانەت گوتاری ئەمانەش دەگرێتەوە. دەبێت ڕۆڵ و ئەرکی ڕەخنەگر وەک لێکۆڵەرێک بێت کە خوێندنەوەی بابەتییانە بۆ دەقە ئەدەبییەکان بکات، دایانبڕێت لە خوێندنەوەی خودیی، چونکە ئاشکرایە خوێندنەوەی خودییانە و نابابەتییانە و ڕاگەیاندنی ململانێ و دژایەتیکردنێکی پێشوەختەیە بۆ خوێندنەوەی دەقەکان و ڕەوتی ڕەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکان. (سلطان، ٢٠١٠، ٦٧).

## تیۆری ڕەخنەی کولتووریی

کاتێک لەسەر زاراوە و چەمکی کولتوور هەڵوەستە دەکەین، بێگومان ڕووبەڕووی هەلومەرجێکی دژوار و دووریانێکی دوور و درێژ دەبینەوە، ئاشکرایە ڕەگوڕیشەی کولتوور بۆ نێو زۆربەی زانستە مرۆڤایەتییەکان و تەنانەت بۆ بەشێک لە زانستە ڕووتەکانیش

درێژبۆتـــەوە، ئەمـــەش وایکـــردووە خوێندنـــەوەی کولتـــوور لەهـــەر گۆشـــەیەکەوە واتـا و مەبەسـتێک بەدەسـتەوە بدات و خـودی زاراوە و چەمکەکە بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدات، لە ئـەنجامی ئەمەشدا گەر زۆر لـە زاراوە و چـەمکی کولتـوور وردنەبینـەوە لێڵایـی و تـەمومژی دووچاری هزر و بیرکردنەوەمان دەبێت.

ئاشـکرایە کولتـوور بـە شارسـتانێتیی و شارسـتانێتیی بوونـەوە شـەتەک دراوە، لـە هەمانکاتـدا بابـەتی و پرسـی کولتـوور وایکـردووە شارسـتانێتیی بـۆ دوو پـاژی سـەرەکی دابـەش ببێـت، پـاژێکی ئـەم شارسـتانییەتە بـە ماددەگـەریی و پێشـکەوتنەکانەوە بەسـتراوە، کـە بـە تەکنـەلۆژیا نـاوزەد دەکرێت، پاژەکـەی تـری شارسـتانێتییش بـە شـت و بابەتە مەعنەوییەکانەوە بەستراوەتەوە، کە تۆوماکی ئاکار و داهێنانی لە خۆیدا کۆکردۆتـەوە بـە کولتـوور دەناسـرێت. کاتێک بـاس لـە زانسـت و پســـپۆڕیی و شارســـتانێتیی و پێشـــکەوتنەکان دەکرێـــت، کولتـــوور و کولتوورگـەیی بەشـێوەیەکی وردتـر خـۆی پیشـاندەدات لـە ئەنجامـدا لەلایەک لەبەرامبەر لێکۆڵینەوە کولتوورییـەکان خۆمـان دەدۆزینـەوە، کە گرنگی و بایـەخ بـە هـەموو توانسـت و چالاکییـەکی کولتووریی مرۆیـی دەدات. لەلایەکیترەوە لە قۆناغێکی ورد و پێشکەوتوو و بابەتییانـەتر لـە بەرامبەر ڕەخنەی کولتووریی دەوەستین، کە کاری لە پێشینەی بریتییە لـە خوێندنـەوە و شـیکردنەوەی دەق و گوتـاری ئـەدەبیی و هونـەریی و جوانیناسانە. هەموو تیۆر و میتۆدێکی ڕەخنەیی لە جوانیدا سنووردارە، سنووردار بەو واتایەی هەریەک لە تیۆر و میتودە ڕەخنەییەکان توانـای وەڵامدانەوەی بەشێک لە پرس و بابەتە ئەدەبییەکانی تێدا بەدیدەکرێت. تیـــۆری ڕەخـــنەی کولتـــووریی گەواهیـــدەری ئەو ڕاســـتییەمان بـــۆ پشتڕاست دەکاتەوە. (الغذامي واصطيف، ٢٠٠٤، ١٢٠).

بەم پێوەدانگە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕەخنەی کولتووریی وەک

زۆربەی تیۆر و میتۆدەکانی پێشوو لە بواری ڕەخنەیی ئەدەبییدا هەر تەنیا پەیوەست نییە بە لایەنێکی دیارکراوی هاوکێشەی دەق و داهێنەری دەق و خوێنەرەوە، بەڵکو تیۆری ڕەخنەی کولتووریی پەیوەستە بە دەق و داهێنەری دەق و خوێنەرەکەی، تەنانەت پەیوەستە بە دەوروبەرەکەی و مەبەستگەریی و خودی ڕەخنەگریشەوە، سەرەڕای ئەوانەی ئاماژەمان پێدان ڕەخنەی کولتووریی لە هەندێک هەلومەرج و دۆخدا بە ڕەخنەیەکی ئایدیۆلۆژیی و بیروباوەڕخوازیی و هزریی لە قەڵەم دەدرێت، ئەمەش لەو هەلومەرج و دۆخانە زێتر ڕوون دەبێتەوە کاتێک خوێندنەوە بۆ دەقێک دەکرێت بە گوێرەی ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژیا و ئایدیۆلۆژیاکان تیشکی ئاراستە دەکرێت، یاخود تا چەند دەقەکە و خودی داهێنەری دەقەکە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و مێژوویی و ئابووریی و هزرییەوە، هەموو ئەمانە، یان بەشێکیان لێ ئاشکرا دەکرێت. تیۆری ڕەخنەی کولتووریی بە ئاراستەیەک کاردەکات کە جیاوازی نێوان چین و توێژ و کەسایەتیی دەستەبژێر و چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگا بەرەو کاڵبوونەوە ببات.

دەشێت کەم تا زۆر تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکانی تر نەیانتوانی بێت سەرلەبەری لایەنە شاراوەکانی دەق ڕۆشنبکەنەوە و بیخەنەر بەر کنە و پشکنین، بۆ ئەم مەبەستە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی ئامانجیەتی شتێکی نوێ و جیاوازتر بۆ لایەنە شاراوەکانی دەق پێشکەش بکات کە لەمەو پێشتر وەک پێویست ئاوڕیان لێنەداوەتەوە. ناکرێت کردەی ڕەخنەیی لە چوارچێوەیەکی تەسکدا گیربخوات، چونکە خودی کردەکە، تەواوکەری کردەی هزر و زانینە، کردەی ڕەخنە لەکن ڕەخنەگرانی هاوچەرخ بریتییە لە ڕزگارکردنی دەق لەو بەندوبارانەی کە لە کۆندا خراوەتە سەر دەق و داهێنانی ئەدەبی. (ویلیک، ١٩٨٩، ٣٠٨).

لێرە و لەوێ و بەمەست و بێ مەبەست تێڕوانین و ڕوانگەی

جیاواز جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕەخنەی ئەدەبیی و ڕەخنەی کولتووریی تەواو لەیەکتر جیان، بۆیە دەبێت هێڵێکی پان و تۆخ لە نێوانیان بکێشرێت لەیەکتردا ببڕێندرێن لەبەرامبەر ئەمەدا ڕەوتێکی تر پێداگری لەوە دەکەنەوە کە ڕەخنەی ئەدەبیی و کولتووریی ناکرێت لەیەکتر جیابکرێنەوە و پەیوەندییان بەیەکترەوە نەمێنێت، چونکە ڕەخنەی کولتووریی تەواوکەری ڕێگا و ڕەوت و ئاڕاستە جیاجیاکانی ڕەخنەی ئەدەبییە. ئەستەمە بتوانین ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی کولتووریی لەیەکتر داببڕین، چونکە هەردووکیان ڕاستەوخۆ لە پانتایی ژینگە ئەدەبییەکەوە چەکەرەیان کردووە، بەدەر نین لە کاریگەرییە ناوەکییەکان وەک توخمی دنیای ئەدەبیات، کاریگەرییە دەرەکییەکان وەک ڕوانگەی کۆمەڵایەتیی و مێژوویی و سیاسی... هتد، کە لەدواجاردا هەردووکیان کار لەیەکتر دەکەن. (نیوتن، ١٩٩٦، ٢٩).

هەر لە دووتوێی تیۆری ڕەخنەی کولتوورییدا بایەخی چێژە ئەدەبییەکە زیاتر ڕەچاودەکرێت، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی ڕەخنەی کولتووریی بە بەراورد بە تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکانی تر واقیعبینانەتر مامەڵە لەگەڵ هەست و نەستەکانی خوێنەر دەکات، تەنانەت هەر بە ئەوەندەش ناوەستێت، بەڵکو دەپرژێتە سەر کۆهەست و نەست، کە بێگومان ئەمەش مەسەلەیەکی هەرە هەستیاری بەشێک لە دەقە ئەدەبییەکانە.

تیۆری ڕەخنەی کولتووریی جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت ناسنامەی کەسایەتیی داهێنەری دەق بدۆزینەوە و دەستنیشانی بکەین. دەشێت بپرسین مەبەست لە ناسنامەی کەسایەتیی داهێنەری دەق چییە؟ یاخود پرسیارەکە بە ئاڕاستەیەکی تر، کێیەتیی داهێنەری دەق؟ لە وەڵامی ئەمەدا تیۆری ڕەخنەی کولتووریی یەکێتیی داهێنەری دەق بەئامانج دەکات، نەک یەکێیەتییەک پەیوەست بێت بەخودی لایەن و

ویستگە تایبەتییەکانی ژیاننامەی داهێنەری دەق، بەڵکو لێرەدا یەکێتییەک دەبێت لە ڕێی بەرهەم و داهێنانی دەق ئەدەبییەوە بێتە ئاراوە. وەڵامی پرسیارەکە بە شێوازێکی تر، نووسەری دەق و دەقنووس گەلێک زۆرن، بەڵام تیۆری ڕەخنەی کولتووریی لێرەدا پەرۆشی ئەوەیە لەنێو ئەو هەموو زۆری و بۆرییەی نووسەرانی دەق، ناسنامەی کەسایەتیی داهێنەرێکی دەقی ئەدەبیی، یان دووان و سێیان بدۆزێتەوە و دەستنیشانیان بکات. دەتوانین بڵێین: یەکێک لەو هۆکارانەی کە وا دەکات کە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی، دووچاری ڕق لێبوونەوە بێت، پەیوەستە بە بیرکردنەوەی تاکەکانەوە، بینینی ڕاستییەکان لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیانەوە، بەڵام وەک دەزانرێت ئەم تیۆرە بەرجەستەکەری چەندین لایەنی دەقی ئەدەبییە، کە ئەمەش وا دەکات ڕەخنەگر و توێژەر و خوێنەران بە پیریەوە بچن، نەوەک لێوەی دووربکەونەوە. (مصلوح، ٢٠٠٤، ١٩).

ئاشکرایە ئەدەب وەک زانستێک لە چوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان پۆلێنبەند کراوە، ئەمەش ئەو دەگەیەنێت ئەدەبناسیی میانەی لەگەڵ ئەم زانستانە بەهێزترە بە بەراورد بە زانستەکانی تر، بەم پێودانگە تیۆری ڕەخنەی کولتوورییش جەخت لە بەهێزتربوونی میانەی نێوان زانستە مرۆڤایەتییەکان دەکاتەوە لەگەڵ ئەدەبناسییدا، بە دیارکراویش زانستەکانی وەکو: کۆمەڵناسیی، مێژووناسیی، دەروونناسیی و فەلسەفە... هتد. دەشێت بپرسین میانەی ئەدەبناسیی و بە دیارکراوی لەنێو ئەدەبدا ڕەخنەی ئەدەبیی چییە بە زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە؟ یان زەمینەی بوونی ڕەخنەگری ئەدەبیی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ لە بەرسڤی ئەوەدا دەڵێین: بەر لەوەی ڕەخنەگری ئەدەبیی بوونی هەبێت وەک پسپۆڕییەک، بێگومان مرۆڤێکی ڕەخنەگر دەوڵەمەند و شارەزا بە زانستەکانی تر بوونی هەبووە، ئەو مرۆڤە ڕەخنەگرە

یەکێکە لە بنەما هەرە بەهێز و دامەزراوەکانی هاتنە ئارای ڕەخنەگرێکی ئەدەبیی. بۆ ئەو مەبەستە کاتێک ڕەخنەی کولتووریی جەخت لەمیانەی بەهێزبوونی نێوان ئەدەبناسیی و زانستە مرۆڤایەتییەکان دەکاتەوە، بۆ ئەوەیە کە بڵێت: لە دووتوێی دەقێکی ئەدەبیی چەندین بیر و بیرۆکە و بابەتی زانستەکانی تر بوونیان هەیە و ڕەنگڕێژکراون، بەڵام ئەمە واتای ئەوەیە کە دەقی ئەدەبیی تەنیا گوزارشت لە زانستەکانی تر دەکات و گوزارشت لە ئەدەبیبوونی خۆی ناکاتەوە؟ بۆیە لێرەدا دەڵێین: لەنێو دەقی ئەدەبیی زانستگەلێک بەدی دەکرێن و خۆیان دەنوێنن، کەچی دەقی ئەدەبیی گوزارشت لە ئەدەبی بوونی خۆی دەکات و لە هیچ زانستێک ناچێت و لە بەرگگرتنەوەی هیچ زانستێکی تر نییە. پشتگیریکەرانی تیۆری ڕەخنەی کولتووریی مەبەستییانە نەخشەیەکی نوێ لە دووتوێی خوێندنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا بکێشن، کە وەڵامێک بێت بۆ کاریگەرییەکانی ئاوەز و سۆز کە دوو لایەنی زیندووی مرۆڤن و هەمیشە ئامادەییان هەیە لەنێو دەقی ئەدەبیدا. (حواس، ٢٠٠٥، ٧٧).

بە واتایەکی تر بۆ خوێندنەوە و کێومالکردنی دەقی ئەدەبیی سەرەتا پێویستیمان بە مرۆڤێکی ڕەخنەگرە، ئینجا ڕەخنەگرێکی ئەدەبیی، کە تەی کردبێت بەنێو کایەی زۆربەی زانستە مرۆڤایەتییەکان و لە نێویشیاندا کۆمەڵناسیی، دەروونناسیی، مێژووناسیی، فەلسەفە، ... هتد، چونکە گەر ڕەخنەگرێکی ئاوا بوونی نەبێت ئەستەمە بتوانرێت ڕەهەندە مەعریفییە جیاجیاکانی دەق دەستنیشان بکرێن و خوێندنەوە و وردبوونەوەیان بۆ بکرێت.

تیۆری ڕەخنەی کولتووریی وەک چۆن دەیەوێت و مەبەستییەتی ببێتە پردی بەیەکترگەیشتنی ئەدەبناسیی و کایە و زانستە مرۆڤایەتییەکان، بە هەمان دووری و پانتایی جەخت لە پەیڕەوی بەهێزی نێوان دنیای سیاسەت و ئەدەبیات دەکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە

هەڵوەستە لەسەر هەژموونی دەسەڵاتی سیاسیی دەکات بەسەر ڕۆشنبیرەوە، لە هەمانکاتدا هەژموونی گوتاری ڕۆشنبیریی و ڕۆشنبیران، لەم چوارچێوەیەشدا ئەدەب و ئەدیبان بەسەر هەژموونی دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی سیاسییەوە. کەواتە لەم چوارچێوەی کە ئاماژەمان پێدا دەکەوینە نێو گومان و پرسیار و گفتوگۆکردنەوە لەمەڕ دنیای ئەدەب و سیاسەت. حەز و ئارەزوو و دواتر پێداگری لە نێوان سیاسەت و ئەدەب و هونەر لە مارکسییزمەوە سەرچاوەی گرتووە، مارکسیستەکان هەوڵی شێلگیرانەیان دەدا بچنە نێو قووڵاییەکانی سیاسەتەوە، بە هەموو چەشنێک پێداگری و جەختکردنەوەیان دەکرد لە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەت لەنێو هونەردا، بەمەبەستی فەراهەمکردنی چالاکی سیاسیی و شۆڕشگێڕیی. (لیتش، ٢٠٠٠، ٤٠).

بۆیە دەشێت بپرسین کاتێک تیۆری ڕەخنەی کولتووریی جەخت لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەت و ڕۆشنبیران دەکاتەوە مەبەستی ئەوەیە بڵێت: دەبێت دنیای ئەدەب لەلایەن سیاسەتەوە داگیربکرێت و ئاڕاستە بکرێت؟ یان وەک دوو بابەت و کایە و زانست لێیان بڕوانرێت؟ لێرەدا تیۆری ڕەخنەی کولتووریی بەرسڤی ئەم پرسیارانە و پرسیارگەلی تر دەداتەوە لەبارەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و سیاسەتەوە، لەم ڕووەوە ڕوانگەی ڕەخنەی کولتووریی بەرچاوی ڕۆشنە لە بارەی ئەم پەیوەندییەوە، بۆیە جەخت لەوە دەکاتەوە سیاسەت لەنێو کایە و دنیای ئەدەبیی بابەتێکە، نەوەک خودی ئەدەبە، بێگومان نووسین و چنینی ئەدەبیش بە هزر و بیرکردنەوە و ئاوازی سیاسییەوە، یان سەد لە سەد بارگاوییبوون بە دنیای سیاسەتەوە بابەتێکی ترە، هێندەی بەرهەمهێنەری گوتاری سیاسییە، هێندە بەرهەمهێنەری گوتاری ئەدەبیی نییە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی نابێت ئەدەب لەلایەن سیاسەت و دەسەڵاتدارانی سیاسییەوە جڵەوگیر بکرێت.

ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین نزیکبوونەوە لە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی، پێویستی بە پاشخانی زانست و زانینێکی بەرزی ڕوانگەی ئەدەبی و نائەدەبی هەیە. چونکە ئاشکرایە پەیوەندی نێوان زانست و لقەکانی تری زانین جا سروشتی بن، یان مرۆیی، یاخود هونەریی هەر لەخۆیەوە سەریهەڵنەداوە، بێگومان لە دواجاریشدا لەنێو سیستەمێکی گەردوونیدا کارلێک دەکەن. (بلال، ٢٠٠٩، ٠٧). بە واتایەکی تر تیۆری ڕەخنەی کولتووریی لەم ڕوانگەیەوە لە بابەت و کایە و زانستە مرۆڤایەتییەکان و تەنانەت زانستە ڕووتەکانیش وردەبێتەوە کە دەقی ئەدەبیی دەتوانێت هەموو ئەمانە، یان ڕاستتر بڵێین: بەشێک لەمانە لەخۆدەگرێت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، بە مەرجی ئەوەی دەقی ئەدەبیی سەکۆیەک بێت بەرهەمهێنەری ئەدەبیبوون بێت، نەوەک بابەت و شتێکی تر و دەقی ئەدەبیی ببێتە پاشکۆی کایە و زانستە مرۆڤایەتییەکان و سەکۆی دەنگدانەوەیان. لە دوای سەرهەڵدانی ڕەخنەی کولتووریی وەک ڕێوشوێنێک بۆ خوێندنەوە و وردبوونەوە لە گوتاری ئەدەبی و نائەدەبی، پرسیارێکی بنەڕەتی دێتەکایەوە، ئایا ڕەخنەی کولتووریی شوێنگرەوەی ڕەخنەی ئەدەبییە؟ یان درێژەپێدەری ڕەوتی ڕەخنەیی و تیۆرە ڕەخنەییەکانە؟ بێگومان ئەوەی لە چوارچێوەی تیۆری ڕەخنەی کولتوورییدا بەدیدەکرێت درێژەپێدەری کردەی ڕەخنەی ئەدەبییە، بەڵام بە ڕێوشوێن و تێڕوانین و کەرستەی جیاواز لە ئەوانی پێشوو (الغذامي و اصطیف، ٢٠٠٤، ١٢٠).

لە چوارچێوەی تیۆری ڕەخنەی کولتووریی شتێک نامێنێتەوە بە ناوی پەراوێزخستن و وەلانان و نەخوێندنەوەی ئەم، یان ئەو، ئەو توێژە، یان ئەو چینە، ئەو ڕەگەزە، یان ئەم ڕەگەزە، ئەو نەژادە، یان ئەم نەژادە، ... هتد، بەڵکو تیۆری ڕەخنەی کولتووریی بە بەرنامەی بۆ داڕێژراو کار بۆ ئەوە دەکات ئەو کەس و دەستە و چین و توێژ و

ڕەگەز و نەژادانەی وەلانراون و پەراوێزخراون، سەرلەنوێ ئەدەبیات و ئەدەبیاتناسیی بایەخیان پێبدات، سەنگ و قورساییان بە دەست بێننەوە. کەواتە لێرەدا پەیام و ئەرکی ئەدەب گیرسانەوەیە لەسەر بوون بە بەشێک لە چارەسەرییەکان و تێپەڕاندنی بەشێک لە ئاریشە و لەمپەرەکانی بەردەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی و گەڕاندنەوەی مرۆڤ بۆ سەر ڕەهەندی خۆڕسکییانە و دووکەوتنەوە لە ڕەهەندی مێژووکرد و دەستکردانە.

یەکێک لەو پرس و بابەت و لایەنە هەستیارەی کە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی بە گرنگی و بایەخەوە لێیدەڕوانێت و لێی وردەبێتەوە ئەدەبیاتی نەتەوایەتی و جیهانییە، ئەمەش بەو ئاراستەیەی کە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی جەخت لەوە دەکاتەوە ناکرێت ئەدەبیات هەر لە جوغزێکی بەرتەسک بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێت هەنگاو بنێت بۆ پانتاییەکی بەرفراوان، ئەدەبیاتی نەتەوەیەک، میللەت و گەلێک دەبێت خۆی لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی جیهانییدا بناسێنێت. نووسەر و ڕەخنەگر "حفناوی بعلی" بیروچوون و تێڕوانینی خۆی لەبارەی تیۆری ڕەخنەی کولتوورییەوە دەخاتەڕوو، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەخنەیە پەیوەستە بە کۆمەڵێک لە ناونیشان و بابەت و پرس و مەسەلەوە، وەک: تەکنۆلۆژیا، ڕۆمانی زانستی خەیاڵی، برەودان بە کولتووری وێنە لە میدیا و سۆشیال میدیا، ئەنترۆپۆلۆژیای ڕەخنەیی، هێما بەراوردکارییەکان، لێکۆڵینەوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆژهەڵاتناسی، گوتاری کۆلۆنیالیزم، فرەکولتووری، لێکۆڵینەوە لە فێمێنیست و جێندەر، ڕەخنەی ژینگەیی، کولتووری ژینگەیی، کولتووری جیهانگیری... هتد. (بعلي، ٢٠٠٧، ١١).

لە لایەکیترەوە لە چوارچێوەی تیۆری ڕەخنەی کولتوورییدا دەکرێت پرسیارێک بکەین، ئایا ئەو ئەدەب و ئەدەبیاتەی بەرەو

ئەدەبیاتی جیهانیی هەنگاو دەنێت دەبێت لە ڕێی زۆرلێکردن و فشاری سیاسیی و ئابووریی و ئایینیی و سەربازییەوە بێت؟ یان دەکرێت لە ڕێی داهێنانی تاکەکەسیی و کۆداهێنانەوە بەرهەم بێت و پاڵپشت بە توانای مەعریفیی و لایەنی هونەریی و بنەمای ئیستاتیکیی بێت؟ بێگومان بڕگەی دووەمی پرسیارەکە هەڵگری وەڵامەکەیە، ئەمەیان ڕێگا ڕاست و ڕەوان و پەسەندکراو و سروشتییەکەیە، توانای مەعریفیی و دەوڵەمەندی لایەنی هونەریی و بنەمای ئیستاتیکیی و دەوڵەمەندی فەرهەنگی وشەکانی ئەدیبێک، کە بە هەموو ئەمانەوە گڕوتین و هێز دەدەنە خامەی ئەو ئەدیبە ڕۆڵی کارا دەبینین بۆئەوەی ئەدەبیاتی نەتەوایەتیی هەنگاو بەرەو ئەدەبیاتی جیهانیی بنێت.

یەکێک لەو لایەنە سەرەکییانەی کە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی پێدەناسرێتەوە بریتییە لە چالاکییەکی ڕۆشنبیریی هەمەلایەنە لەپاڵ چالاکییە ڕەخنەییەکان، ئەمەش هۆکارێکە کە وایکردووە ڕەخنەی کولتووریی ببێتە دیاردەیەکی ئەدەبیی، لە هەمبەر چەند تیۆر و میتۆدێکی ڕەخنەی ئەدەبیی، کە پانتایی ئەدەبییان تا ڕادەیەک زۆر بەرتەسک بۆوە و لە قاڵبیان دابوو، ئەمەش بەو پێودانگەی کە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی پەیوەندی بە دەق و دەقنووس و خوێنەر و تەنانەت ڕەخنەگر و ژینگە و شوێنکاتی مەبەستەوە هەیە. سەرەڕای ئەمانەش تیۆری ڕەخنەی کولتووریی تاڕادەیەک تیۆرێکی هەمەگیرە، هەر تەنیا پەیوەست نییە بە دەقی ئەدەبییەوە، بەڵکو پەیوەستە بە گوتارەوەش، جا ئەو گوتارە لەکردەی ئاخاوتنەوە سەرچاوەی گرت بێت، یان لە کردەی نووسینەوە. (الغذامي، ٢٠٠١، ١٣). تیۆری ڕەخنەی کولتووریی بە مەبەست لە چەندین دۆخدا چاوپۆشی دەکات و خۆی دەبوورێت لە هەندێک لایەنە هونەریی و جوانکارییەکان، خۆی تەرخان دەکات بۆ شەنوکەوکردن و داماڵینی ئەو کەموکوڕیی و خەوش و

نەنگییانــەی کــە ڕەگوڕیشــەیان ڕۆچــووە بــەنێو کولتــوور و ڕەفتــاری بەشــێک لــە کۆمــەڵگای مرۆڤایەتییــەوە. کەواتــە لەمانــەوە بۆمــان ڕووندەبێتــەوە، کــە ڕەخنــەی کولتــووریی وەک یــەکێک لــە تیــۆرە هاوچەرخـەکانی ڕەخنـەی ئـەدەبیی، ڕەخنـەی ئـەدەبیی نـوێ بکاتـەوە و گیانێکی تازە و لێوانلێو لـە جووڵـەی هەمەلایەنـەی پێببەخشـێت، ئەمـەش واتـای ئـەوە ناگەیـەنێت کـە تیـۆری ڕەخنـەی کولتـووریی دەقـاودەق بـە ڕەخنـە لـە کولتوورییەکـە خەوشـدار بکـەین، چونکـە ئاشـکرایە تیـۆری ڕەخنــەی کولتــووریی پشــت ئەســتوورە بــە چەنــدین مەعریفــە و لقــی مەعریفییــەوە وەک مرۆڤناســیی و کۆمەڵناســیی و فەلســەفە و تەنانــەت میدیا و گوتاری میدیاییشەوە، ... هتد.

لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی سـەر بە دنیای گەڕان و پشکنین و دۆزینـەوە و دەستنیشـانکردنە و بۆ شـێوە و شێواز و سیستمە کولتوورییە جیاوازییەکان، لـە ئـەنجامی ئەمـەدا بیـر و بیرۆکەیەک، یان دەق و گوتارێک دەسازێت بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەی کولتوورە جیاوازەکان، کە لـە نائاگایی ئاست و دیاردەکانی زمـان، یـان لـەنێو وێنـە و ئەندێشـە ئەدەبییـەکان خۆیـان حەشـارداوە بـە تـاریکی و شــاردراوە و پــەنهانی ماونەتــەوە، وا پێویســت دەکــات ڕۆشــناییان بخرێتەســـەر و ئاشــکرا و ڕوونبکرێنــەوە. کەواتــە تیــۆری ڕەخــنەی کولتووریی چالاکییەکی هزرییە، خۆی تەنیا بە ڕابردووەوە نابەستێتەوە، بەڵکـو مەبەسـتییەتی لە هەمـبەر پێشـکەوتنەکان لە ڕێـی وردبـوونەوە و بیرکـردنەوە و لێکۆڵینەوەکـان  دەستەوەسـتان نەوەسـتێت. (الرویلـي و البازعي، ٢٠٠٢، ٣٠٥).

یـەکێک لـەو لایەنانـەی کـە تیـۆری ڕەخنـەی کولتـووریی جـەختی لێدەکاتـەوە چوارچێـوەی کولتوورییـە، ئەمـەش بـەو واتایـەی ئـەدەب و دەقی ئەدەبیی بە چوارچێوە کولتوورییە شـاراوە و ئاشـکرا نـەکراوەکان

بەستراوەتەوە و جوانیی پێدەبەخشێت، لە کاتێکدا زۆربەی هەوادار و خوێنەر و ڕەخنەگرانی ئەدەب بە چەندین شت و بابەتی وەک وێنە و زمان و لایەنی هونەریی و جوانیی و ڕەوانبێژی و ئەندێشەوە، ... هتد، ڕاهاتوون و تاڕادەیەک لایان بۆتە چوارچێوەیەکی ئاسایی و وەک لایەنێکی نەگۆڕی دەقی ئەدەبیی خۆیان دەنوێنن، بەڵام بەدەر لە هەریەک لەمانە لە دووتوێی هەر دەقێکی ئەدەبیی بە وردبوونەوەی زێترمان لەلایەنە گۆڕاو و جوڵاو و پڕ بزاڤەکەی دەق دەبینین، کە ئەمانە هەر ختووکەی هەست و نەستمان نادەن، بەڵکو بەرەو عەقڵانییەت و بیرکردنەوەی زێتر و هۆشیارییەکی بەرفراوانتر ئاڕاستەمان دەکەن. سیستەمی کولتوور و دەق بە ئاڵۆزی و تێکچڕژاوی دەناسرێنەوە، بۆیە ڕەخنەی کولتووریی هەوڵدەدات لەنێو دەقدا ئەرزش بۆ بەشێک لە بەها کولتوورییەکان بگەڕێنێتەوە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی چەندین بەهای کولتووریی لەلایەن دەقی ئەدەبییەوە هەڵمژراون. (علوش، ٢٠١٠، ١١٠).

تیۆری ڕەخنەی کولتووریی بەو ئاڕاستەیە دەجووڵێت کە قەدەغە و قەدەغەکراوەکان دەستنیشان بکات، هەر بەهێندەش ناوەستێت، بەڵکو مەبەستییەتی بەشێک، یان زۆربەی قەدەغە و قەدەغەکراوەکان بشکێنێت و وەک هەر باس و خواسێک باسیان بکات و تیشکیان بخاتەسەر، لەکاتێکدا ئەو قەدەغە و قەدەغەکراوانە تاڕادەیەک بەگوتارێکی شاراوە و نەگوتراو و پەنهان تەنراون، بۆیە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی دەیەوێت ئەو گوتارانە ئاشکرا بکات و بەشێوازێکی بێ ڕتووش بیڵێت و ئاساییان بکاتەوە. ئەمەش بەو واتایەی کە کولتووره لە قاڵبدراوەکان کە زۆربەی کەرەت بەرهەمهێنەری سیستەمی ناعەقڵانین و شیتەڵ بکرێن و هەڵبوەشێنرێنەوە و ڕوونبکرێنەوە، یان هەر هیچ نەبێت کەمبکرێنەوە و بەرهەڵستی بکرێن و ئاشکرا بکرێن، کە ئەم کولتووره لە قاڵبدراوانە

کۆمەڵگا و جومگەکانی لەسەر بەکاربردن و بەرخۆیی دەگیرسێننەوە دووریان دەخەنەوە لە نوێبوونەوە و بەرهەمهێنان، گەر چاوێک بەم کولتوورە لە قاڵبدراوانە بخشێنین دەبینین وەک دەزگا و دامەزراوەیەکی تۆکمە وان، مەگەر تەنیا بە بەرهەڵستی کردن و بەرەنگاربوونەوە لێیان ڕزگاربین. نابێت بڕیاری پێشوەختە بدەین کاتێک بەریەککەوتنمان لەگەڵ تیۆری ڕەخنەی کولتووریی دەبێت، لەهەمانکاتدا لەو ڕوانگەوە لێیبڕوانین کە سەرلەنوێ لەبەرگگرتنەوەی سیستەمە کولتوورییە کۆمەڵایەتییەکانە، هیچ ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی نییە بۆ دەقی ئەدەبییەکان. (المصباحي، ٢٠١٥، ٠٩).

هێندە گەڕان و تێڕامان و وردبوونەوە و دۆزینەوە بە نێو گوتارە نەگوتراو و ئاشکرا نەکراوەکانی نێو دەقی ئەدەبیی، بەریەککەوتن لەگەڵ لایەنە گۆڕاوەکانی دەقی ئەدەبیی، وای لە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی کردووە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاکو چەکەرەکردنی، جۆرێک لە دابەشبوون لە نێوان نووسەر و ڕەخنەگر و بیرمەندان بێنێتە ئاراوە، دەمەقاڵێی و وەڵام و وەڵامکاریی و گفتوگۆ و لێدوانی نەبڕاوە بەرهەمەکەی بێت، بۆیە بەشێک لەمانە پشتگیری و لایەنگیری داکۆکی لە ڕەخنەی ئەدەبیی دەکەن، بیانوو و بەڵگەی بەهێزیشیان بۆ ئەمە، ئەوەیە کە ڕەخنەی ئەدەبیی گوزارشتێکی ڕوون لە ئەدەب و ئەدەبناسیی دەکەن، لە بەرامبەر ئەمانەدا بەشێکی تر پشتگیری و لایەنگیری و داکۆکی لە ڕەخنەی کولتووریی دەکەن، پێیانوایە لە سەردەمی هاوچەرخدا تیۆری ڕەخنەی کولتووریی سەرگەرمی وردەکارییەکانی نێو ئەدەب و ئەدەبناسییە، ئەم وردەکارییانە زێتر هەڵدەگرن، واقیعبینانەتر خۆیان دەنوێنن، پێویستییان بە وردبوونەوەی زێترە، بۆیە تیۆری ڕەخنەیی کولتووریی ڕێگا ڕاست و دروستەکەی ڕۆژگاری ئەمڕۆیە. تیۆری ڕەخنەی کولتووریی پرۆژەیەکی نوێی

توێژینەوەیە کە هەوڵدەدات سوود لە بەشێکی تیۆر و میتۆدەکانی تری ڕەخنەیی وەربگرێت، هەروەها ئەو بۆشایی و کەلێنانە تاڕادەیەک پڕبکاتەوە کە لەنێو ڕەخنەی ئەدەبی بوونیان هەبووە. ئەم تیۆرە بەو ئاڕاستەیە کاردەکات کە کارلێکی نێوان تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکان و دەقی ئەدەبی بەردەوامی هەبێت، لەپێناو سازاندنی مشتومڕ و لەیەکترتێگەیشتن، کە کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەبێت بەسەر بیرکردنەوەیەکی ئاوەزمەندانە. (بن نوار، ٢٠١٢، ٨٠).

هەندێک لە نووسەر و ئەدیب و ڕەخنەگران پێیانوایە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی ڕاستە سەر بە دنیای ئەدەبیاتناسییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لە تیۆرەکە وردبینەوە ڕەخنەی کولتووریی چەند هەنگاوێک دوورکەوتنەوەیە لە ئەدەبیاتناسیی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە سەرلەبەری زەمینەی ڕەخنەی کولتووریی لە واقیعێکی ڕوونەوە سەرچاوەی گرتووە، بانگەوازێکی ڕاشکاوانەیە بۆ واقیعییەتی ژیان، چەشنە واقعێک بوار بە وردەکارییە هونەرییەکان و لایەنە ئیستاتیکییەکانی دەق نادات، لە ئەنجامی ئەمەشدا لەکەدارکردنی چێژە ئەدەبییەکە دێتە ئاراوە. بە واتایەکی تر پێیانوایە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی لە دووتوێی ئەدەبیاتناسییدا گەلێک سنوورداره و ئەمەش دەبێتە داتەپینی لایەنی ئەدەبیی بوونی دەق، لە کاتێکدا دەشێت بەشێک لەم بیروبۆچوون و تێڕوانینانە لەمەڕ تیۆری ڕەخنەیی کولتووریی ڕاست بن، کە پەیوەستن بە خودی سروشت و تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەی کولتوورییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا تیۆرەکە وێستگەیەکە بۆ ڕەخنەگرتن لە خود، یان ڕەخنەگرتنە لە کۆمەڵگا، پیشاندانی هەڵە و کێماسی و ناتەواوییەکانە، دواندنی پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگایە، بەرجەستەکردنی دواکەوتوویی و دارمانی شارستانییەتی میللەتێکە بە بەراورد بە بەشێک لە میللەتانی تر، ڕوونکردنەوەی هەلومەرجی

داســـەپاو و نالـــەبارە کـــە دەســـتەیەک، چینێـــک جارێـــان داوە لـــەپێناو دەســـەڵات و فراوانخـــوازیی و جلـــەوگیرییان. ئەم تیـــۆرە هـــاوچەرخە، یەکێک لە ئامانجەکانی ئەوەیە کە دەقی ئەدەبی لە بازنەی خوێندنەوە و هەڵســـــەنگاندنە بەرتەســـــکەکەکان ڕزگاربکـــــات، خوێنـــــدنەوە و هەڵسەنگاندنەکان درێژببنەوە بۆ نێو پانتاییەکانی دەق، ئەمەش لەپێناو فەراهەمکردنی بوارگەلی بەرهەمهێنانی هزری مرۆڤ. (الغذامي، ٢٠١٤، ٧٨).

بۆیـە ئەوانـەی داکـۆکی لـە تیـۆری ڕەخنـەی کولتـووریی دەکـەن، تیۆرەکە بە وەرچەرخان و پێشکەوتنێکی کەموێنەی قۆناغەکانی زانستی ئەدەب لە قەڵەم دەدەن، پێیانوایە ڕەخنەی کولتووریی لە دووتوێی دەقی ئەدەبیی و تەنانەت گوتارە هەمەجۆرەکانیش بە دوای بەها مرۆییەکان وێڵە، ئەو بەهایانەی خزمەت بە مرۆڤایەتیی دەکەن و مرۆڤ لە قاوغە بەرتەسک و چەقبەستووەکان ڕزگاردەکەن. بۆ نموونە بەشێک لەو بەها مرۆییانـەی کـە تیـۆری ڕەخنـەی کولتـووریی بـە مەبەسـت بـەدوایان دەگەڕێت و بەدیارییان دەخات بریتیین: لە بەهاکانی ئازادیی، خوێندنەوە و ناسـینەوەی ئـەویتر، پێزانینـی پـەراوێزخراوان و گەڕاندنـەوەیان بـۆ چـەقی قورسـاییان، دادپـەروەریی، پێناسـاندنەوەی ژن،..هتـد. تیـۆری ڕەخنەی کولتووریی دەیەوێت جووڵە و زیندوویێتی لە ژیـان وەرگرێت، چـونکە بەشـــە زۆرەکەی کولتـــوور بە شـــێوازی ژیـــانەوە پەیوەســـتە. (الرباعي، ٢٠٠٧، ١٥).

لە چوارچێوەی ئەم بەها مرۆییانە و چەندین بەهای مرۆیی تر، ئایا ئەم بەهایانـە بەئاشـکرا لـە دەقە ئەدەبییەکـە ڕەنگرێژکراون و بەئاسـانی دەیاندۆزینـەوە و لێیـان تێدەگـەین؟ بێگومـان بـۆ وەڵامـی ئەمـە تیـۆری ڕەخنەی کۆلتـووریی جـەخت لـە واتـا فراوانـی دەقـی ئـەدەبیی دەکاتـەوە، بۆیە لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنـەی کولتوورییـەوە پێویسـتە ئـەم بەهایانـە

لـەنێو واتاکـانی دەق بدۆزینـەوە، ئاشـکرایە واتاکـانی دەق ئەوەنـدەی بـە جـــوڵاوی و گۆڕاوییـــەوە ناســـراون، بـــە چەســـپاویی و جێگیریـــی ناناسـرێنەوە، هەریـەک لـەم واتایانـەی دەقیش تێڕوانین و گۆشـەنیگا و ڕوانگـــەی جیاجیـــا لــــە ڕەخنـــەگر و خوێنـــەران  بەرهـــەمی هێنـــاون، لەهەماکاتدا ئەو هۆشیارییەی کە ڕەخنـەگرو و خوێنـەران سـازاندوویانە دەبێتە مایەی گەڕان و دۆزینـەوە و دەستنیشـانکردنی ناهۆشـیارییەکانی دەقـە ئەدەبییەکـە و داهێنەرەکـەی، وەک ئاشـکرایە ئـەم ناهۆشـیارییەی بـوونی هەیـە بـەبێ گەیشـتن بـە قـووڵایی واتاکانی دەقەکە وەکو نـەبوو وایــە، ونبــوون و نەگەیشــتن و دەستنیشــانەکردنی قــووڵایی واتاکــانی دەقەکـەش، خـۆی لەخۆیـدا جۆرێکـە لـە کوێرکردنـەوەی، یـان کوشـتنی دەقەکە. بەهـۆی بیرکـردنەوەی ڕەخنەگرانەی ئەدەبییەوە دەتـوانین دەق بەرەو ڕەوتـــی گەشـــەکردن ئاڕاســـتەبکەین. وەک چـــۆن ئەدیـــب مەبەسـتییەتی هۆشـیاریی و لێزانــی خــۆی لەڕێــی دەقەوە بە خــوێنەر بگەیەنێت، هۆشیاریی و لێزانی خـوێنەریش لەڕێی خوێندنەوەی دەق بە واتا بەرفراوانەکەی بەرجەستە دەبێت. (عزالدین، ٢٠٠٣، ٢٢).

گەر لـە مێژووی تیۆرە ڕەخنەییـە ئەدەبییـەکان بڕوانین بـەدرێژایی نزیکـەی بیسـت و پێنج، یـان بیسـت و چـوار سـەدە تـا تیـۆری ڕەخنـەی کولتـــووریی، هـــەموو تیۆرەکـــان لــــە ســـەردەمی جیـــاواز جیـــاوازدا، گورزەتیشـکیان ئاڕاسـتەی دەقـی ئـەدەبیی کـردووە و لـە گۆشـەنیگای جیاجیاوە بە تێڕوانینێکی تر بەدرێژایی ئەو ماوەیـە دوور و درێـژە گـەر بە ڕاستەوخۆش باسی دەقی ئەدەبیی نەکرابێت و ناوی نەهاتبێت، بـەڵام لە دواجاردا هەر دەقە ئەدەبییەکە "ئەدەبەکە" مەبەست بووە، بۆ نموونـە لـە تیۆرێک کـە باسـی ئـەدیب کـراوە و داهێنـەری دەق بـەئامانج کـراوە، نەتوانراوە دەقی ئەدەبیی نادیدە بکرێت، یـان لـە تیـۆر و چەند تیـۆرێکی تـر تیشـک خراوەتەسـەر وەرگـر، ئەسـتەم بـووە دەقـە ئەدەبییەکـە لـە

بیربکرێت و پەراوێزبخرێت و خوێندنەوەی بۆ نەکرێت. (ساردار و لون، ٢٠٠٣، ٨).

بۆیە دەقە ئەدەبییەکان بەپێی زۆربەی تیۆرە ڕەخنەییەکان دەبنە چەقی ئەدەبیات و ئەدەبیاتناسیی، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە بڵێین: لە دووتوێی ڕەخنەی کولتوورییدا ڕاستە دەقی ئەدەبیی بایەخی پێدەدرێت، بەڵام لەپاڵ دەقە ئەدەبییەکە چەندین دەقی تر دەبنە پرۆژەی خوێندنەوە و وردبوونەوەی ڕەخنەی کولتووریی، بێگومان ئەمەش جۆرێکە لە بازدان و تێپەڕاندنی سەرجەم تیۆرە ڕەخنەییەکانی تر، مەرج نییە چیتر ئەو دەقەی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە دەکرێت داهێنەرەکەی ئەدیبێک بێت، بەڵکو دەشێت داهێنەرەکەی نووسەر، ڕۆشنبیر، توێژەر، یان بیرمەندێک بێت، کاتێک ئاماژە بەو داهێنەرانە دەکەین کە لە بواری جیاجیادا دەق و گوتاریان سازاندووە، بێگومان هەریەک لەمانە کەم تا زۆر پەیوەندییان بەئەدەبیاتناسییەوە هەیە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی لە چوارچێوەی ڕەخنەی کولتوورییدا دەق تەنیا بە بوار و زانست و پسپۆڕییەکەوە نەبەستراوەتەوە. تیۆری ڕەخنەی کولتووریی مەدایەکی بەرفراوانی هەیە لە هەمبەر لێکۆڵینەوە هەمەچەشنەکان لە بواری جیادا. ئەوەی پەیوەستیش بێت بە دەقی ئەدەبییەوە لە پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، کە ئەو دەقە ئەدەبییانە کەم تا زۆر بارگاوین بە سیستەمی کولتووریی کۆمەڵگا مرۆییەکانیان، هەر ئەمەش وایکرد ئەم تیۆرە لە ناوەندە زانستییەکان گرنگییەکی بەرفراوانی پێبدرێت و لەتەک تیۆرەکانی تردا ببێتە تیۆرێکی ئاسایی و باو. (حسيبة، ٢٠١٢، ٢٢٥). کەواتە ڕەخنەی کولتووریی کلیلێکی سەرەکییە کە دەتوانێت دەرگا بەڕووی چەندین دەق و گوتاری هەمە جۆر بکاتەوە، کە بێگومان هەریەک لەم دەق و گوتارانە گەر بەشێوەیەکی گشتیش نەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی بەشەکی پەیوەندییان

بەیەکترەوە هەیە، بە یەکترەوەش پەیوەستن، دەتوانین ئەمەش بە مشتومڕ و گفتوگۆی نێوان دەق و گوتارەکان لە قەڵەم بدەین. ئەمانە لە لایەک، لەلایەکیتر تیۆری ڕەخنەی کولتووریی بەوە دەناسرێتەوە کە خوێندنەوە و وردبوونەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی دەکات، بێگومان ئەمەیان دیسانەوە لە یەکنەچوون و تێپەڕاندنی تیۆرە ڕەخنەییەکانی پێش خۆیەتی گەر ڕەخنەی کولتووریی تێڕوانینی بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی بەمشێوەیە بێت، کە دەڵێین: ڕەخنەی ئەدەبیی مەبەستمانە بڵێین: کۆی پرۆسەی ئەدەبیات بە لق و پۆپە جیاوازەکانییەوە، ئەم تێڕوانینەی ڕەخنەی کولتووریی بۆ ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ تیۆری ڕەخنەی کولتووریی لەدووتوێی ئاخاوتن و دەق و گوتاردا ئەو نەخشە کولتوورییانە دەدۆزێتەوە کە ڕەنگرێژکراون، مەرج نییە ئەو نەخشە کولتوورییانە بە ئاشکرا و دیار و ڕوون خۆی بنوێنن. کە ئەو نەخشە کولتوورییە ئاشکرا و نهێنییانە لە ئەنجامی ڕوانگەی هزریی و سیاسیی و ئابووریی و چینایەتی بەسەر یەکترەوە کەڵەکە بوون، ئەم ئامادەییەی بەردەوامی کولتووریش تەنیا لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان بەدیناکرێت، بەڵکو لە کۆمەڵگای شارستانیش بەدیدەکرێن. لێرەدا بابەتێک خۆی دەنوێنێت بەناوی هۆشیاری کولتوورییەوە، ڕاستە کولتوور بەشێکی بە هۆشیاریی و بەشەکەی تری بە ناهۆشیاریی بەستراوەتەوە، بەڵام سەنگی کولتوور ئەوکاتانە زێتر بەدیار دەکەون کە چۆن مامەڵەیەکی هۆشیارانە لەگەڵ کولتووردا بکەین و بیخەنە خزمەتی بەرژەوەندییە مرۆییەکانەوە. (مجموعة من الكتاب، ١٩٩٧، ٥١).

وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ پرس و مەسەلەی پەیوەست بوونی ئەدەب بە دەستەبژێر و زۆرینەی خەڵک "جەماوەر"پەلکێشمان دەکات بۆ بابەتی تر، پەیوەستبوونی ئەدەبیش بەدەستەبژێرەوە یان جەماوەرەوە پرس و

مەسەلەیەکی لەمێژینەیە بە ڕەوت و ڕێچکە و ڕێباز و تیۆر و میتۆد و قوتابخانەی ئەدەبیی، تەنانەت ڕەخنەییەکانیشەوە پەیوەستە، لێرەدا تیۆری ڕەخنەی کولتووریی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییش لە زۆربەی دۆخ و هەلومەرجە جیاوازەکاندا بەتوێژی دەستەبژێرەوە پەیوەستکراوە، نەوەک بە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگاوە "جەماوەرە"، لە ئەنجامی ئەمەشدا تاڕادەیەک دەق و ڕەخنەی ئەدەبیی گۆشەگیربووە و نەیتوانیووە پەیامەکەی بۆ زۆرینەی کۆمەڵگا بنیرێت و لەگەڵ ئەم زۆرینەیەی کۆمەڵگا کارلێکێکی بەجێ بکات، بۆیە ئەدەب بە واتا بەرفروانەکەی زیانی زۆری کردووە، دەق و ڕەخنەی ئەدەبییش تاڕادەیەک گوزارشتە لە سەکۆی توێژێکی دەستەبژێر، کە ئەمانە ئەدەب لەنێوخۆیاندا دێنن و دەبەن، بەمەش تاڕادەیەک ئەدەب لە بەردەم تولەڕێیەکی نەخوازراو خۆی دەبینێتەوە و دووردەکەوێتەوە لە سروشتەکەی خۆی، ئەو هەماهەنگییەی لە نێوان ئەدەب و جەماوەرەدا پێویستە بوونی هەبێت، بەرەو پوکانەوەی نێوانیان دەچێت و ناهاوسەنگی دێتە ئاراوە. تیۆری ڕەخنەی کولتووریی لە سیستەمێکی نیشانەناسیی دەچێت، کە دەوڵەمەندە بە هێمای هەمەچەشنەوە، ئەم هێمایانە بە تاک و کۆمەڵگاوە پەیوەستن و هەڵگری دەلالەتی خودیی و بابەتیین. لەهەمانکاتدا ئەم تیۆرە دەستبەرداری لایەنی جوانیناسیی دەق نابێت، هەوڵدەدات لەنێو دەقدا ئەو پێوەرانەی پەیوەستن بە جوانیناسییەوە دەستنیشانیان بکات، کە بێگومان کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە بەسەر لایەنی چێژی وەرگرەوە. (عبدالله، ٢٠١٣، ٣٩).

ئاشکرایە کاتێک ئاماژە و باسی ڕەخنەی ئەدەبی دەکرێت، بێدوودڵیی ڕەگوڕیشەکەی بۆ شارستانێتیی و فەیلەسووفانی گریک دەگەڕێنرێتەوە، لەهەمانکاتدا شارستانێتیی گریک و بەدیاریکراوی

"ئەرستۆ"ـی فەیلەسووف، یەکەمین تیۆردانەری تیۆری ئەدەبیی و دانەری یەکەمین کتێبی تیۆری ئەدەبیی "پۆیەتیکا"ـیە، چ شارستانییەکە و چ فەیلەسووفانی جێ پەنجەیان بەتۆخی دیارە لە ئەدەبیاتناسییدا، هەتا ئێرە ئەوەی ئاماژەمان پێکردووە بریتییە لە گێڕانەوەیەکی دیرۆکیی، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە و پەیوەستە بە کرۆکی بابەتەکەمانەوە بریتییە لە پەیوەندی نێوان سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبیی "پێشەنگ و فەیلەسووفانی گریک و دامەزرێنەری بیری ڕەخنەی ئەدەبی"، لەگەڵ ڕەخنەی کولتووریی و ڕەوانبێژییەوە، لێرەدا جۆرێک لە هەستیاریی و بەریەککەوتنی نەرێنی لە نێوان ڕەخنەی کولتووریی و ڕەوانبێژیی دێتە ئاراوە، ڕەخنەی کولتووریی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕەوانبێژیی دنیای ئەدەبی زەوتکردووە، ئەم زەوتکردنەش وایکردووە دنیای ئەدەب بە دەق و ڕەخنە و تیۆری ئەدەبییەوە بەرەو بچووکبوونەوە هەنگاو بنێت، چونکە کۆڵەگە سەرەکییەکەی ڕەوانبێژیی بریتییە لە باڵادەستبوون و جلەوگیری و سەپاندنی جیهانێکی خوازەیی "مەجازیی = میتافۆریی"، کە بەرهەمی ئەم جیهانە خوازەییە بریتییە لە دەق و ڕەخنە و تیۆر و ئەدیب و خوێنەرێکی خوازەییە، لەکاتێکدا هەمووومان پەی بەو نهێنییە دەبەین کە ئەم جیهانە خوازەییە گرنگی و بایەخی فرەی بۆ ئەدەبیاتناسیی هەیە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەلا ڕوون بێت ناکرێت سەرلەبەری جومگەکانی ئەدەبیاتناسیی بەو جیهانە خوازەییە ڕایەڵبکرێن، ئەو جیهانە خوازەییەی کە ڕەوانبێژیی پێداگری لەسەردەکاتەوە و بەسەر زۆربەی ئەدەبیاتناسیی سەپاندوویەتی بەشێکی پەیوەستە پێیەوە، نەوەک سەرلەبەری زانستەکە. لەدووتوێی ڕەخنەی کولتوورییدا، مەبەستی ڕەخنەی کولتووریی ئەوەیە کە ئەرکی کۆمەڵایەتیی و ئەدەبی جێبەجێ بکات و ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی لە قەیرانی چەقبەستوویی ڕزگاربکات، بە تایبەت ئەو بارگرانییانەی

ڕۆژگاری ڕابردوو، کە دەیانەوێت لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا ببنە بارگرانی بەسەر دەقەوە (عبد المطلب، ٢٠٠٣، ٩٤).

بۆ ئەم مەبەستە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی دەیەوێت ئەدەبیاتناسیی و بەدیاریکراوی ڕەخنەی ئەدەبیی کە بێگومان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە داهێنانی دەق و داهێنەری دەق و خوێنەرەوە هەیە، لەچنگی ڕەوانبێژیی و ئەو جیهانە خوازەییە ڕزگاریان بێت، ڕەخنەی ئەدەبیی بۆ هاوشانی فەلسەفە بگەڕێنرێتەوە، ئەمەش بە واتای ڕەخنەی ئەدەبیی دووگیان و چەندگیانە بە بیرکردنەوە و پرسیارکردن و دۆزینەوە و گومانکردن و قووڵبوونەوە و داهێنان ... هتد، کە هەموو ئەمانە تاکێکی بیرکەرەوەن، جیاواز لە بیرکردنەوەکانی دەوروبەر، لەهەمانکاتدا وێڵی حەقیقەتن، حەقیقەتیش هەمیشە لایان جێگیر نییە، گرنگ ئەوەیە لە دواجاردا لە ژیان و مرۆڤبوون نزیکمان بکاتەوە. دەقی ئەدەبی لێوانلێوە لەلایەنی داهێنان و جوانیناسی، ئاشکرایە ستراتیژییەتی دەق لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی ئاڵۆز دایە لەگەڵ داهێنەری دەق و وەرگرەکەی. هەر دەقێکی ئەدەبی پەیامێک، یان پەیامگەلێکی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە. لەڕێی زمانی دەقیشەوە ڕاستەوخۆ لە دۆخ و هەلومەرجی خەڵک تێدەگەین، کە چینەکەیان، ئایینەکەیان، پیشەکەیان، میراتەکەیان...هتد چ کاریگەرییەکی بەسەریان جێهێشتووە، ئەمانەش پەیوەستن بە چوارچێوەیەکی مێژووییەوە. (بارت، ٢٠٠٢، ١٠٧).

بۆیە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی پێیوایە ئەو جیهانە خوازەییەی ڕەوانبێژی بەشێکی زۆری حەقیقەتی شاردۆتەوە و ونیکردووە، ئەمەش وایکردووە ئەدەبیات هەمیشە بەو جیهانە خوازەییەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و هەڵبسەنگێنرێت و بڕیاری لەبارەیەوە بدرێت، نەک ئەدەبیات بەهۆی ئەدەبییبوونەوە بخوێندرێتەوە و ئەرزش و بەها جوانەکانی بدۆزرێنەوە. ئەدەب هاوشانی بابەت و زانست و بوارەکانی تر لەگەڵ

بەرەوپێشچوون و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکان خۆی دەگونجێت. بۆیە ئەو دنیابینییەی ئەمرۆ لەئارا دایە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی ڕابردوودا. بۆ ئەم مەبەستە بۆئەوەی تیۆری ڕەخنەی کولتووریی خۆی بنوێنێت، لە دەستوور و پێوەرە باوەکانی ڕەخنەی کۆن لایدا ، هەوڵیدا لەو شتانە دووربکەوێـــتەوە کە هەمـــوو خەڵـــک ئاشـــنای بـــوون و ســـوان و جووینەوەیان تێدا دەکرد. (الموسوي،٢٠٠٥، ٢٦).

کەواتە لێرەدا ئەو بەریەککەوتنە نەرێنییە لەنێوان ڕەخنە بەگشتیی و ڕەخنـــەی کولتـــووریی بەتایبـــەت لەگـــەڵ ڕەوانبێـــژی ڕوودەدات، ســـەرەڕای ئەمانـە تایبەتمەندییـەکی هـەرە جـوان و گەشـیی ڕەخنـەی کولتووریی ئەوەیە کە خودی ڕەخنە پرۆسەیەکی مەعریفییە، ناکرێت ئەو پرۆسە مەعریفییە لە بوار و لایەن و بابەت و خاڵ و گۆشەیەک قەتیس بکرێت لەپاڵ ئەمانەدا ڕەخنەی کولتووریی پێیوایە دەقی ئەدەبیی شایستەی ئەوەیە لەگەڵێک لایەن و گۆشەنیگا و بواردا خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەبێ ئەوەی لە بایەخ و ئەرزشی ڕاستەقینەی کەم بکاتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە پەلکێشمان دەکات کاتێک خوێندنەوە بۆ دەقێک دەکرێت لە گۆشەنیگا و لایەنی جیاجیاوە، ئاشکرایە هەر گۆشەنیگا و لایەنێکیش پەیوەستە بە تیۆرە یان میتۆدێکی دیاریکراوەوە، بۆیە لە تیۆری ڕەخنەی کولتوورییدا لامان سەیر نەبێت کاتێک خوێندنەوە بۆ دەقێک دەکەین فرەیی تیۆر، یان میتۆد بێتە ئاراوە، بێگومان ئەمە سروشتی ڕەخنەی  کولتووریی دەیخوازێت و نەوەک بنەمایەکی داسەپاو. گرنگی و بایەخپێدانی تیۆر و میتۆدگەلی وەک فۆرمالیستی و بونیادخوازیی و پاش بونیادخوازیی بە زمان و مەسەلە زمانییەکان و لە قاڵبدانی دەق تەنیا لە چوارچێوەی زماندا، دەبێتە مایەی زەمینەسازی بۆ چەند تیۆر و میتۆدی ڕەخنەیی کە دوای ئەمانەی پێشوو دێن گرنگی و بایەخ بە بابەت و مەبەست و ناواخنی دەقی ئەدەبی بدرێت و لەپاڵ ئەمانەشدا

خـوێنەریش بە سـەنگەوە سـەرلەنوێ بچێـتە نێـو هاوکێشـەی دەق، دەقنووس، خوێنەرەوە (قطوس، ٢٠٠٦، ١٦٤).

بۆیـە لـە دووتـوێی ڕەخنـەی کولتوورییدا دەقی ئـەدەبیی کۆمـەڵێک خوێنەر، یان وەرگر بۆ خۆی کەمەندکێش دەکات، هەریەک لەم خوێنـەر، یان وەرگرانە بێگومان خاوەن دیدێکی ڕەخنەیین، بۆیە پێویست دەکات ئـەم دیـدە ڕەخنەییانـە بـەرەو هۆشـیاریی ڕەخنـەیی ئاڕاسـتەبکرێن، لەهەمانکاتدا پێویستە زەمینەی گەشـەکردنی ئـەو هۆشیاریی و توانستە ڕەخنەییە برەوی پێبدرێت. کەواتـە تیـۆری ڕەخنـەی کولتـووریی ناکۆکـە بـە بیرکردنـەوەی ڕەخنەیـەکی دیـاریکراوەوە، بـۆ نموونـە ئـەوەی ڕەوانبێژیـی بەرهـەمی دێنێـت خوولانەوەیـە لـە خـالێکی چەسـپاو، بەجۆرێک لە جۆرەکان بریتییە لـە بەرهـەمهێنانی دۆگماخوازیی. دەق بە کـردەی نووسـینەوە پەیوەسـتە، جـا دەشـێت سـەرلەبەری یەک پـارچە نووسین نەبێت، بەڵکو نووسینگەلێک دەقێک دەسازێنن، کە ئەنجامەکەی فرەکولتوورییە، هەموویان دەچنە نێو دیالۆگ و پاڕادۆکسـەوە، چەقێک هەیە کە هەمـوو ئەمـانە لەخۆدەگرێت، ئەم چەقە لە ئێسـتادا داهێنـەری دەق نییە، بەڵکو خوێنەرە (بارت، ١٩٩٤، ٢٤).

هـەر لـە چوارچێـوەی ڕەخنـەی کولتووریـدا، ئاشـکرایە چ تیـۆری ڕەخنـەی کولتـووریی و چ تیـۆرە ڕەخنەییـە کلاسـیک و نـوێ و تەنانـەت هاوچەرخەکانیش پەیوەست بوونە بە شارسـتانێتیی ڕۆژئاواییەکانـەوە، یان جیۆگرافیای ڕۆژئاواوە، هەر چەندە مایەی ئەوەیە گومان و پرسیار لەم هەموو تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییانە بکەین، چونکە ڕۆحی بەشێک لەم تیـۆر و میتـۆدە ڕەخنەییانـە بـۆ دنیـای ڕۆژهـەڵات دەگەڕێنـەوە، بـەڵام ڕۆژئاوا بە وێنەی جوان و ڕوون و بـە بەرنامـەی درێژراو گوزارشت لـەم تیـۆر و میتـۆدە ڕەخنەییانـەوە دەکـەن. بۆیـە لێـرەدا دەشـێت پرسیارێک، یان چەند پرسیارێک ئاڕاستەی خۆمان بکەین، بۆ بەشێک لە

وڵاتــانی ڕۆژئــاوا دەبنــە شــوێنی ســەرهەڵدان و گەشــەکردنی تیـۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکان؟ بۆ لە وڵاتێکی سەر بە دنیای ڕۆژهـەڵات تیـۆر و میتـۆدێکی ڕەخنــەیی تێـدا ســەر هــەڵنادات و گەشــە ناکـات؟ بێگومـان وەڵامدانــەوەی ئــەم پرســیارانە چەنــدین پرســیاری تــری لەمشــێوەیە ئەسـتەمە بـە چەنـد دێـڕ و خـاڵ و پـەرەگرافێک وەڵامبدرێنـەوە، بـەڵام دەشێت لـە چوارچێوەی تیۆری ڕەخنـەی کولتوورییدا سـەرەداوی ئـەم پرسـیارانەمان دەسـت بکـەوێت، ئەمـەش لـە ڕوانگـەی ئـەوەی ڕەخنـەی کولتووریی هەل و دەرفەت دەرەخسێنێت کە گۆمە مەنگەکان بشلەقێنێت و تولـە ڕێگاکـان فـراوان بکـات و جووڵـە بخاتـە نێـو بابـەت و دیـاردە چەقبەستووەکان. هـەر بـە مەبەسـتی وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکان کاتێک تیـۆر و میتـۆدە ڕەخنەییـەکان لـە ئـەوروپا و ئـەمریکا شـەپۆڵەکانیان بـە هەموو دنیـا بڵاودەکەنـەوە، کـەچی لەبەرامبـەر ئەمانـەدا وڵاتـانی تـر لێـی پاڵکەوتوون و ناچارن ببنە وەرگری ئـەو شـەپۆڵانە. هەریەک لە تیـۆر و میتۆدەکـانی فۆرمـالیزم و  پێکهـاتەخوازیی و سـیمیۆلۆژیا و وەرگـر و وەڵامــدانەوەی خــوێنەر و فێمێنیســتی و کولتــووریی و ... هتــد، لە گرنگترین ڕەوتە ڕەخنەییە نوێ و هاوچەرخەکانی ئەوروپـان. تیـۆر و میتۆدێـک، یـان چەنـد تیـۆر و میتۆدێـک لە هەنـدێک بـاس و خـواس و بابەتێکی ئەدەبی و ڕەخنەیی یەکتردەبڕن و یەکتر تەواودەکەن، ئەمەش وادەکـات ڕەوتـی ڕەخنەیـی بـرەوی هەبێـت و  گەشـەبکات و بەردەوام بێت. هەموو ئەوانە هەوڵێکن بۆ نزیکبوونەوە لە دەق. (حرب، ٢٠٠٥، ٨).

ئاشـکرایە یـەکێک لـە هۆکارەکـان بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە لـە دنیـای ڕۆژئــاوادا ئامــادەیی و باڵادەســتی مەعریفــەیی ئەوســا و هەنووکــەیی بـوونی هەیـە، لەکاتێکدا لـە دنیـای ڕۆژهەڵاتـدا نائامـادەیی و قـەیران و تەنانــەت نــەبوونی مەعریفــەیی بــوونی هەیــە، بەتایبــەت لــە ڕۆژگــاری هەنووکەیی و ئەمڕۆدا، کەچی ئـەو مەعریفەیە کـەم تـا زۆر لـە ئەوسـادا

بوونی هەبووە. دەشێت خاڵێکی تر بۆ ئەوە بگەڕێنینەوە ئەو کەش و هەوا ئازادییەی دنیای ڕۆژئاوا هەیەتی بە بەراورد بە دنیای ڕۆژهەڵات کە زێتر پەیوەستن بە چۆنیەتی ڕۆڵ بینینی ڕژێمە سیاسییەکان و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتە کولتوورییەکان و ... هتد، کە ئەمانە و چەندینی تر وایان کردووە دنیای ڕۆژئاوا ببێتە لانکەی تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکان، کە ئەمانە وایان کردووە زەمینەی بیر و هۆشیاریی ڕەخنەیی جا چ ڕەخنەی ئەدەبیی بێت، یان ڕەخنە لەگەلێک بواری تر لە دنیای ڕۆژئاوا بێتە ئاراوە، بێگومان ئەم بیر و هۆشیارییە ڕەخنەییە هەر لە ئاستی تاکدا نەوەستاوە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەبووە بەسەر پێکهێنان و بونیادنانی عەقڵێکی ڕەخنەیی کۆگەرایی، کە بەئاشکرا ئەم عەقڵە کۆگەراییە لە داهێنانەکان بە ئەدەب و هونەر و زانستەکان بەرجەستەبووە، بێگومان ئەمەش وایکردووە دنیای ڕۆژئاوا هەر شوێن و خاڵێکی ئەم زەمینە بە گۆڕەپانی خۆی بزانێت و بەبێ ململانێ و بەربەرەکانیی و ڕووبەڕووبوونەوە تەراتێنی تێدا بکات بەنێوی فرە کولتوورییەوە، یان ئازادی کولتوورییەوە، کولتووری خۆی بسەپێنێت و کولتوورەکانی تر بتوێنێتەوە. ڕەخنەی کولتووریی: واتا گرنگی و بایەخدان بە فراوانکردنی شیکردنەوەی نەخشە ئەدەبییەکان، بە پانتاییە بەرفراوانەکەی و بە هەمەلایەنی گۆشەنیگاکان دەناسرێتەوە. (الربـاعي، ٢٠٠٧، ١٥).

کەواتە ڕەخنەی کولتووریی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەتوانرێت لەلایەن دنیای ڕۆژهەڵاتەوە ڕەنێوبهێنرێت، ئەم ڕەخنەیە ببێتە وێستگەیەک بۆ ڕەخساندنی نوێکردنەوەی گەلێک بوار و زانست بەدیاریکراوی ئەدەبیاتناسیی و لەم چوارچێوەیەشدا ڕەخنەی ئەدەبیی و تیۆری ئەدەبیی، چونکە زۆربەی تیۆر و میتۆد و ڕەخنەییەکان لەنێو یەک تیۆر و میتۆدا هەڵگری چەندین پەیامی و دژبەریی و دژیەکیی و

ئاڵۆزین، بەئاشکرا پچڕان و بۆشایی و کەلێن لەنێو هەریەک لەم تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییانە درک و هەستیان پێدەکرێت و هەمیشە بەردەوامیی و دەڵەمەندی ئەوتۆیان تێدا بەدیناکرێت کە شایەنی ئەوە بن بە جاویدانیی بمێننەوە. ئەوەی ڕەخنەی کولتووریی جیادەکاتەوە لە دوای بونیادخوازیی، گرنگیدانە بە کرۆکی سیستەمی گوتار و سیستەمی ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی دەق، وەک چۆن لای " ڕۆلان بارت" و "ژاک دێریدا" و "میشێل فۆکۆ" جەختیان لێکراوەتەوە. (الغذامي، ٢٠٠١، ٨٣).

یەکێک لە جیاوازییەکانی نێوان ڕەخنەی ئەدەبیی و ڕەخنەی کولتووریی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕەخنەی ئەدەبیی ئەوداڵی ئەو دەقە ئەدەبییانەیە کە بە دەقی باڵا ناویان ڕۆیشتووە و داهێنەری دەقەکان بناسرێنەوە، بێگومان ئەمەش وایکردووە داهێنەری دەقەکەش بە ئەدیبێکی باڵا بناسرێتەوە، لێرەدا کاتێک ئاماژە بە باڵا و باڵایی دەق و داهێنەری دەکەین، دەبێت بپرسین دەقی باڵا چییە؟ یان ئەدیبی باڵا کێیە؟ لە سادەترین تێگەیشتنمان بۆ ئەمانە ئەوەیە کە خوێنەر و وەرگری هەرە سەرەکیی ئەمانە بریتین لە خوێنەر و وەرگرە دەستەبژێرەکان، هەر ئەمانەش پێیانوایە دەتوانن پەی بە ڕاز و پەنهانەکانی دەقە ئەدەبییەکە ببەن، ئەمە دیاردەیەکی هەرە زەقی نێو ناوەندی ڕەخنەی ئەدەبیی و لێکۆڵینەوەی دەقە ئەدەبییەکانە، گەر ڕەخنەی ئەدەبیی و لێکۆڵینەوەی دەقە ئەدەبییەکانی زێتر ئەوداڵ و هۆگری دەقە باڵاکان بن، دەبێت پرسیاری ئەمەش بکەین تیۆری ڕەخنەی کولتووریی گرنگی و بایەخ بە کامە دەق دەدات؟ جیاوازییان چییە؟ بۆ ڕەخنەی کولتووریی تاڕادەیەک خوێندنەوە و تێڕوانین و ڕوانگەیەکی پێچەوانەی لە بەرامبەر ڕەخنەی ئەدەبییدا هەیە؟ ڕەخنەی کولتووریی لەسەر ئەو بڕوا و باوەڕە گیرساوەتەوە ناکرێت پرۆسەی

ڕەخنە خۆی ببەستێتەوە بە چەندین بارەبوونەوەی دیاردەکانی نێو ئەدەبیات. هەندێک دەقی ئەدەبی، بە فرەڕەهەندییەوە دەناسرێتەوە و زەمینەی ئەوە دەرەخسێنێت کە ڕەخنەگر بە ناچارییەوە ڕوانگەیەکی فرەڕەخنەیی بگرێتەبەر. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕەخنەی کولتوورییدا دەق دەکەوێتە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی لەگەڵ پێکهاتە زمانیی و نیشانەییەکان و خوێنەر، کە هەریەک لەمانە بەدەر نین لە پێکهاتەی کولتووریی و کۆمەڵایەتیی و مێژووییەکاندا. لە ئەنجامدا هەموو ئەمانە یارمەتیدەرن بۆ هەڵوەشاندنەوە و شیکردنەوەی ئەو واتا قووڵانەی کە دەق دەیەوێت بیانشارێتەوە، ئەمەش بۆ مەبەستی گۆڕینی، یان بەرهەمهێنانەوەی واقیع. لێرەدا خوێنەر مەبەستییەتی لە پەیوەندی دابێت لەگەڵ کۆنتێکستی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی و ستراتیژییەت و جلەوگیری لێکدانەوەی دەقەکە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. (ابراهیم، الغانمي و عواد، ١٩٩٦، ٥٩).

بەواتایەکی تر ڕەخنەی کولتووریی خزمەتکردن بە دیدگا و تێڕوانینە چەقبەستووەکان ڕەتدەکاتەوە، تەنانەت هەر دەقە ئەدەبییە باڵاکان لایەنە جوانەکەی ئەدەبیات بەگشتی و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی بەتایبەت پێکناهێنن، بەڵکو ئەو جوانییە لە دەقێکی میللیش بەدیدەکرێت، لە ڕوانگەی ڕەخنەی کولتوورییەوە ئەو جوانییەی ئەدەبیات لە دەقە میللییەکەش بەدیدەکرێت، بگرە ئەو جوانییە زێتریشە، ڕەخنەی کولتووریی پێیوایە لە ئەدەبە میللییەکە پەرەسەندن بوونی هەیە، ئەمەش بەو واتایەی دەقە میللییەکە دەشێت زۆرترین خوێنەر و وەرگری هەبێت، لەهەمان کاتدا زۆرترین کاریگەری دەبێت بەسەر چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگاوە، مەرجیش ئەوەیە هەموو ئەو چین و توێژانە خوێندەوار و ڕۆشنبیر بن.

کەواتە ئەدەب ، مەرج نییە ئەدەبی باڵا بێت، بەڵکو دەشێت ئەدەبی

میللیش بێت، کە بریتییە لە بینینی ڕاستییەکان و ئەو ڕاستییانەی ڕەگوڕیشەیان بۆ نێو ژیانی واقیع درێژبۆتەوە، دەقی ئەدەبیی لەگەڵ ڕاستییەکان کارلێک دەکات، سەرلەنوێ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات، خودی ئەم خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنە گومان و پرسیار و گەڕانە بەدوای ڕاستییە هەستپێکراو و بینراوەکان، گومان و پرسیار و گەڕانەکان لە ئەدەبدا، یان دەقی ئەدەبییدا دەبنە ئافراندنی کلۆجێکی دیکە لە ڕاستیی، بێگومان ئەو ڕاستییە نییە،کە هەستی پێدەکرێت و بەئاسانی دەبینرێت، بەڵکو ئەو ڕاستییەی کە دنیای ئەدەب ئافراندوویەتی، یان ئافراندنی ڕاستییەکی نوێیە، پێچەوانەی ڕاستییە هەستپێکراو و بینراو و نەریتییەکەیە، کە دوور  دەکەوێتەوە لە گواستنەوەی کتومتی ئەو ڕاستییە، چونکە گواستنەوەی کتومتی ڕاستییە هەستپێکراو بینراو و نەریتییەکان، بە ئاشکرا پێماندەڵێت: کە خودی ئەدەب و دەقی ئەدەبیی نییە. مەبەست لە تیۆری ڕەخنەی کولتووریی گەڕان و دۆزینەوەی ئەو نەخشە شاراوانەیە کە لەژێر بەرگی جوانیناسیدا لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەدەبیدا خۆیان حەشارداوە. ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی کولتووریی لەیەکتر دانابڕێن، چونکە ڕەخنەی کولتووریی چەندین هۆ و ئامرازی ڕەخنەی ئەدەبی بۆ خۆی کێشدەکات. گەر کولتوور لە ڕۆحی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتبێت، ئەوا ڕەخنەی ئەدەبی لە دەستەبژێرانەوە سەرچاوە دەگرێت. (کوش، ٢٠٠٢، ص١٩).

یەکێک لەو خەسڵەتە دیار و بەرچاوانەی کە تیۆرە ڕەخنەییە ئەدەبییەکانی پێدەناسرێتەوە بریتییە لە ڕێژەییبوون، سادەترین تێگەیشتنمان بۆ بابەتی ڕێژەییبوونی تیۆرە ڕەخنە ئەدەبییەکان بەو واتایە هەریەک لەو تیۆرانە کاتێک سەرهەڵدەدەن و بانگەشەی کاملبۆونیان دەکەن، لەکاتێکدا ئەم کامڵبوونە لە هیچ تیۆرێکی ڕەخنەیی بەرجەستە نابێت، بەڵکو ئەوەی چەند پات دەبێتەوە و بەردەوام و

ئامادەیی هەیە بابەتی ڕێژەییبوونی ئەو تیۆرە ڕەخنانەیە لەمەڕ خوێندنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەقە ئەدەبییەکان.

هەریەک لەم تیۆرە ڕەخنەییانە ڕۆڵیان هەیە لە پێشکەوتنی ڕەوتی ئەدەبیات، تەنانەت هەر ئەم تیۆرانە بەشدارن لە کۆمەککردن و سازاندنی زەمینەیەکی لە باری هۆشیاری ڕۆشنبیریی، کە لە دووتوێی تیۆری ڕەخنەیی کولتوورییدا ئەم هۆشیاری ڕۆشنبیرییە هەر پەیوەست نییە بە ئەدیبەوە، یان ڕەخنەگرەوە، یاخود خوێنەرەوە، بەڵکو ئەم هۆشیاری ڕۆشنبیرییە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت بەسەر ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە چین و توێژە جیاجیاکانەوە، هەر لەم سۆنگەوە ڕەخنەی کولتووریی لەم تێڕوانینەوە لە دەق دەڕوانێت کە نابێت تیۆرێک، یان میتۆدێکی ڕەخنەیی ببێتە مایەی لە قاڵبدان و کۆت و بەندکرانی دەقێک، یان چەندین دەقی ئەدەبیی تر، بەڵکو یەک لە جوانییەکانی دەقی ئەدەبیی لەوە دایە ئەو دەقە ئەدەبییە بە سروشتی خۆی داوا بکات بەهۆی تیۆرێک، یان میتۆدێکی ڕەخنەییەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت. لەڕێی خوێنەری شێلگیرەوە دەتوانین بە دیوە ڕاستییەکانی دەق بگەین، ئەو دیوە ڕاستییانە زۆربەی خودی نووسەری دەقەکەش پێیان ناگات، چونکە بەرهەمیهێناوە و ئەستەمە بتوانێت سەرلەنوێ بەرهەمیبهێنێتەوە و شتی نوێی تێدا بدۆزێتەوە، بەڵام ئەو خوێنەرە لەڕێی ئەو بەرهەمهێنراوە و دەتوانێت سەرلەنوێ بەرهەمیبێنێتەوە و شتی نوێی تێدا بدۆزێتەوە. ئەو چەشنە خوێنەرە تەنانەت دەتوانێت زەمینە زمانیی و کۆمەڵایەتیی و واتاییەکان و ... هتد، بەئاسانی لەیەکتر هەڵاوێردبکات، بێ ئەوەی وەک لایەنگیرێک خۆی بە یەکێکیانەوە پەیوەست بکات. (سارتر، ٢٠٠٠، ٧٢).

بە واتایەکی تر ڕەخنەی کولتووریی پێداگری لەسەر فرە جەمسەریی خۆی دەکاتەوە، لەلایەک ئەرکی بەرامبەر دەقەکە، لە

لایەکیترەوە ئەرکی بەرامبەر داهێنەری دەقەکە، لەپاڵ ئەمانەشدا بە ڕەخنەگر و خوێنەرانەوە پەیوەستە، لەسەرێکی ترەوە بەکۆمەڵگاوە، هەروەها پەیوەستبوونی بە چەندین لقی مەعریفی ترەوە، بۆیە لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەی کولتوورییەوە ڕەخنەگر و خوێنەر و تەنانەت کۆمەڵگاش هەر بەکارهێنەری دەقی ئەدەبیی نین، بەڵکو بەشدار و بەرهەمهێنەری دەقی ئەدەبیین، چونکە ئەو کەلێن و بۆشاییانەی کە لە دەقێکی ئەدەبیی دەبینرێن و بوونیان هەیە، ئەستەمە بتوانرێت بە یەکێک، یان دووان، لایەن و چەند لایەنێک دەستنیشان بکرێن، تایبەتمەندی دەقی ئەدەبیی لێرەدا ئەوەیە سەرەڕای دەستنیشانکردنی ئەو کەلێن و بۆشاییانەی کە لەنێو دەقەکە دەستنیشانکراون، چەندین کەلێن و بۆشایی تریش بوونیان هەبێت کە بارگاوی بن بە بەهای جوانیی و چێژەوە. لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان بە پێی ڕۆژگار و سەردەم و قۆناغە مێژووییەکان دووچاری گۆڕانکارییەکان دەبنەوە. بۆنموونە لە ئێستادا لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان تاڕادەیەک بەو ئاڕاستەیە هەنگاودەنێن تیشک بخەنە سەر کولتووری تەکنۆلۆژی، کە بەشێکی ئەم کولتوورە بە ئەدەب و دەقی ئەدەبی و گوتاری نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئامێر و ئامرازە زیرەکەکان شەتەکدراوە. کە هەریەک لەمانە لە ڕێگای ڕەخنەی گوتاری میدیاییەوە بەشێکی زۆری کۆمەڵگای دوای نوێخوازی گرتۆتەوە، ئەمەش وایکردووە تاڕادەیەک تخووبی نێوان بابەت و بوارەکان هێندە بە تۆخی نەمێننەوە. (بعلي، ٢٠٠٧، ٢٨).

## بەشی دووەم:

## ئایین لە ڕۆمانی "دوا شەوی دابەزینی عیسا"ی "شێرزاد حەسەن"دا

هەموو ئایینەکان یاسا و ڕێسای کردار و ڕەوشتی مرۆڤانەیان لە سەردەمی خۆیاندا سەقامگیرکرد. ئایین سەرچاوەی خزمەتێکی بەرچاوە بە مرۆڤایەتی. ئایینەکان لە جیهاندا تێدەکۆشن ببن بە سەرچاوەی کارگەلی باش و بە کەڵک بۆ کۆمەڵگا. (موورادی، ٢٠١٠، ٨). کولتوور سەرچاوەیەکی شارستانییەتی مرۆڤایەتییە، هەر کولتوورە هەڵگری بەشێکە لە چارەسەرییەکانی ئاریشەی تاک و کۆمەڵگا، لە هەمانکاتیشدا بەشێکی کولتوور بارگاوییە بە گرفتارییەکانی تاک و کۆمەڵگاوە. خودی کولتوور وەڵامی بەشێک لە گومان و پرسیارەکانی تاک و کۆمەڵگای داوەتەوە، بەشێکیش بە هەڵواسراوی هێشتوونەتەوە. کاتێک پرس و مەسەلە کولتوورییەکان دەکەونە بەر باس و خوێندنەوە و وردبوونەوە و نەشتەری لێکۆڵینەوەوە ئەوەندەی پرسیار لە چۆنیەتی کولتوور دەکرێت، هێندە پرسیار لە چییەتی و چەندێتی کولتوور ناکرێت. (کوش، ٢٠٠٢، ٢٢). زمانیش بە توخمێکی گرنگ دادەنرێت لە توخمەکانی کولتوور، لەبەر ڕۆڵە گرنگەکەی لە ڕێکخستنی هزر و ژیانی مرۆڤدا، لە گرنگترین ئەو ئامرازانەیە کە شارستانییەتیی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستۆتەوە و بەشدار بووە لە دانانی کۆڵەگە قایمەکانی ژیانی کۆمەڵگای نوێ، چونکە کۆمەڵگا بوو بە خاوەن هەندێک لە دەستکەوت و ڕەوشت و بەها مەعنەوییەکان. لەبەرئەوەی کاتێک کە هەموو توخمەکانی کولتوور لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییدا کۆدەبنەوە، ئەو پەرەسەندنە کولتوورییە بەدیدێت کە دواتر پەرە بە کۆمەڵگاش دەدات، هەر تویژ و چینێکی کۆمەڵگاش ڕۆڵی لە پەرەسەندنی کولتووردا هەیە.

گرنگترین توخمەکانی کولتوور ئەو توخمە هاوبەشانەیە کە

شێوازی بیرکردنەوە و ژیان و پرسەکانی ڕۆح و باوەڕ و ڕێکخستنی گشتیی دیاریدەکات. ئەم توخمانە بەشێوەیەکی گشتی شێوەی سەرەکی پەیکەری کولتوور و بونیادە جیاوازەکەی پێکدێن، هەروەها هونەر و پرس و ڕەوشت و ڕێسا و دابونەریتەکان بە تووخمەکانی کولتوور دادەنرێن، بۆیە کولتوور پێودانگی ئاستی ئەو هزرەیە، کە ژیان پێناسە دەکات و بە ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە گرێدراوە لەگەڵ دەرکەوتنی کۆمەڵگادا دەرکەوتووە. لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان لە ڕێگای بیرکردنەوە و شرۆڤە و لێکدانەوە واتای ئەو  بیرۆکانە ئاشکرا دەکەن کە پەیوەندییان بە جیهانی ئەندێشە و هونەرەوە هەیە، بەهۆی ڕێچکەی سیستەمە کولتووریی نەتەوە و گەلە جیاوازەکانەوە بەرهەم هاتوون، کە پەیوەندییان بە ئاوەزمەندیی و هێما کۆمەڵایەتیی و لایەنی دەروونییەوە هەیە. (مجموعة من الكتاب،١٩٩٧، ٢٩).

کاتێک ئاماژە بە ئایین و توخم و سەرچاوە سەرەکییەکانیشی دەکەین، پێویستە پەرەسەندنە مرۆڤایەتییەکان ڕەچاو بکەین، چونکە نەبوونی توانای شیکردنەوەی دیاردە سروشتییەکان، وای کردووە لە بەرامبەریاندا ترس دروست بێت، ئەوە بەشێکە لە هۆکاری باوەڕبوونی مرۆڤ بە خوا. بۆ نموونە ترس لە مردن، کە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر مرۆڤ کردووە و وای لێکردووە بەشێوەیەکی میتافیزیکییانە بیر لە گەڕان بکاتەوە بە شوێن چارەسەری هێزدا لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە ماددییەی تێیدا دەژیت، پشت بەستن بەهێزە نادیارەکان بیری لەوە کردۆتەوە کە ئەمانە دەتوانن بیپارێزن لەو هێزانەی دەیانەوێت ژیانی پێبگەیەنن. ئەم جۆرە بیرکردنەوە بووە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە هۆشیاری سەرەتایی، کە ئەمەش بەجۆرێک لە ڕەوشت و پەیوەست بوون و پەیوەندییەکانی مرۆڤ بە چوارچێوەی ماددییەوەی کۆمەڵگای ڕەنگ کرد. گوتاری ڕەخنەیی لە دووتوێی

جیـاوازی کولتـوورییەوە فەزای نـوێ دەسـازێنێت. بەرهەم هێنـانەوەی بەشێک لە کولتوور، ئەنجامەکەی زانینە، بەرەنگاری و دوورخستنەوەی ئەو مەترسییانەیە کە دووچـاری نەتەوەیەک، یـان تەنـانەت کەمینەیەک دەبێت. (دیب، ٢٠٠٠، ١٢).

بـە تێپـەڕبوونی کـات ئـەم پەیوەندییانـە بـە شـێوەیەکی فـراوان و کاریگـەر قووڵبوونـەوە، ئەمـەش وایکرد مـرۆڤ گەوهـەرێکی ڕۆحیـی و ئـایینیی هــەبێت ســەرەڕای حــەز و ئـارەزووە ئـاژەڵیی و سروشــتە دوژمنانەکەی مرۆڤ، بەم جۆرە دەرکەوتنی باوەڕە ئایینییە کۆنەکان لـە ئەنجامی بێدەسەڵاتی مرۆڤدا بووە بەرامبەر بە سروشت، کاتێک ئایینـە تـاک خوداییـەکانی وەک "جوولەکە و مەسـیحی و ئیسـلام" سـەریانهەڵدا بـاوەڕە ئایینـە کۆنـەکان پشـتگوێ خـران و هـەتا دەتـوانین بڵێـین: کـە ڕۆڵێکی وەهـا لـە ئـارا نـەماوە. (ئاران، ٢٠٠٣، ل٤٧). ئـایین بـەو مێژووە دوورودرێـژەی کـە هەیـەتی لـە ئـەنجامی پەیوەنـدی و بەریەککـەوتنی ڕاسـتەوخۆی لەگـەڵ ژیـانی تاکـەکانی کۆمەڵـدا چەنـدین خوێندنـەوە و تێڕوانینیــی جیــاوازی بــۆ کــراوە، بۆیــە کاتێــک نووســەرێک، یــان ڕۆماننووسـێک دەیـەوێت بەرهەمـە ئەدەبییـەکان بـە دیـدێکی ئایینییانـە ئـاوڕێژ بکـات، مـەرج نییـە ئـەو دیـد و تێڕوانینـەی نووسـەر بـۆ ئـایین هەیەتی هـەمان ئـەو فۆڕمـە و تێگەیشـتنە ئایینییە بێت، کە وێنەکـەی لـە پاشخان و سووژەی هەریەکە لە ئێمەدا هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەندێشـە هۆکـارێکی بـەرز و کـەم هاوتایـە بـە دەسـت نووسـەرە وە بـۆ پوختەکردن و ڕازاندنەوەی کارە هونەرییەکەی.

ڕەنگە ئەرکێکی دیکەی خودی نووسەر جگە لەلایەنە هونەرییەکـەی بریتی بێت لەسـەرلەنوێ تێگەیشـتن و واتـا بەخشـین بـە خـودی ئـایین و چەمکـە ئایینییـەکان. بـە واتایـەکی تێڕوانین لـە ئـایین لـە گۆشـەنیگایەکی خودییانــەوە. لــە ڕوانگــەی ئــەوەی زۆرینــەی گــەلی کــورد هــەڵگری

بیروباوەڕی ئایینی ئیسلامن، بۆیە ڕۆمانە کوردییەکانیش بەرجەستەی تێڕوانینی ئایینیی دەکەن، لەهەمانکاتدا ڕەنگدانەوە و تێڕوانینی ئایینی ئیسلامیش دەکەن لەگەڵ ئەو کولتوورانەی کە بەهۆی ئایینیەوە ڕەنگیانداوەتەوە لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا.

"شێرزاد حسن" لە ڕۆمانی "دوا شەوی دابەزینی عیسا"دا، زیاتر تیشکی خستۆتە سەر ئایینی پیرۆزی (مەسیح) و سازاندنی چیرۆکێکی ئایینیی و تێکەڵکردنی بە ڕووداوە کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەی کورد، هەموو ئەم ڕووداوانەش لە ڕێگای کارەکتەرێکی پەنابەرەوە دەبێت و دەگێڕدرێنەوە، کە چۆتە هەندەران، بۆ ئەوەی لە تاراوگە بمێنێتەوە. دایالۆگە ئایینییەکانیش لە ڕێگای خەونەوە بەرجەستە دەبن.

ڕۆماننووس جگە لەوەی دەیەوێت بەرهەمەکەی بە هونەرێکی بەرز بچنێت، ئەرکێکی دیکەشی هەیە کە بریتی دەبێت لە تێگەیشتن و واتابەخشین بە خودی ئایین و چەمکە ئایینییەکان. "کریسمس" یان "لەدایکبوونی مەسیح" یاخود "عیلاد المیلاد" بە عەرەبی، "Christmas" بە ئینگلیزی، دووەمین و گرنگترین جەژنی مەسیحییەکانە لە دوای بۆنەی زیندووبوونەوە، لەم بۆنەیەدا یادی لە دایکبوونی "عیسای کوڕی مەریەم" دەکرێتەوە، کە یەکێکە لە پێغەمبەرانی خوا، لای زۆرێک لە مەسیحییەکان پێغەمبەری نێردراو کوڕی خوایە. ئەم بۆنەیە لە شەوی ٢٤ لەسەر ٢٥ ی کانوونی یەکەم، یاخود دیسەمبەری هەموو ساڵێک یادی دەکرێتەوە لە ڕۆژمێری زایینییدا. ئەم بۆنەیە یەکێکە لە بۆنەکانی لە دایکبوون وەک ئاهەنگێکی ئایینیی و کولتووریی لە نێوان ملیارەها کەس لە جیهاندا زیندوو دەکرێتەوە، زۆرێک لە مەسحییەکان لە کریسمس دەست دەکەن بە ئاهەنگی ئایینیی و نوێژ و پاڕانەوە و نزای تایبەت، لەگەڵ ڕازاندنەوەی درەختی تایبەت بە کریسمس و

بانگهێشتکردنی بابانۆئیل و وتنەوەی سروودی لەدایکبوون و خواردنی خوانی لە دایکبوون، لەگەڵ ئاهەنگێڕان دوای کۆتایی هاتنی بۆنە ئایینییەکە. ڕۆماننووس لە ڕێگای گێڕەرەوەی هەموو شتزانەوە باسی ئەم بۆنە ئایینیی و کولتوورییە دەکات کە ڕۆژئاواییەکان سازی دەکەن. ((ئەمشەو هەر هەمووان کەوتونەتە سەر هەوای کەیف و هەوەسێک، هەتا پیرەژن و پیرەمێردەکانیش حەز بەوە ناکەن لە ماڵەکانی خۆیاندا بگیرسێنەوە، سەرما و سۆڵە و بەفر و زوقمی شەوانی کریمس و سەری ساڵ نایترسێنێت، هەر هەموو جادە و کوچە و کۆڵان و مۆڵ و هۆڵەکان و یانەکان پڕن لە بەزم گێڕان، سەدای ئاواز و مۆسیقا لە سەد لاوە دەڕژێتە ناو ڕۆحتەوە، هەر هەموو شوێنەکانی چراخانن، شار وەک بوونەوەرێکی زەبەللاح و هەزارجار شۆراوە بە جوانکاوی شەوی بەفرین)). (حەسەن،٢٠١٥، ١٣). لێرەدا پرسێکی هەستیاری وەک ئایین، خۆی لەلایەنی جەستەیی "ماددەگەریی ئایین"، پەیوەندی ئایین و دنیا و مرۆڤ دەبینێتەوە. مرۆڤ لەم دیمەنەدا هەوڵ دەدات بۆنەیەکی ئایینیی بقۆزێتەوە بۆ پڕکردنەوە و تێرکردنی ڕووە ماددییەکەی، کە خۆی لە کۆمەڵێک پێداویستی دەبینێتەوە وەک: گەڕان و گەشت و چوونەدەرەوە لە ماڵ و کەیفسازیی و خواردن و خواردنەوە و پەیوەندی جەستەیی نێوان مرۆڤەکان... هتد، بەڵام لە چوارچێوەی ئایینێکی دیارکراودا، پشتکردن لە قەدەغەکراوەکان.

ئیسلام لە پێناو بێوەیی باری کۆمەڵایەتیی و مانەوە و بەردەوامبوونی مرۆڤبوون و پتەوکردنی هێزی یەکگرتوویی و هاوسەنگی پەیوەندی کۆمەڵایەتییدا هانی هاوسەرگیری داوە، کۆک و تەبایە لەگەڵ بەها مرۆییەکان و گرنگییەکی زۆری بە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد داوە، خودای مەزن لە ئایەتی" ٨ "ی سورەتی "النبأ" دەفەرموویێت: "وخلقناکم ازواجا". هەروەها ئەنجامی هاوسەرگیری منداڵ

خستنەوەیەکە منداڵەکە مافی ئەوەی هەیە دڵنیا بێت لە دایک و باوکی ڕاستەقینە. زۆربەی کۆمەڵگاکان بایەخ بە هاوسەرگیری ڕەسمی دەدەن، لە پێناو بەرزبوونەوەی سەقامگیری خێزانیی و کۆمەڵایەتیی. هەندێک لایان وایە کولتوور ڕەگێکی قووڵی هەیە و لە مرۆڤدا پەیوەستە بە لایەنی ڕەمەک و زگماک و بایۆلۆژییەوە، بەڵام ئەم بۆچوونە ڕەزامەندبوونی زۆربەی بیرمەندانی وەرنەگرت، لەگەڵ ئەمەشدا لێکەوتە کولتوورییەکان شوێنەوارییان بەسەر هەست و هەڵسوکەوت و مامەڵە و ڕەفتاری مرۆڤەوە دەبێت. (عبد المطلب، ٢٠٠٣، ٩٠).

کۆمەڵگای کوردیش لەو کۆمەڵگایانەیە کە پشتگیری هاوسەرگیری ڕەسمیی و ئایینیی و یاسایی دەکات، بێگومان لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە چاک و پاکترینە بە بەراورد بە جۆرە هاوسەرگیرییەکانی تر. لەگەڵ ئەمانەشدا لەنێو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا ئەو منداڵ و کەسانە کەم نین، کە تا ئێستاش نازانن ناسنامەی دایک و باوکە ڕاستەقینەکەی کێیە؟ لەم ڕۆمانەدا کارەکتەری سەرەکی لە ڕێگای خۆدواندنەوە باسی ئەم دیاردەی کردووە، قبووڵکردنی ئەم جۆرە منداڵانە لەناو کۆمەڵگادا پەسەند نییە و ڕەتکراوەتەوە، ڕۆماننووسیش بێتاوانی ئەو جۆرە منداڵانە دەردەخات کە هیچیان لە منداڵانی حەڵاڵزادە کەمتر نییە، ئەنجامدانی ئەم تاوانە دەگەڕێنێتەوە بۆ گەورەکان، کە ڕەوایەتی دەدەن بە کارە ناڕەوا و قێزەونەکان. ((بەڵام من هەمیشە لە خۆم و لە دونیام پرسیووە کە منداڵێکی حەڵاڵزادە چی لە حەرامزادە زیاترە؟ منداڵ پاکترە لەوەی بەر گەمەی گوناحی گەورەکان بکەوێت، پاشان خوێنی هەردووکیان سوورە، وەک یەک دووچاو دەمێکیان هەیە...)). (حەسەن،٢٠١٥، ل٢١).
ڕۆماننووس پێیوایە منداڵ، وەک بونەوەرێکی لێوانلێو لە جوانیی و بێتاوانی و بێگوناهی و میهر و خۆشەویستی و بزاوت و وزە، بۆتە

قوربانی و کوشتەی دەستی گەورەکان، ئەم قوربانیبوونەی منداڵ بە سروشت وا دەکات تاڕادەیەک بوونی لەکەداربێت، هێندە هەست بە بوون و منداڵیتی خۆی نەکات و ئازار و تاڵاوەکان لە لەنێوچوون نزیکی بکەنەوە. کەواتە لەم قۆناغە هەستیارەشدا لەجیاتی ئەوەی خێزان وەک دامودەزگایەکی کۆمەڵایەتیی زەمینەی بونیادنانی بۆ برەخسێنێت، دووچاری دارمان و ستەمی دەکاتەوە، منداڵ دادەماڵرێت لە زۆربەی ئەو هۆشیارییانەی کە پێویستە لەو قۆناغەدا بیانزانێت، بێگومان ئەم واقیعەش لە زۆربەی کۆمەڵگاکان بەدیدەکرێت.

نەژادپەرستی، لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە ڕەوایەتی و سەردەستەیی لایەنێک، یان کەسێک، یاخود ڕەگەز و نەژادێکی دیکە بەسەر ئەوانیترەوە، لە بیروباوەڕ و بۆچوون و هەڵسوکەوت و دەربڕیندا، بنەمای ئەم ڕەوایەتییە لێوانلێو لە ناڕەوایەتییە بەشێکی کردەوەییە و لە باوانەوە دەمێننەوە بۆ نەوەکان. جیاوازی ڕۆشنبیریی و زمان و ئایین و نەژاد و ژینگە و کولتوور، هەریەکەیان بەپێی توانای شاراوەییەکەی ڕۆڵی هەیە لە مانەوە و درێژەپێدانی. ئایینەکان تێکڕا هەموو جۆرەکانی نەژادپەرستیی ڕەتدەکەنەوە، نەژادپەرستیی بۆتە بەشێک لە کولتوور، لای هەندێک لە نەتەوە سەردەستەکان بەرامبەر ئەو خەڵکانەی کە کۆچ بۆ وڵاتەکەنیان دەکەن، بەرامبەریان دەوەستن و جۆرە توندوتیژییەک بەرامبەریان بەکاردێنن ئەم دیاردەیەش لە دایالۆگی کارەکتەرەکان ڕەنگیداوەتەوە. ((پێموتی: ئەوانە بە ڕەگەزپەرست ناسراون و خۆیان لە من و تۆ بە جوانتر و پاکتر و مەزنتر دەزانن، واش مەزەندە دەکەن، کە ئەم وڵاتەی ئەوان بەبێ ئێمە بێ کێشە و جوانتر دەبێت ئەگەر شێواوە و تێکچووە... ئەوەیان گوناحی من و تۆ و خەڵکی بێگانەیە کە دانیشتووی ڕەسەنی ئێرە نین)). (حەسەن،٢٠١٥، ، ١٥٧). ڕۆمانووس پێیوایە ئەو پەیوەندییەی کە لە

نێوان نەتەوەیەکی سەردەستە و چەوسێنەر و ستەمکار و ترسێنەر لەگەڵ ژێردەستە چەوسێنراو و ستەملێکراو و ترسێنراوە هەیەتی، بێگومان پەیوەندییەکی تەواو ناهاوسەنگە. ئاشکرایە هەر نەتەوەیەک نکۆڵی لە شوناسی بکات لە پێناو ڕازیکردنی نەتەوەیەکی دەسەڵاتدار، ئەوا بە چاوێکی قێزەون تەماشادەکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئیتر ئەمە سەردەکێشێت بۆ ڕووداو و کارەساتی جەرگبڕ و کەمەرشکێن و کوشتار، لە ئەنجامدا نەتەوەکە دەبێتە قوربانی.

هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی نەژادپەرستیی زمانە و زمان لە بنەڕەتدا بۆ تێگەیشتن و نزیکبوونەوەی مرۆڤەکانە لەیەکتری، بەڵام کاتێک زمانێک بەسەر ئەوەی دیکە زاڵ دەکرێت و ڕێگری لە بەکارهێنانی زمانێک دەکرێت، وەک ئەوەی دەرهەق بە ئێمەی کورد دەکرێت، بێگومان ئەمەیان خودی توندوتیژییە، لای زۆربەی نەیارانی کورد بۆتە کولتوورێک کە شانازیشی پێوەدەکەن. وەک لەم ڕۆمانەدا "دوا شەوی دابەزینی عیسادا" دیارە. ((تورکان خۆ بە سەردەستە دەزانن و کوردان بە کۆیلە و حیوان لەسەر خاکی خۆیان ... ئەو ڕۆحی سووک تەماشاکردنە لە ناو ماڵەکان و مەکتەبەکان و مزگەوتەکان و کڵێساکان و حیزبەکان و هەموو خانەکاندا بۆتە بەشێک لە ڕۆحی ستەمکارانەی هەمووان ... )). (حەسەن،٢٠١٥، ٦٩). وەک چۆن کولتوور ڕووبەڕووی هەڕەشە و شێواندن و کاڵکردنەوە دەبێتەوە، بە هەمان شێوە مەترسیی و هەڕەشەکانی سەر زمانی نەتەوەییش کەم نین. ئەوەی لێرەدا ڕۆماننووس جەختی لێدەکاتەوە ئەوەیە کە زمان بەشێکە لە شوناس، بەشێکی شوناسیش زمانە. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێمەی کوردەوە زۆربەی شتەکانمان دووچاری شێواندن و فەوتان و نەمان بۆتەوە، بەڵام زمان تا ئەمکاتە ئێمەی لە زۆر ڕوو و ئالنگارییەوە دەپارێزێت، بێگومان گەر ئێمەی زمانەکەمان چارەنووسی نەمان بووایە،

ئەوکاتە ئێمەش ئەستەم بوو بمێنێین. دەشێت هەمان شت بۆ ئەدەبەکەشمان ڕاست و دروست بێت، بۆ نموونە گەر ئەدەبێکی سەلار و سەنگینی وەک کۆن و کلاسیکمان نەبووایە، بۆی هەبوو خۆمان و زمانەکەشمان دووچاری لەنێوچوون ببووایەوە. دەبێت دان بەوەشدا بنێین زمانی کوردی ڕووبەڕووی زۆرترین داگیرکاری زمانی بۆتەوە لەلایەن زمانی نەتەوەکانی ترەوە بەتایبەت ئەوانەی لێمانەوە نزیکن و هاوسنوورن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەو داگیرکارییە زمانییە نەیتوانیووە زمانەکەمان لەنێو ببات. کەواتە زمانی کوردی هەر داکۆکیکار نەبووە لە لایەنە ناوەکییەکانی، بەڵکو داکۆکیکار و بەرگریکارە لەلایەنە دەرەکییەکان و تەواوی ئەو پرسانەی کە بە نەتەوە و کولتوور و شوناسەوە پەیوەستن.

خۆشەویستیی پەیوەندییەکی گیانیی و قووڵی نێوان دوو مرۆڤە بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەو دوو مرۆڤە سەر بە چ نەژاد و کولتوور و ئایینێکن، ئەو پەیوەندییە سۆزداری و هەستییانە دەگرێتەوە کە لە نێوان کوڕ و کچەکەدا هەیە. بەشێوەیەکی گشتی لەنێو کولتووری کوردیدا پانتاییەک ماوەتەوە بۆ دڵدار و دڵبەران، بەتایبەت لە ئەدەبی فۆلکلۆریی و میللیی ئامادەیی هەیە، وەکو چیرۆکی خۆشەویستیی "شێخی سەنعان و کچە گاورەکە" و "چیرۆکی شیرین و فەرهاد" و هەروەها چەندانی تر.

لەم ڕۆمانەشدا لەلایەن ڕۆماننووسەوە بە مەبەست وێنە و دیمەن و ڕووداوەکان چەندبارە دەبنەوە، کارەکتەری سەرەکی باسی خۆشەویستی کچێکی غەیرە ئیسلام دەکات، کە لەسەر ئایینی مەسیحییە، لەم پێناوەدا زۆر ئازاری چەشتووە و قوربانی داوە، بەڵام عەشقەکەی ناکام بووە، چونکە کچەکە دەبێتە ڕاهیبە و خۆی تەرخان دەکات بۆ خزمەتکردنی ئایینی مەسیحی، بەوەی لە دوارۆژدا پاداشت

وەربگرێتەوە. ((مریەم منی کوشت ... ئەم چیرۆکەی دەیگێڕمەوە هیچ لەزەتێکی تێدا نییە، بەڵام لە هەموو ژیانمدا نەموێرا نهێنی ئەو عەشقە بۆ کەس بدرکێنم نهێنی ئەو ئێوارەی کە لە پێناو ئەودا خۆم لە حەوزێک هەڵکێشا کە هێشتا شەختەکانی سەر ڕووبەری ئاوەکە نەتوابوونەوە نهێنی ترۆکردنم لەلایەن باوکمەوە وەک سزایەک و دەربەدەریم لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵی خزم و کەس ... تەنها لە پای ئەوەی مریەم دڵی نەرم بێت و منی عیساپەرست ببینێت)). (حەسەن،٢٠١٥، ١٨٥). ڕۆماننووس پێیوایە خۆشەویستی دیاردەیەکی ئاڵۆزی نێو کۆمەڵگاکەیەتی، ئەو ئاڵۆزییەش لەوە سەرچاوەی گرتووە لە خۆشەویستیدا کولتوور و پرس و مەسەلەکانی تری وەک جەستە، ئایین، هۆشیاریی، دابونەریت، چینایەتی، شار و ناوچەگەریێتی، تاکگەرایی، ئاکار، ...هتد ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن، هۆکارێک لەم هۆکارانە بەسە بۆئەوەی خۆشەویستی بەختی وەرچەرخێ و ئەنجامەکەی ببێتە لەیەکترترازان و دابڕان و جیابوونەوە و ناکامبوون. هەر ڕۆماننووس جەخت لەوە دەکاتەوە ناکرێت خۆشەویستی تەنیا لە پەیوەندی جەستەیی بچووک بکرێتەوە، چونکە ڕەگوڕیشەی خۆشەویستی لە دڵ و دەروونی مرۆڤەکاندا ڕەگی داکوتاوە، هەر خۆشەویستییە وزە و بڕست بە جموجۆڵ و چالاکی و کارەکانی مرۆڤ دەبەخشێت، بە تایبەت لای ئەو مرۆڤانەی تەواو بڕوا و باوەڕ و متمانەیان بە خۆیان و دەوروبەرەکەیان هەیە.

جەژنی "قیامە"جەژنی هەستانەوەی مەسیح، گەورەترین جەژنی پەیڕەوانی ئایینی مەسیحییە و لە هەموو جیهان ئەم جەژنە لەیەکتر پیرۆز دەکەن، شێوازی پیرۆزکردنەکانیش لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە، بەڵام ئەوەی لە هەموویاندا هاوبەشە، ڕەنگکردنی هێلکە و پێشکەشکردنییەتی بە ئازیز و دۆست و خزمانیان،

ڕۆماننووسیش لە ڕێگای کارەکتەری پەنابەرەکەی دەرەوی وڵات ئاماژەی بەم جەژنە ئایینیی و کولتوورییە کردووە. ((ئێستاش من ئەو هێلکە زەرد و سوور و شین و سەوزانەم ماون و هەڵمگرتوون سەبەتەیەک هێلکەی ڕەنگاوڕەنگ کە جاروبار بە دیاری دەیدامێ، کە ئەگەرچی خۆم سەدەها جار دڵم دەوەستێ ئەو مەعشووقەم شکا... )). (حەسەن،٢٠١٥، ١٧٤). ڕۆماننووس هەوڵدەدات کولتووری ئایینی مەسیحی لەم ڕۆمانەدا بەرجەستەبکات. هێلکە بە ڕەنگی جۆراوجۆر و نەخشێنراو و هێلکاری و ئارایشتکردنی بە چلۆپۆپ و قردێلە کولتوورێکی ئایینییە و لە جیهانی مەسیحییەت باوە، پەیوەستە بە جەژنی قیامەوە و بە دووەم جەژن دادەنرێت لە دوای جەژنی لەدایکبوونی مەسیح. ئەم جەژنە لای شوێنکەوتوو و پەیڕەوکارانی ئایینی مەسیحی، بە واتای زیندووکردنەوەی حەزرەتی مەسیح دێت، بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی ئەو ڕۆژە، یان جەژنە پەیڕەوکارانی ئایینی مەسیحی بۆ ماوەی پەنجا ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ پێشوازی لەو جەژنە. هەر لە چوارچێوەی بیروباوەڕی مەسیحییەکاندا ڕۆژی لە خاچدان و مردنەکەی حەزرەتی مەسیح دەکەوێتە ڕۆژی "هەینی پیرۆز"، دوای سێ ڕۆژ کە دەکاتە ڕۆژی "یەکشەممە" حەزرەت هەستایەوە و گەڕایەوە بۆ ژیان. ئەم کولتوورە هەتاکو ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە لەلایەن پەیڕەوانی ئایینی مەسیحییەوە.

### ژن لە ڕۆمانی "دواشەوی دابەزینی عیسا"ی "شێرزاد حەسەن"دا.

ژن وەک یەکێک لەو بوونەوەرە کۆمەڵایەتییە گرنگانەی کە بە درێژایی مێژوو زیاتر لە پیاو جێگەی مشتومڕە لە ڕووی جیاوازیی و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەلایەکی دیکەش ژن دەبێتە پێکهاتەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگا، بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە بە کولتووری

نالـەبارەوە تەنـدراون، کـە هـەر یـەکێکیان ئـێش و ژان و چەرمەسـەری خـۆی هەیــە، وەک: قــەیرەبوون، کچبــوون، ژنبــوون، بێوەژنبــوون، دایکبوون، هاوسەربوون و ... هتد، ئەمانە هەریەکەیان  وێنەی جیاوازن، لە ئەنجامی ئەمەشدا تێڕامان و دیدگا و لێکدانەوەی جیاواز دێننەئاراوە. ژن زیـاتر لـە ڕەگـەز و پێکهاتـە و توێژەکـانی دیکـەی مـرۆڤ هـەر لـە زووەوە لـە نێو فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی چەقی گەلێک بـاس و خـواس بووە، هەروەها لە سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی هونـەری کوردییـەوە تـا ئـەمڕۆ ژن بونـەوەر و بابـەتێکی هەسـتیار و پـڕ واتـا و دەلالـەتی چیرۆکەکانـە، بۆیـە زۆرجـار لای ئـەدیبان ئاوڕیـان لێدراوەتـەوە، وەک ڕەمزی خۆشەویستیی و هـەڵگری خەمـەکان و هەنـدێکجاریش بوونەتـە قوربـــانی و مایـــەی چەوســـانەوە لـــە ژێردەســـتی ئـــەو سیســـتەمە کۆمەڵایەتییەی کە ڕەگی لەناو کولتووردا داکوتـاوە. (ڕەسـووڵ، ٢٠١٢، ١٩٩). ڕۆمانیش وەکو ژانرێکی ئـەدەبیی و هاوچـەرخ سـەکۆیەکی بڵندە بۆ بەرجەستەکردن و وێناکردنی ژیانی سەردەم و لە خۆگرتنی کێشە و گرفتی مرۆڤەکان زەمینەیـەکی لـەبار و پانتایـەکی گونجاوی تێدا بـەدی دەکرێـت، بـۆ ئـەوەی ڕۆمـاننووس بتوانێـت لـەوێوە گوزارشـت لـە بیروڕاکانیان بکەن و دیدی تایبەتی خۆیان بخەنەڕوو. (ڕەسووڵ، ٢٠١٣، ٢٩٢).

لـە ڕۆمـانی "دواشـەوی دابـەزینی عیسـا"دا، دایـک وێنەیەکـە لـە ژن ڕەمــزی خۆشەویســتی و ســۆزداری و قوربانیانیــدان و ســەرچاوەی دڵدانـەوە و دڵنەواییشـە، لـە هەمانکاتدا ئـامرازێکی ترسـێنەرە لـە ڕووی پـــەروەردەیی و هاوبەشـــی کـــردەی خەســـاندن،  هـــەروەها دایـــک سـەرچاوەی نزا و پاڕانەوە و ترۆپکی قوربانیدانـە بـۆ ئـەوەی ڕۆڵـەکانی بەدووربن لە هەموو نەخۆشـی و ناخۆشـییەک. کارەکتـەرێک، لـە ڕێگـای مۆنۆلۆگی، ناڕاستەوخۆوە لە دلی خۆیەوە بەم شێوەیە باسی ئازایـەتیی

و بوێریی و بڕوا و باوەڕمەندی دایکی دەکات، وەک بوونەرێکی بێوێنە وێنای دەکات. (دایکم خوێنی مریشک و کەلەشێر و بەرخی قوربانی دەڕژاندە ژێر ئەو دارهەنجیرە زڕەی حەوشەکەمان بەو نزایەی بەربگرێت..). (حەسەن،٢٠١٥، ١٧).

ژن تا هۆشیار بێت، دەروازەی زێتر بەڕوویدا دەکرێتەوە، هەم دەبێتە بەشێک لە سەرچاوەی ژیان بۆ خێزان، و هەم بۆ کۆمەڵگاش دەبێتە سەرچاوەیەکی وزەی ڕۆحیی، لەبەر ئەوەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان کۆمەڵگا و ژندا هەیە. لە ڕۆمانەکە ئەو قسە باوە بەرجەستە بووە کە دەڵێت: لە پشت هەر پیاوێکی سەرکەوتوو، ئافرەتێکی سەرکەوتوو هەیە. وەک لەنێو ڕۆمانەکەدا دیارە، ڕۆماننووس ئاماژە بە خێزانی پەنابەرێک دەکات، کە چەندین میل لێیەوە دوورە، کەچی سوورە کە پشتی پیاوەکەی بەرنەدات. (لە دوا نامەدا خانمەکەم بۆمی نووسیبوو: شەوی سەری ساڵ خۆت دڵگیر مەکە و لە خۆشی و بەزمی ئەو شەوە شیرینەی کریسمس خۆت بێبەش مەکە، کەسەکەم... وشەی کەسەکەم... بەندی دڵمی پچڕاند...). (حەسەن، ٢٠١٥، ٢٠). ڕۆماننووس لە بارودۆخ و هەلومەرجی ئەو خێزانەدا، دەیەوێت زەمینەسازی بەختەوەری و بەختیاربوونی خێزان بخاتە بەرباس، پێیوایە کامەرانی و بەختەوەربوونی نێوان ئەو خێزانە بەوشێوەیە بەرجەستە بووە کە خودی خێزانەکە لە دۆخێکی سەقامگیری دەروونی دان، بە چەشنێک نە خەم و ناسۆرییەکانی ڕابردوو سەر و دڵی گرتبن و مێشکی داگیرکردبن، نە ترس لە ئایندە و چارەنووسی نادیار دووچاری دڵەڕاوکێ و بەدگومانی و نائومێدی کردبن و قورگ و بینە قاقای گرتبن، بەڵکو ئەو خێزانە بە هەموو ناخۆشی و دەردەسەری و ئالنگاری و لێکدابڕانی نێوانیان چێژ لە ئێستای خۆیان وەردەگرن و ڕەتی ناکەنەوە، کامەران و بەختیاربوونیان لە چرکەساتی ئێستا دایە،

هزر و ئەندێشە و هەست و هۆشیان لەو کارانە دایە کە ئێستا دەیکەن. لەپاڵ ئەمانەدا لایان وایە خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا ئەوەیە کە ئێستا فریایان دەکەوێت، نەوەک ڕابردوویەکی لەدەستچوو و ئاییندەیەکی نادیار و ڕوون. ئەو خێزانە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە چێژی لەوە دایە کە لەگەڵ یەکەبەیەکەی هەوراز و نشێوییەکانی ژیان ڕێبکەیت، نەوەک هەمیشە لە لووتکەی خۆشگوزەرانییەکانی ژیاندا گیربخۆیت.

دەسەڵاتی نێرینە، نێر و پیاو و باوکسالاری ئەو ڕەگەز و پێکهاتە و گرێچنەی سەرەکییەی زۆربەی بەرهەمەکانی"شێرزاد حەسەن"، وەک هێمایەکە لە هێماکانی دەسەڵات، بەڵام چۆن دەسەڵاتێک؟ بێگومان بەلای "شێرزاد حەسەن"ـەوە گوزارشتە لە دەسەڵاتێکی ترسێنەر و تۆقێنەر و بێبەزەیی، ئەو باوکانەی کە دێنە نێو پانتایی نووسین لە بەرهەمەکانی "شێرزاد حەسەن" دەبنە کارەکتەری سەرەکی، یان خەسڵەتێک لەو خەسڵەتانە وەردەگرن کە بەجۆرێک گوزارشتە لە دەسەڵاتێکی نادادپەروەرانە، کە ڕێگا و زەمینەخۆشکەرن بۆ هەڵگیرساندنی بەشێک لە گیروگرفت و کێشەکان، ئەو باوکانە جیا لەو باوکانەی وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و شێوەیە فسیۆلۆژییەکە دەردەکەون، بەڵکو ئەوان لێوانلێون لە هێما و دەلالەتی تایبەتی بۆ دەسەڵات و خودی شێوەکانی دەسەڵات، گومانیش لەوە ناکرێت کاتێک باوکەکان بوونیان دەبێت لە نێو نووسینەکاندا دەبن بە جەڤەنگ و هێمای سیستەمی ئاکاریی و کولتووریی کۆی سیستمە ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییەکان، وێنەی باوک لەنێو چیرۆک و ڕۆمانەکانی "شێرزاد حەسەن"دا، خۆی لە کۆی ئەو سیستەمە ئاکاریی و کولتووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییانە دەبینێتەوە، کە بوونەتە سێبەرێکی ترسێنەر بەسەر نەوەکاندا و وەک تارماییەک دایاندەپۆشێت، دواتریش دەبنە ڕۆژگارێکی پڕ لە تراژیدیای

پەرتەوازەبوون و دابڕانی وەچەکان، بەڵام ئەو سیستەمە کۆتایی پێدێت؟ بێگومان وەک دەسەڵاتی بۆماوەیی یەک بۆ یەکتری جارێکی دیکە دەبنە هەمان دەسەڵات و درێژەپێدەری دەسەڵاتدارانی پێشوو، کە بە سەر یەکەبەیەکەی نەوەکانی پیادە کراون. کولتوور کۆمەڵێک سیفەتی ئاکاریی و بەهای کۆمەڵایەتیین، کە کاریگەرییان لەسەر تاک هەیە، ئەم کاریگەرییە لەقۆناغی لەدایکبوونەوە دەستپێدەکات، بەشێک لەم کولتوورە لە نائاگاییدا پەنگ دەخواتەوە، بە تایبەتمەندی خۆیان دەناسرێنەوە، بەشێکیان ڕۆڵیان دەبێت لەپێکەوەنانی شارستانییەت. (بن نبي، ٢٠٠٠، ٧٤).

لەم ڕۆمانەدا کارەکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکە چیرۆکی هاتنی بۆ ئەوروپا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: دایکم نیگەران بووە بە هاتنم بۆ ئەوروپا و خۆزگەی بەوە خواستووە کە پێش ئەوەی بمرێت جارێکی دیکە بیبینێتەوە و ئامێزی گەرمی بۆ بکاتەوە و بۆنی بکات، بەڵام باوکی لە کاتی ماڵئاواییکردنی ماچی نەکردووە و تەنانەت بۆ بەڕێکردنەکەشی نەهاتۆتە دەرەوەش: (دایکم لەبەر دەرگاکە وتی: کوڕە شیرینەکەم... خۆزیا نەدەمردم چاوەکانم لەوە کزتر نەدەبوون و تۆم دەبینییەوە... خۆزیا درەنگت پێنەدەچوو کوڕە شیرینەکەم... دەترسم بەسکبدەم و جەرگم بسووتێت و نەتبینمەوە... خۆم گرماند و لە باوەشی بۆنخۆشی دایکمدا خۆم مات و گرمۆڵە کرد بەو ئومێدەی باوکم بێتە دەرەوە و ماچی ماڵئاوایم بداتێ. نەهات نەیکرد... بەسەر دایکمدا نەڕاندی: مریەم... ئەو لشمەلشمە چییە؟ خۆ ناچێتە غەزایە... سورگمی وا بابڕوات و ملی بشکێنێت... ئاو ئاو بچێت...). (حەسەن،٢٠١٥، ٦٧). ڕۆماننووس لەم دیمەندا دەیەوێت زێتر درک و هەست بە ڕەمەکی دایکایەتی بکەین، بۆ ئەم مەبەستە پێیوایە ڕەمەکی دایکایەتی زۆر بەهێز و پڕ وزەترە لە ڕەمەکی خودی خۆشەویستی. لێرەدا ئامێزی دایک هەرزانترین دەرمانە،

ماچبـارانکردنی ڕۆڵەکەی نایـاب و دەگمەنتـرین چارەسـەری ئـارامی دەروونـی و جەستەییە، لە چرکەسات و ڕۆژگارە دژوار و بێناز و بێ بێبەزەیـی و تاڵەکـانیش، دایـک هەر شـیرینی و جـوانیی لێدەبارێت و سـەرچاوەی نـاز و بەزەیـیە. لەهەمانکاتـدا ڕۆمـاننووس جەخـت لەوە دەکاتەوە سەرچاوەی خۆشەویستییەکان و لابەری ڕق و کینە بۆ دایک دەگەڕێتەوە، هەر کاتێک ڕۆڵەیەک گەیشـتە بـڕوا و باوەڕێک کە دایک لەڕادەبەدەر خۆشیدەوێت، ئەویش بڕوا و بـاوەڕ و متمـانەی لا دروست دەبێـت کە مرۆڤەکـانی خۆشـبوێت. کەواتە فەلسـەفەی لەئـامێزکردن و ماچبـارانکردنی دایــک، فێـرگەیەکە بـۆ ئەوەی ڕۆڵەکەی لە ڕەفتـاری دوژمنـانە و گرێ دەروونـی و خەمـۆکی و پەرگیری و متمـانە و بـاوەڕ بەخودنەبوون و ... هتد دووربکەوێتەوە. باوک وێنەی دەسەڵاتێکی بەرز و بێبەزەییانەیـە، هـەموو بـوونی خـۆی لـە دەسـەڵاتەکەی دەبینێتـەوە، هەمیشـــە مەبەســـتییەتی پیـــادەی هـــەموو ئـــەو دەســـەڵاتی نێـــر و باوکسـالارییانەی خـۆی بکـات، لەکاتێکـدا ئـافرەت لـە بەرانبـەر پیـاو بـوونێکی ئـەوتۆ نییـە کـە بـەر لـە دەسـەڵاتەکانی بگرێـت و بەشـێک لـەو دەســـەڵاتانەی ڕابگرێـــت، لەئاکامیشـــدا منداڵـــەکانیش قوربـــانی ئـــەو دەسەڵاتەن.

لەگەڵ ئەو میهرو بـەزەیی و سـۆزەی دایک بۆ ڕۆڵـەکانی هەیـەتی، لـەنێو ڕۆمانەکەداشـدا بـەم چەشـنە و بگـرە زێتـریش بەرجەسـتەکراون، دایک سـەرچاوەی نزا و پاڕانـەوە و خۆشـەویسـتی بـووە بۆ ڕۆڵـەکانی، وەک کارەکتەری سـەرەکی لـەکاتی گفتوگۆی لەگـەڵ کەسـایەتی ئایینیی باسـی ئـەم سیفەتە هەمیشـەییانەی دایکی کردووە و دەڵێت: (عیسـای بـرام... تـۆ دەزانـی بـاوکم هـەرگیز مـاچی نـەکردووم نزایـەکی بـۆ نـەکردووم... دایکـم دوای هـەموو نوێژێـک لەسـەر بـەرماڵ دەگریـا و دەیلوورانـد و لـە خـودای ئاسـمان دەپاڕایـەوە کـە بمپارێزێـت).

(حەسەن،٢٠١٥، ٦٨). کەواتە دایک بەرلەوەی داوای نزا و پاڕانەوە بکات بۆ خۆی داوای نزا و پاڕانەوە لە خوا دەکات بۆ ڕۆڵەکانی. نزای دایک بـۆ ڕۆڵەکەی گەنجینەیەکـی لێوانلێـو لە فەڕ و خۆشـییە، لەهەمانکاتـدا هەگبەیەکـــی پـــڕ چـــاکە و چـــاکەخوازییە بـــۆ دوارۆژ. لە ڕوانـــگەی ڕۆماننووسەوە هێندە نزاکردن و پاڕانەوەی دایک بۆ ڕۆڵەکەی جۆرێکە لە وازهێنان لەخود، ڕووکردنە لە ئەو "ڕۆڵەکەی"، دەشێت دایک هێندە خۆی قبوول نەبێت، بەڵام تەواو ڕۆڵەکەی قبووڵە، بڕیاری داوە خۆی فەرامۆش بکات و گرنگی بە ڕۆڵەکەی بدات. ڕۆماننووس پێیوایە نزا و پـاڕانەوەی دایـک بـۆ ڕۆڵەکەی، لە ئەنجـامی کلۆمـدانی دەرگاکـانی ئەم زەمیـنە گەورە و بەرفـراوانەیە بەڕووی ڕۆڵەکانـدا، لەهەمانکاتـدا نـزا و پاڕانەوەکـان کلیلـێکن بـۆ کـردنەوەی دەرگـای ئاسـمانەکان بەڕووی ڕۆڵەکاندا و هەڵهاتی خۆری ئومێد و ئاواتەکانە.

کوشتنی ئافرەت بە پاساوی شۆڕدنەوە و پاککردنـەوەی شـەرەف، کوشـتن  بـەم پاسـاوەوە دیاردەیـەک نییـە تایبـەت بێت بەکۆمـەڵگا و نەریتێکی دیارکراو ، بەڵکو لـە چەندین کۆمـەڵگای جیاجیادا ئـەم تاوانـە ئـــەنجام دەدرێـــت. بەشـــێوەیەکی گشـــتی کوشـــتن بـــە پاســـاوی بەدەستهێنانەوەی شەرەف، بریتییە لـە کوشتنی ئافرەت لەلایـەن بـاوک، یـان بـرا، یـاخود نێرینەیـەک لەسـەر ئەنجامـدانی گومـان لـە ئەنجامـدانی کـــاری سێکســـی پـــێش شـــووکردن، یـــان لـــە دەرەوەی پرۆســـەی هاوسەرگیری. ئەم تاوانە جیا لەوەی هاودژە لەگـەڵ بـەها مرۆڤایـەتی و پەیامەکانی ئاسمانی و کاریگەری یەکجار نەرێنیش بەجێدەهێڵێت لەسەر کۆمەڵگا و ئەو کولتوورەی ڕەوایەتی بە تـاوان دەدات. تـاوان و کوشـتن لەسـەر بنەمـای شـەرەف لە کوردسـتاندا ڕەگوڕیشـەیان پەیوەسـتە بـە واقعییەتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی، بە دیارکراوی کولتوور و دابونەریت. لەپـاڵ ئەمانەشـدا تایبەتمەنـدی هەڵـکەوتەی جیۆگرافیـای سیاسـیی و

چەقبەستوویی کۆمەڵگا. هەموو ئەمانە و چەندان تر ڕێخۆشکەرن بۆ هێشتنەوە و برەوپێدانی. (وێڵشمان و حوسێن،٢٠١١، ٢٥١). هەروەها لەسەر دەروون و کەسایەتی کەسانی پەیوەندیدار بەتایبەت منداڵ و ئافرەتانی ئەو خێزانە و بۆ دوور مەوداش کاریگەرییەکە بەردەوامی دەبێت و دەمێنێت، کوشتنی ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا پەیوەستە بە تێڕوانینی کۆمەڵگا، بەتایبەت تێڕوانینی پیاو بۆ هەڵسوکەوت و ئاکار و ڕەفتاری ئافرەت، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییانەی بەپێی ڕێسا و دابونەریتەکانی خێل و لەژێر پێناسەی ئاکار بۆ ئافرەت دادەنرێت، بەڵام ئەو پێودانگەی ڕێسا و دابونەریتانە پیاو ناگرێتەوە بەدەگمەن نەبێت پیاو سزای کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەفتار و ئاکار و هەڵسوکەوتەکانی وەرناگرێت، ئەوەش دەسەڵاتی ڕەهای پیاو پیشاندەدات لە هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکان و هاوکات دووڕوویی و جیاکارییەکی زەقی ڕەگەزییە لە ڕوانین و چاوەڕوانی لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتیی و کولتوورییەکاندا، لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانین بڵێین: کولتوور بریتییە لە کۆی ئەو داتایانەی کە دەیانەوێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دەربکەون، کۆمەڵێک سیستەمی مەعریفی و کۆمەڵایەتیی پێکدەهێنن، کە ژیانی تاکەکان لەنێو کۆمەڵە و دەستە و چین و توێژێکی دیاریکراو ڕێکدەخات، کە لە شوێنکاتدا هاوبەشن. لە ئەنجامدا کولتوور شوناسی زۆربەی ڕەهەندە ماددیی و ئاکارییەکان دیاریدەکات. (الصدیق،٢٠٠١، ١٨ ،١٧).

ڕۆماننووس لە سەر زاری کارەکتەرە پەنابەرەکە ئەم بابەتە تراژیدییەی  وروژاندووە و دەڵێت: (لە وڵاتەکەی مندا ڕۆژانە ژنان لەسەر گومانێکی چکۆلەیان، سەبارەت بە شەرەف و ناموسەوە دەکوژرێن بێئەوەی کەس دەستی پیاوە خوێنخۆرەکان بگرێت...). (حەسەن،٢٠١٥، ١١٨). لەدووتویێی ئەم پرس و بابەتە هەستیارەی

کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، "شێرزاد حەسەن" باس لە کوشتار و کوشتنی ژن دەکات، ئەوەی ئەو باسی دەکات کوشتنە جەستەییەکەیە، ئەمەیان واتا ڕووکەشەکەیەتی، بەڵام ڕۆماننووس لە دووتوێی نێوان دێڕی دەقەکاندا باس لە کوشتار و کوشتنی مەعنەویی دەکات، کە ئەمەیان واتا قووڵ و دەلالەتە سەرەکییەکەیە. کوشتنی ژن ڕەگوڕیشەکەی بۆ نەریت و کولتووری کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، نەوەک پرس و مەسەلە ئایینییەکان، چونکە هەموومان دەزانین کوشتنی ڕۆحێک بەو ئاسانییە لە هیچ ئایینێک ڕێگەپێدراو نییە. لەلایەکی ترەوە ڕۆماننووس پێیوایە کوشتنی ژن وەک مرۆڤێک، بێ ئەرزشکردنی ژیاندۆستی و بێ بەهاکردنی مرۆڤە. سەرەڕای ئەمە ڕۆماننووس جەخت لەوە دەکاتەوە قوربانیدانەکە هەر لێرە کۆتایی پێنایەت و نابڕێتەوە، بەڵکو سەردەکێشت بۆ قوربانیانی تر، هەر لەم پرۆسە نەفرەتییەدا منداڵانیش دووچاری کوشتار و کوشتنی ڕۆحی دەبنەوە، لە ئەنجامی ئەمانەشدا چارەنووسی کۆمەڵگایەک دەکەوێتە مەترسی و لێکترازانەوە. سەرەڕای ئەمانە لە سۆنگەی ڕۆماننووسەوە ئەو پرۆسەی توندوتیژی و کوشتنە، وەنەبێت ئەهوەن بێتەوە، بەڵکو ئەو توندوتیژی و کوشتنە، ڕق ئەستووربوون و توندوتیژی و کوشتن بەرهەم دێنێتەوە و دارمانی ئاشتی کۆمەڵایەتیی دەبێتە وێنە دیار و زەقەکەی.

ئافرەت ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە گەشەپێدانی پەروەردەیی منداڵ کە بریتییە لە پەروەردەکردنی و پێگەیاندنی، چونکە کاتێک کە منالە وەک کەرەستەیەکی خاوە ئاراستەکردن و ڕێنمایی وەردەگرێت وێنەی هەموو ئەو دابونەریت و کولتوور و ژینگەیی کە تیایدا دەژیت هەڵیدەمژێت، تیایدا فێری بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی و نەریتی تەندروستی باش دەبێت. (الكردی، ٢٠١٤، ٣). قۆناغی بەخێوکردن و پەروەدەکردن لە تەمەنی منداڵیدا دەبنە ئەرکی سەرەکی دامەزراوەی

خێزان دایک بە پلەی یەکەم و باوک بە پلەی دووەم دێت، لەم قۆناغەدا بەخێوکردن و پەروەردەکردن دوو ئەرکی جیاوازی دایک و باوکن، چونکە بەخێوکردن گەشەدانە بە باری فیزیکی ئەو ساوایە لە ئەنجامی دابینکردنی پێداویستییە فیزیکییە سەرەتاییەکانی وەکو: خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و ... هتد. پەروەردەکردنیش گەشەدانە بە ئارەزوو و ئەندێشە و دەروونی منداڵ لە ڕێگای فەرهەمکردنی کەشێکی ئارام بۆی، بەمشێوەیە ئاراستەکردنی بۆ ڕێبازی ژیان ئامادە دەبێت. بۆیە منداڵ پێویستە فێربکرێت چۆن بیربکاتەوە نەک بیر لە چی دەکاتەوە. (گەرمیانی ، ٢٠١٤، ٧٥). دایک یەکەمین کەسە کە ڕووبەرووی ئەو پرسیارە ساکارانە دەبێتەوە کە مناڵ دەیکات، کاتێک کارەکتەرێک بەناوی"عیسای پێغەمبەرەوە" لە پەنابەرەکە دەپرسێت: تۆ لە کەیەوە فێری ئەو هەموو بەزم و گومان و پرسیارانە بوویت، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: من هەر لەو کاتەی کە مناڵ بوومە پرسیار و گومانم هەر هەبووە، وەک گومانی مەرۆکە و بزنۆکە و حەقایەتی ئەو چل و چوار هەزار پەیامبەرە، هەروەها پرسیارکردن لە چۆنیەتی لەدایکبوونی خۆم، هەروەها ئەمانە و چەندان پرسیاری تر، بەڵام دایکم بەهۆی میهرەبانییەکەی و ئاوەزە ساواکەمەوە، وەڵامی داومەوەتەوە. (بەڵێ... هەموو منداڵەکان بە کچ و کوڕەوە پرسیار و گومانیان هەیە، بەڵام گەورەکان دەیانترسێنن بەوەی کە نەپرسن و گومان نەکەن دایکی من ئەوەندە میهرەبان بوو کە بە قەد عەقڵە ساوەکەی خۆمەوە وەڵامی دەدامەوە...). (حەسەن، ٢٠١٥، ١٤٤). ڕۆماننووس، پەردە لەڕووی دیاردەیەکی کولتووریی باوی نێو کۆمەڵگای کوردی هەڵدەماڵێت، کە ئەویش خۆدزینەوەی گەورەکانە، یان دایک و باوکە لە پرسیار و گومانی منداڵەکان، یان بەلاڕێبردنی پرسیار و گومانەکانە بە ئاقارێکی ناڕوون و تاریک و نووتەکدا. ڕۆماننووس پێیوایە ئەو گومان و

پرسـیارانەی کە لە دایـک و باوکـان دەکرێـت لەلایەن منـداڵانەوە و وەڵامیـان چنـگ ناکەوێـت، چەنـد مەبەسـتێکی لەدوایە. یەکێـک لەوانە پەیوەسـت بە ئاسـتی زانسـت و زانینـی دایـک و بـاوکەوە، کە لەم چوارچێوەیەدا دایک و باوک زانیارییەکان هێندە نییە گومانی منداڵان بڕەوێننەوە و پرسیارەکانیان وەڵامبدەنەوە. یەکێکی تر دایک و باوک لەڕووی تەرخانکردن کات و دەرفەتـی دانیشـتن لەگەڵ منـداڵەکانیان کەمـتەرخەمن، توانـا و بڕسـتی ئەوەیـان نییە پێداویسـتی منـداڵەکان لەڕووی ژیریـی و ئاوەزمەنـدییەوە پـڕبکەنەوە. خـاڵێکی تـر دایـک و باوکەکان بە مەبەست نایانەوێت وەڵامی پرسیاری منداڵەکانیان بدەنەوە و ببنە هەوێنی ڕەوینەوەی گومانەکانیان، بۆ ئەمەش ڕەنگە دابونەریت و کولتوور بکەنە بیانوویەکی حازر بەدەست. یان ئەگەر پرسیارەکانیشیان وەڵامبـدرێنەوە، ئەوا بە مەبەسـت بەلاڕێـدا دەبـرێن و دەشـێوێندرێن. لەکاتێکدا هەمووومـان ئەوە دەزانـین خەیـاڵی بەرزەفـڕی منـداڵ بـڕوا و بـاوەڕێکی چەسپاوی لەلا سـازاندووە، کە پێیـوایە دایک و باوکەکەیـان شت نییە نەیزانن و دەبێت هەموو شتێک بزانن؟! سەرەڕای ئەمانە ڕۆڵی دایـک گرنـگ و بنەڕەتییـە لـە پـەروەردەکردن و پێگەیانـدنی ڕۆڵـەکانی، لەبەرئـەوەی زۆربـەی کاتـەکانی لەگـەڵ منداڵـەکان بەسـەردەبات، بۆیـە ڕۆڵی دایک لە پەروەردەکردنی منداڵدا زیاترە لە ڕۆڵی باوک، چونکە ئەو لەگەڵ منداڵەکانیدا لە هەستیارترین قۆناغـەکانی ژیانیـان بوونی دەبێت، بێگومان قۆناغێکە بەشێک لە کەسایەتی منداڵ لێرەوە دەستپێدەکات.

**مەرگدۆستیی لە ڕۆمانی "دوا شەوی دابەزینی عیسا"ـی "شێرزاد حەسەن"ـدا.**

بێگومان چەمکی کولتوور هەر تەنیا پەیوەست نییە بە فرەچەشنی شێوازی ژیانەوە، بەڵکو هەندێکجار کولتوور ڕەگی قووڵی لە بڕوا و بـاوەڕی مرۆڤەکـانەوە داکوتـاوە، کە ئەم بـڕوا و بـاوەڕانە کاتێـک

بەریەککەوتنمان لەگەڵ کایەکانی ئایین و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی... هتد دەبێت لە هەست و نەستی مرۆڤ جێگیردەبن، بۆیە خۆی لە خۆیدا کولتوور سیستەمێکی ئاڵۆسکاو و تێکچڕژاوە. (کوش، ٢٠٠٧، ٣١). بێگومان مرۆڤ هەر لە قۆناغی منداڵییەوە کاتێک هەندێک درک و هەست بە شت و بابەت و دیاردەکان دەکات، بیر و تێهزرین و ئەندێشەی بەلای چەندین پرسیار و گومان و سەرسوورمان دەچێت، یەکێک لەوانە مەسەلەی مەرگ و مردنە، ئایا ئەم پرسیار و گومان و سەرسوورمانانەی لەبارەی مەرگ و مردنەوە کە لەم قۆناغەدا دەکرێن کۆتاییان دێت؟ یان بەرفراوان و قووڵتردەبنەوە؟ بێگومان هەر ئەم پرسیار و گومان و سەرسوورمانانەی لەبارەی مەرگ و مردنەوە دەکرێن سەرەڕای بەرفراوانبوون و قووڵتربوونیان، دەبنە مایەی کەمەندکێشکردنی چەندین پرسیار و گومان و تێڕامانی تر، کە مردن هەیە، دەبێت ژیان هەبێت، کە ژیان هەیە ئەو هەموو بونەوەرانە بۆچی دەژین؟ بۆچی دەمرین؟ چۆن ئافرێندراون؟ کەی و لە کوێ ئافرێندراون؟ ... هتد. ئەمانە و چەندانی تر هەندێکیان بێ وەڵام دەمێننەوە، هەندێکی تریان وەڵام دەدرێنەوە لە ڕوانگەی ئایین، یان زانست، یاخود فەلسەفەوە.

مەرگ ترسناکترین ڕووداوی ژیانی مرۆڤە، کە بەدرێژایی تەمەنییەوە سێبەرە تاریکەکەی بەسەر ژیانیدا بارە. مردن ترسی خستۆتە ناو دڵی مرۆڤ، لە سەردەمی زوو هەوڵیداوە لەم ڕووداوە تۆقێنەرە و چارەنووسسازە تێبگات و چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە، بێگومان مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەی سەلماندووە کە مردن هیچ چارەسەرێکی نییە، کەس ناتوانێت لێی ڕابکات و کەسێک نییە دواجار مەرگ بەرۆکی نەگرێت و تاڵاوی مەرگ نۆش نەکات.هەر لەدێر زەمانەوە پرسی "مردن و نەمریی" پرسێکی گرینگ بووە لای مرۆڤ،

گـەر سـەیری ئەفسـانە کۆنـەکانی گـەلانیش بکـەین بەشـێکی زۆریـان گوزارشت لە خەونی "نەمریی" لای مرۆڤ دەکەن، بەتایبەتی ئەفسانەی "گڵ گامێش" بەشێوەیەکی گرنگ ئەو پرس و بابەتە هەستیارەمان بۆ دەردەخـات. لەلایـەکی تریشـەوە پرسـی "مـەرگ" سـەرەتا لـە لای فەیلەسـووفانی گریـک پانتاییـەکی بـەرفراوانی هـەبووە، هـەتاوەکو لای فەیلەسووفانی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنیش پرسی مەرگ جێگەی بایەخ و شرۆڤەی ئەوانە، بەڵام کەسیان وەکو "مارتن هایدگەر" خۆی بۆ بەو بابەت و پرسەوە سەرقاڵ نەکردووە. "هایدگەر" لەکاتی شرۆڤەکردنی بـوونی مرۆڤدا دەڵێت: بـوونی مـرۆڤ خـۆی هەمیشـە پەیوەنـدی بـە مەرگەوە هەیە. (جلال، ٢٠١٢، ٧٨). واتـە مـەرگ هەمیشـە لەگـەڵ بـوونی مرۆڤ دایە، یان بابەت و شتێکە کە هەمیشە لەگەڵی دەدوێت و بەرۆکی بەرنادات.

"ئەریک فرۆم"یش خۆی زۆر بە بابەت و پرسی مەرگەوە خەریک کردووە، لەهەمانکاتیشدا باس لـە دوو چـەمکی نوێ دەکات. "بیوڤیکی= ژیاندۆسـتی" و "نیکـرۆ ڤیکـی= مەرگدۆسـتی"، لای کەسـی ژیاندۆسـت چاکە هەموو ئەو شتەیە کە لە خزمەتی ژیان دایە. خراپەش ئەوەیە کە لە خزمەتی مەرگ دایە. (فرۆم، ٢٠١٣، ٣٧).

لای کەسـی "نیکرۆڤیکـی= مەرگدۆسـت" هەمیشـە هەوڵـدەدات کـە بـەرگێکی جـوان ببەخشـێتە "مـەرگ"، بەپێچەوانـەی "کەسـی بیـوڤیکی= ژیاندۆست" هەمیشە هەوڵدەداتکە ژیان جوان و خۆشەویست بکات.

"گابریل مارسیل" تێڕوانینی بۆ مردن گەشبینانەیە، چونکە باوەڕی وایە "مردن" تەنها ئەو کات ئازاردەرە، کە ئازیزان لەدەستدەدەین. ئەگەر بەگشتی مـردن وەک لـە ناوچوونێک سـەیر بکـەین، نیگـەرا نمـان ناکـات، بەڵکو نیگـەرانی تـەواو کاتێک دەبێت کە کەسـێک خۆشـمان دەوێت لـە دەستی دەدەین. ئەوکات مردنـی ئـەو دەبێتـە بەڕووداوەسـتانێک "تحدی"

لەبەرامبەر ئێمە و دەبێتە تێکدەری ئەو پەیوەندی و یەکیەتییەی لەنێوانمان دایە، بەڵام بە ڕای ئەو وەفاداری توانای بەڕووداوەستانی لەگەڵ هەموو دیارنەمانێک هەیە، چونکە وامان لێدەکات، لەلایەکەوە هەست بکەین کە دۆست نامرێت، لەلایەکی تریشەوە وا هەست بکەین کە خۆشەویستی لە مردن بەهێزترە. لێرەوە هەندێکجار مردنی ئازیزێک وەک زیندوویەک لە بەردەممانندا ئامادەدەبێت و لە نێوانماندا گفتوگۆ ڕوودەدات، وەک ئەوەی لە نێوان زیندووانندا ڕوودەدات. ئەو باوەڕی وایە دەکرێت نامەناردنی ڕۆحی لە نێوان زیندووان و مردوواندا هەبێت، ئەمەش جۆرێکی نوێیە لە نەمریی. (شکار، ٢٠١٤، ٩٨).

کێشەی مەرگ ڕەهەندێکی دەروونی بۆ نووسەر و شاعیرو ئەدیب و فەیلەسووفانیش سازاندووە، کێشەی مەرگ زۆرجار مرۆڤ بەرەو ڕەشبینی دەبات و وا بیردەکاتەوە کە ڕۆژگارێک دادێت دەمرێت و ئەم جیهانە جێدەهێڵێت. بۆ ئەم مەبەستە هەموو دەستە و کۆمەڵ و نەتەوەیەک خاوەنی هەندێک تایبەتمەندی و هەڵسوکەوت و ڕەوشتی تایبەت بەخۆیەتی، لەسەر زۆربەی ئەندامانی ئەو دەستە و کۆمەڵەیە پێویستە لەسەری بڕۆن پەیڕەوی بکەن، ئەگەر وایکردئەوا دەبێتە تاکێکی گونجاو و ڕێزلێگراو لەلایەن کۆمەڵ ، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەی ئەو داب و دەستوورانە هەڵسوکەوتی کرد و ڕەتیانیکردەوە، ئەوا دەبێتە کەسێکی نامۆ و قێزەوەن و لادەر لەنێو کۆمەڵەکەیدا. کەواتە ((مەبەست لە دابونەریت ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوت و جۆری مامەڵەکردن و پەیوەندی و کەش و تەقسە کۆمەڵایەتییانەیە، کە کۆمەڵ لە درێژەی مێژووی خۆیدا بەرهەمیهێناون، وەکو خاسێتی هەرە دیاری سەلمێنەری ئەساڵەتی ئەو کۆمەڵگایە لێیان دەڕوانێت و بەشێوەیەکی گشتی جیاوازن لە دابونەریتی کۆمەڵگاکانی تر)). (قەرەداغی، ٢٠٠٧، ٢). ئەگەر سەیری نەتەوەی کوردیش بکەین دەبینین  وەک سەرجەم گەلان

خاوەن دابونەریت و شارستانییەتی تایبەت بەخۆیەتی، هەموو نەریتێک کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگاکاندا هەن بوونەتە کولتوور و هەریەک لەمانە بنەمای تایبەت بە خۆیان هەبووە و لە شت و بابەتی جیاجیاوە سەرچاوەیان گرتووە، هەروەها ساتی لە دایکبوونی خۆیان هەیە.

"مەریەمی مەجدەلی" کەسێکی گۆشەگیری نێو کۆمەڵگە و خێزانەکەیەتی، هەموو ژیانی بە خوداپەرستی و باوەڕداری تەرخان دەکات، شوێنی تایبەت بەخۆی هەیە، هیچ کەس سەردانی نەکردووە، جگە لە "پێغەمبەر زەکەریا".

خودا مژدەی بەگیانبوونی "پێغەمبەر عیسا"ی پێدەدات، دوای دووگیان بوونی "مەریەم" و لە دایکبوونی کۆرپەلەکەی گەڕانەوەی بۆ نێو گەلەکەی، هەموویان تۆمەتی ناڕەوایان بۆ هەڵبەستووە و گومانی خراپیان پێبردووە، لەو کاتەشدا خودا کۆرپەلە "پێغەمبەر عیسا"ی هێنایە گۆ داکۆکی و بەرگریی لە پاکیزەبوونی دایکی دەکات.

دیارە ڕۆماننووس لە ڕێگای خەونەوە، لەگەڵ کارەکتەری سەرەکی دەکەوێتە گفتوگۆ و "عیسا پێغەمبەر" کە چۆن "مەریەم"ی پاکیزە لە دەست خەڵکە فریودراوەکە ڕزگار دەکات، کە تاوانی بەدکارییان خستبووە پاڵ بەهۆیەوە دەیانویست بەردبارانی بکەن، ڕزگارکردنی "مەریەمی مەجدەلی" لەلایەن "عیسا"وە، بووە هۆی ئەوەی تاکو ئەمڕۆش لای ژنان وەکو کەسێکی خۆشەویست و داکۆکیکاری ئافرەتان سەیربکرێت.

(گەر تۆ بڕوات بە گوناه بووایە وەک خەڵکی ئەو شارەی خۆت... هەرگیز نەدەچوویت "مەریەمی مەجدەلی" ڕزگار بکەیت کە گوایە زینای کردبوو، گوناهە هەرە گەورەکەی ئەو ڕۆژگارە، ئەوکاتە بەردبارانی دەکەن کە تۆ بە دەستەکانی خۆت لەناو گاشەبەردەکاندا هەڵیدەگریتەوە و ئەو پەیامە تاقانەیەت بە گوێی هەمووان دەچرپێنیت. کێ لە ئێوە

گوناهی نەکردووە  با ئەو کەسە بەردی تێبگرێت). (حەسەن،٢٠١٥، ٦٣).
هەڵبەستنی درۆ و دەلەسە و فڕوفیشاڵ، یان بوختان کردن "بوهتان" هەوڵدان بۆ ناشیرینکردن و لەکەدارکردنی کەسایەتییەکان، یان کەسانی زمان و دەست و دامێن پاک، کار و کردەوەی کەس و دەستە و کۆمەڵە شکستخواردووەکانی نێو کۆمەڵگایە، لە پێناو بەدیهێنانی چەند دەستکەوتێکی مەعنەویی و ماددیی لە کات و شوێنێکی دیارکراودا ئەنجامی دەدەن. لە سۆنگەی ڕۆماننووسەوە ئەو سیفەت و تایبەتمەندییە قێزەونەی بەشێک لە مرۆڤەکان بە دەردێکی ترسناک و کوشندەی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی داناوە. خودی ڕۆماننووس جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوانەی بوختان دەکەن بۆ کەس و کەسایەتییەکان، ڕاستە لە خاڵ و چەند خاڵێکی دیارکراو زیانیان پێدەگەیەنن، بەڵام لە دواجاردا ئەوە بوختانچییەکانن زیانی زۆر و گەورە دەکەن تا ڕادەی لەنێوچوونی خۆیان، چ جای ئەوەی بوختانچییەکە بە چاوێکی بەدگومانی و بێڕێز و سووک و ڕیسوایانە لێیدەڕوانرێت، چونکە بوختانەکە دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی کەسەکە کە هیچ متمانە و باوەڕێکی بەخۆی نییە. هەر ڕۆماننووس پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بوختانکردن چەکێکی دووسەرەی دەستی مرۆڤە بچووک و بوودەڵە و هیچ لەبارنەبووەکانە، لە هەمبەر کەس و کەسایەتییانە بەهێز و کاریگەر و مەزنەکان بەکاردەهێنرێت، گڕی ئەو چەکە هەتا ئەو شوێنە بڕدەکات کە هێشتا بوختانچییەکە نەناسراوە، کاتێک دەناسرێتەوە ئەو چەکە گڕ لە تەمەنی خۆی بەردەدات.

"عیسای کوڕی مەریەم"  کە لە زمانی عەرەبیدا بە "یەسووع" ناوی دێت، خودا ناردوویەتی بۆ نەوەی ئیسرائیل و بانگی کردوون بۆ یەکتاپەرستی و بگەڕێنەوە بۆ ڕێگای ڕاست، بەڵام جوولەکەکان پێی پەست بوون، دواتر دەستیانکرد بە هاندانی ڕۆمەکان و دەسەڵاتداری

ڕۆمیان هاندا کە فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەربکات. بۆ ئەم مەبەستە کارەکتەری سەرەکی باسی دیمەن و ڕووداوی ئازارچەشتن و خوێنچۆڕانی کاتی لە خاچدانەکەی دەکات. دوای لە خاچدانی حەزرەتی "عیسا"ـی کوڕی "مەریم"، مەسیحییەکان وەک جوولەکەیەکی باوەڕدار لە پەرستگای "ئۆرشەلیم"ـدا درێژەیان بە خوداپەرستی خۆیاندا، بەڵام جیاواز لە پەرستشی جوولەکەکان، گەرچی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕۆژگارە ئەم پەیڕەوکارانەیان زۆر ئازاردەدا، بەڵام لەگەڵ ڕۆژبەڕۆژ پەیڕەوکاران بێشومار زیاددەبوون. (زەنگەنە، ١٩٩٩، ٧٣). دوای ئەم ڕووداوە گەورەیە ئایینی پیرۆزی مەسیح گەشەی سەند، تاکو ئەمڕۆش بەردەوامە. (دواجار کە تۆ پێغەمبەر بوویت... بەڵام وەکو هەمووان هەر لە گۆشت و خوێن پەیدابوویت... وەک دزەکانی لە خاچدراو بە تەنیشتەوە خوێنت لێ چۆڕاوە ... وا نییە؟ ...). (حەسەن،٢٠١٥، ١٠٣). ڕۆماننووس بە دیمەنەکانی ئەو ڕووداوە بە ئاگامان دێنێتەوە کە بەسەر خاتوو "مەریەم"ـدا هاتوون، پێیوایە گەر ئافرەتێکی پاک و بێگەرد و لەخواترس و پاکیزە دووچاری بوختانکردن بوویەوە، ئەوا ئاسایییە ڕۆژێک لە ڕۆژەکان مرۆڤێکی زمان و دەست و دامێن پاک بکەوێتە بەر لێشاو و هێرش و پەلاماری بوختانچییەکان، بە تایبەت لەسەردەمێکدا ماددەگەریی تەنگی بە مرۆڤایەتی هەڵچنیووە و قەیرانی نەمانی ویژدان و پەروەردەی ڕۆحی و ئاکار ڕووی لە مرۆڤایەتی کردووە.

هاوسەرگیری لە ئایینی مەسیحیدا پەیوەندییەکی زۆر پیرۆزە، هاوسەرگیری پەیوەندییەکی پیرۆزە و مەسیح بەرزیکردۆتەوە و بۆ ڕازی یەزدانی، بۆیە تەنها لە ڕێگەی کڵێساوە ئەنجام دەدرێت، ڕێککەوتنێکی سروشتی نییە، بەڵکو کارێکی ئایینییە و لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە، ئەوەش لەپێناو پتەوکردنی کۆڵەگەکانی مەسیحی گرنگییەکی زۆری بە مارەکردن و هاوسەرگیری دەدات، بۆیە پشت بە دوو بنەمای

ســـەرەکی دەبەســـتێت، بنـــەمای یـــەکێتی و بنـــەمای گشـــتی ئەگـــەر جیابوونەوە. لە ئایینی ئیسلامیشدا جگە لـە هاوسـەرگیری، دان بـە هـیچ پەیوەندییـەکی نێوان کچ و کوڕ دانانێت. ئـەمجۆرە هاوسـەرگیرییە بـۆ کۆمـــەڵگا بۆتـــە نـــەریت و خـــەڵک لاســـایی دەکەنـــەوە. هـــیچ جـــۆرە پەیوەندییەکیان لە دەرەوەی هاوسەرگیری لا قبوڵکراو نییە. ئەنجامدانی هـــەر پەیوەندییـــەک لـــە دوای هاوســـەرگیری کوشـــتن و مـــەرگی لێکەوتۆتەوە، ڕۆماننووسیش لەم ڕۆمانەیدا ئاماژەی بەم بابەتە کردووە کە تۆمارێکی مێژوویی هەیە، تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە وەک دەڵێت: (تۆمـاری دوای سـەدەها سـاڵ بـۆ ئـەوە دەچێت کـە ئـەو سـەردەمە بـەر لـە گواسـتنەوە گـەر دوو دەسـتگیران لەگـەڵ یەکدیـدا بخەوتنایـە منـداڵیان ببووایـە لەسـێدارەدەدران). (حەسـەن،٢٠١٥، ١٤٧). لێرەدا "شێرزاد حەسـەن" باس لە مەسـەلەی خۆشەویستی و دڵداری و دەســـتگیرانداری دەکـــات، بەڵام لەپـــاڵ ئەمانەشـــدا خـــوێنەر لەبەردەم دووڕییانێکدا ڕادەگرێت، لەنێوان وشـە و ڕسـتە و دەربڕینەکاندا واتـا و هێما و دەلالەت خۆیان حەشارداوە و بەڕاستەوخۆ دەرنەبڕاون. ئەوەی لێرەدا ڕۆماننووس مەبەستییەتی گورزە تیشکی ئاڕاستە بکات مەسـەلە و پرسێکی هەستیاری وەک منداڵی زۆڵە، کە بەڕەسمی لەسـەر دایک و بـاوکەکە سـاخ نـاکرێنەوە، کە ئەمەش ئارێشـەیەکی قـووڵە و چەنـدین ڕەهەنـدی وەک یاسـایی، کۆمەڵایەتیی، ئـایینیی، کولتووریی، سیاسـیی و تەنانەت سەربازیشی هەیە. دیسانەوە ڕۆماننووس خوێنەر ڕووبەڕووی پرسیارێکمان دەکاتەوە کە یەکێک، یان دووان گوناهـ و تاوانێک دەکەن، گوناهـ و تاوانی ئەوی دیکە چییە؟ یان پرسیارەکە بە دیوێکی تـردا کوڕ و کچێک بـێ هـیچ بنەمـایەک یاسـایی و ئـایینیی و نەریتـی کۆمەڵایەتیی پەیوەنـدی جەسـتەییان دەبێت کە بە گوناهــ و تـاوان دادەنرێت، دواتـر منداڵیان دەبێت بۆ دەبێت ئەو بێگوناهـ و تاوانە "منداڵەکە"، بـاجی گوناهـ

و تاوانی گەورەکان بدات و گوناهـ و تاوانەکانیان لە کۆڵ بگرێت؟ بۆیە لێرەدا ئەو منداڵەی لە چارەنووسەکەی بەمشێوەیە نووسراوە، دەبێت بەدرێژایی وێستگەکانی ژیانی باجی قورسی بکەرانی ئەو گوناهـ و تاوانە بدات، بەمەش ئارێشە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر دەبنەوە و بارگاوی دەبن بە قەیرانی شوناسی ڕاستەقینەی مرۆڤەوە.

دزیکردن، بردنی شتێکە کەخاوەندارییەتی دەگەڕێتەوە بۆ کەسێکی دیکە، دزیکردن بە تاوان دادەنرێت لەهەرکات و ساتێک ڕووبدات، بۆیە هەر شێوازێکی دزیکردن سزایەکی بۆ دانراوە لە هەندێک شوێن دەگاتە سزای قورس و لە سێدارەدان. کارەکتەری سەرەکی ئەم دیاردەیەی لەگەڵ کارەکتەری دووەمی ئەم ڕۆمانە باس کردووە، کە لای کارەکتەری سەرەکی بۆتە پرسیارێکی دەروونی بەردەوام لە مێشکی دەخوولێتەوە و بەدوای وەڵامەکەی عەوداڵە، چونکە لە هەندێک شوێنی ڕۆمانەکە بەردەوام باسی ئەم بابەتەی کردووە، بەڕای ئەم سەرەڕای ناشیرینی و قێزەوەنی ئەم دیاردەیە، ئاشکرایە بەشێکی دیاردەکە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری برسییەتی و بێکاری و هەژاری، کە دەردی کۆمەڵایەتی قورسن و کە تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنن، لەهەمانکاتدا زۆر بەربڵاون لەناو زۆربەی میللەتاندا، بەڵام لەدواجاردا ئەوە هەر مرۆڤە باجە قورسەکەی دەدات، تاکو دەگاتە ئەوەی ژیانی لێ زەوت بکرێت، لەبری ئەوەی هۆکاری بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە بدەن وەک دەڵێت: (من خۆیشم هەمان پرسیارم هەیە، کە چۆن دەبێت منی قوربانی لەبری هەموو میللەتەکەم دزێک بە نەفرەت بکەم کە خۆی قوربانی و بێدادی بووە ؟... ئەمەیان کاری نەکردەیە... هەتا گەر سوکایەتیشم پێبکات). (حەسەن،٢٠١٥، ٢١٤). هەژاری بەڵایەکی گەورەیە و یەخەی مرۆڤایەتی گرتووە، لەهەموو کات و شوێنێکدا بوونی هەبووە و بەهۆی چەند هۆکارێکی جیاوازەوە دەبن، وەکو کارەسات و گۆڕانکارییە سروشتییە

جۆربەجۆرەکان، هەندێکجاریش بەهۆی جەنگ و داگیرکاری و وێرانکارییەکان، هەروەها نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و شکستی سیاسەتە ئابوورییە گشتییەکانی وڵات و چەندین هۆکاری تر. کارەکتەری سەرەکی کە گێڕەرەوەی سەرەکی ئەم ڕۆمانەیە چارەنووسە خراپەکانی مرۆڤی سەر ئەم زەمینەی لە ڕابردوو و ئێستا بۆ ئەم دیاردە قێزەونە گەڕاندۆتەوە، کە لە ڕۆژگاری ئێستاشماندا بەردەوامیان هەیە و بەرۆکی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گرتووە و لێی جیانابێتەوە، وەکو بێزاریەک ئەم دیاردەیەی باسکردووە و دەڵێت: (درەنگە زۆر درەنگە، لە برسا مردن و دەرد خەریکە قرمان دەکات، چەک و باڕووتی زۆر، هەڕەشەی ئەتۆم کە ڕەنگە تۆ نەزانیت چییە؟ ئەو توندوتیژیەی سەر ئەم ئەستێرەیە کە زیادیکردووە ڕاستەوخۆ بە برسییەتی و نەبوونییەوە پەیوەستە... یان ڕۆحی شەڕانگێزی کە مرۆڤ تا هەنووکە بۆی نەکراوە ڕامی بکات). (حەسەن,٢٠١٥، ٢٢١). خۆشەویستی، واژەیەکی نوێ نییە، خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچان، لەگەڵ دەرکەوتنی ژیان و مرۆڤایەتی دەستپێکردووە، بریتییە لە هەستێکی ناوەکی کە هەردوو ڕەگەز دەتوانن سەرەنجی یەکتری پێڕاکێشن، لە کۆندا زۆرێک لە چیرۆکی خۆشەویستی وتراوە و نووسراوە، هەندێکیان تەنانەت لە ئەفسانەکانیش لەپێناو یەکتر و بۆ یەکتر تواونەتەوە، یان زۆرێکمان چیرۆکی ناوازەی خۆشەویستی نێوان دڵدار و دڵبەرانمان بیستووە، کە کۆتاییەکەی بەیەکتر شادبوون بووە، یان لێکترازان و دابڕان و ناکامبوون بووە. لە ڕۆمانی "دواشەوی دابەزینی عیسا"دا ئەم جۆرە خۆشەویستییە بەرجەستەکراوە کە ئاکامەکەی ناکامبوونە، کاتێک کارەکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکە کە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی کچێکی مەسیحییەوە بەناوی "مەریەم"ەوە، بەڵام "مەریەم" بەهۆی زۆر پابەندبوونی بەم ئایینەکەیەوە

و دواتریش بوونی بە راهیبە، زۆربەی خۆشی و چێژەکانی دنیا لە خۆی قەدەغە دەکات، تەنانەت وازهێنانی لە خواردن و خواردنەوەکانیش، تاکو دەگاتە ئەوەی ژیان و گیانی لەدەستبدات. کارەکتەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکە، لەدوای لەدەستدانی خۆشەویستەکەی هەموو ژیانی بۆتە ناخۆشی و ئازار چەشتن، چەندەها شەو بە بەردەوامی بۆ خۆشەویستەکەی گریاوە تا وای لێهاتووە خەون بە پێغەمبەر "عیسا"وە ببینێت و گلەیی ئەوەی لێکردووە کە "مەریەم"ـی خۆشەویستی بە هۆی ئەمەوە مردووە، بۆیە داوای لێکردووە بۆی زیندووبکاتەوە و بۆی بگەڕێنێتەوە. (گەڕەکمە "مەریەم"م بۆ بێنێتەوە، ئەو "مریەم"ـەی کە دێوانەی کردم و هەرزوو لەهەرەتی جحێڵیدا بۆ تۆ ژیا و بۆ تۆش مرد... تۆ هەوڵبدە مەحبووبە گچکەلانەکەی من زیندوو بکەیتەوە بەر لەهاتنی ڕەشەبای ئەو دونیا ئاخیربوونە) (حەسەن،٢٠١٥، ٢٢٧). لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکە، ڕۆماننووس لەسەر زاری گێڕەرەوەی هەموو شتزانەوە باسی نەژادپەرستەکانی ڕۆژئاوا دەکات کە بە "لەپ سوورەکان" ناسراون، کە چۆن شەوانە لەناکاو بەناو کافێ و مەیخانەو کاباری سەماخانەکان دادەدەن و بیانوو بە کەسانی سەرڕەش دەفرۆشن، تا دەگاتە ئەوەی شەڕەچەقۆ لەنێوانیان ڕوودەدات و کوشتاری لێبکەوێتەوە. (لەپ سوورەکان... لەناکاو خۆیان بەناو کافی و مەیخانە و کابارێ و ساماخانەکان دادەدا... بیانوویان بە سەرڕەشێک دادەگرت، بەتایبەتی گەر کچێکی قژ زەرد و چاوشینی لە باوەشدا بووایە ئیدی دەبووە جەنگی مەغلووبە... لە ئاکامی شەڕەکەلله و شەڕەچەقۆ هەمیشە برینداری سەخت و کوژراوی تێدەکەوت...) (حەسەن، ٢٠١٥، ٢٥٦). هەموو ئەم ڕووداو و دیمەنانە پەیامی مەرگ بە گوێی مرۆڤایەتی دەچرپێنن.

**ئەنجامەکان:**

- ڕۆمانی "دواشەوی دابەزینی عیسا" وەک لە ناونیشانەکەیەوە دیارە زیاتر باسی ئایینی مەسیحی و چەندین چیرۆکی ئایینی دەکات و بەشێکیان بە ڕووداوەکانی ئێستای کۆمەڵگای کوردییەوە پەیوەستکراون. لەگەڵ ئەمانەشدا بابەتی کولتووریی لەم ڕۆمانەدا بایەخی پێدراوە، تانوپۆ و گرێچنینی ڕۆمانەکە لەسەر ئەم بابەتە کوولتوورییانە هەڵچنراون.

- ڕۆماننووس لە ڕێگای ئەم ڕۆمانەوە خۆی تەرخان دەکات بۆ خستنەڕوو و داماڵینی ئەو کەموکوڕی و خەوش و نەنگییانەی کە ڕەگوڕیشەیان ڕۆچووە بەنێو کولتوور و ڕەفتاری بەشێک لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بە دیارکراوی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە، وەک ڕەگداکوتانی کولتووری پیاوسالاری و ژنکوشتن و ژێردەستەیی و بەکۆیلەکردنی ژن.

- بابەت و پرسە کولتوورییەکان سەرچاوەیەکی بەپێز و دەوڵەمەندن بۆ ژانری ڕۆمان، بۆیە "شێرزاد حەسەن" وەک یەکێک لە پێشەنگەکانی هونەری گێڕانەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بابەت و پرسە کولتوورییەکان دەکات. بۆ ئەم مەبەستە کولتوور لەلایەن ڕۆماننووسەوە بەئاگاییانەوە بەرجەستەکراوە، شوێنکەوتووانی کولتووریش بەئاگاییانە و بێئاگاییانە پیادەی کولتوور دەکەن و زیندوویان دەکەنەوە و بەرجەستەیان دەکەن.

- تێڕوانینی ڕۆماننووس لە ڕۆمانی "دواشەوەی دابەزینی عیسا" بۆ مەسەلە کولتوورییەکان جووت لایەنانەیە، ئەمەش بەو واتایەی کولتوورەکان نە هەموویان ئەرێنین، نە هەموویان نەرێنین، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لەنێوان ئەرێنیبوون و نەرێنیبوونی کولتوورەکاندا لەم ڕۆمانەدا بە هاوسەنگی ڕەنگیانداوەتەوە، چونکە بە تێڕوانینی

ڕۆماننووس کولتووره نەرێنییەکان تاڕادەیەک کولتووره ئەرێنییەکانیان داپۆشیوون و تەنگیانی پێهەڵچنیوون.

- ڕۆماننووس پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە لە هەندێک هەلومەرجدا ئایین و کولتوور ڕەگوڕیشەیان ئەوەندە ئاڵۆسکاو و تێکچڕژاو دەبێت کە لەیەکترجیاکردنەوەیان ئەستەم دەبێت. هەروەها بەشێک لە بنەماکانی کولتوور، هێز و تینیان لە ڕێسا و دەستوور و دەقەکانی ئایین وەرگرتووە.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:


١. ئاران، ئارام (٢٠٠٣)، دەستەیەک لە خوێندکارانی پەیمانگای ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئایین و کولتوور، سلێمانی.

٢. جلال، کاوە (٢٠١٢)، لە بارەی هایدگەرەوە کۆمەڵە وتار لە ئەڵمانییەوە: کۆنسێپت بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێبازی نوێ، سلێمانی.

٣. حەسەن، شێرزاد (٢٠١٥)، دواشەوی دابەزینی عیسا، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، تاران.

٤. ڕەسوول، ڕەسوول حەمەد (٢٠١٣)، جیهانبینی لە ڕۆمانی کوردیدا کرمانجی خواروو ساڵی "٢٠٠٠ بۆ ٢٠١٠" چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٥. ڕەسوول، هەڵمەت بایز (٢٠١٢)، ڕەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٦. زەنگەنە، گۆیژە (١٩٩٩)، ئافرەت لە چوار ئاییندا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

٧. شکار، سەبوور عەبدولکەریم (د) (٢٠١٤)، چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا، ناوەندی غەزەلنووس، تاران.

٨. فرۆم، ئەریک (٢٠١٣)، جەوهەری مرۆڤ وەرگێڕانی ئەردەڵان عەبدوڵڵا، خانەی موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٩. قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٧)، کاریگەری کولتوری ئەوان، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
١٠.گەرمیانی، مەهاباد (٢٠١٤)، ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەت لە پەروەردەکردن و بنیاتنانی کولتووری دیموکراتی و کۆمەڵگەی سیڤیلدا، گۆڤاری شیکار، ژمارە ٥، هەولێر.
١١.مورادی، گوڵموراد (د) (٢٠١٠) ، کورتەیێک لە مێژووی ئۆلەکانی جیهان، وەرگێڕانی: ناسر ڕەزازی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١٢.وێڵشمان و حوسێن، لین و سارا (٢٠١١)، شەرەف، وەرگێڕانی: چەند نووسەر و وەرگێڕێک، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١٣.بارت، رولان (٢٠٠٢)، الكتابة في درجة الصفر، ترجمة محمد نديم، مركز الإنماء الحضري، سوريا.
١٤.بعلي، حفناوي (٢٠٠٧)، مدخل في نظرية النقد الثقافي المقارن، الدار العربية للعلوم، لبنان.
١٥.بعلي، حفناوي (أ.د) (٢٠٠٧)، مدخل في نظرية النقد الثقافي المقارن، منشورات الاختلاف، الجزائر.
١٦.بلال، عبدالرزاق (٢٠٠٩)، جدلية التعالق النصي، بين السرقات الأدبية ــ مقاربة اصطلاحية، منشورات دار مابعدالحداثة، المغرب.
١٧.بن نبي، مالك (٢٠٠٠)، مشكلة الثقافة، ترجمة: عبدالصبور شاهين، دارالفكر ببيروت و دمشق.
١٨.بن نوار، بهاء (٢٠١٢)، الكتابة وهاجس التجاوز، دار فضاءات للنشر والتوزيع، عمان.
١٩.تاوريريت، بشير (٢٠٠٦)، محاضرات في مناهج النقد الأدبي المعاصر، دراسة في الأصول والملامح والإشكالات النظرية والتطبيقية، دار الفجر، الجزائر.
٢٠.حرب، علي (٢٠٠٥)، نقد النص، المركز الثقافي العربي للنشر، المغرب.
٢١.حسيبة، مصطفى (٢٠١٢)، المعجم الفلسفي، دار اسامة للنشر والتوزيع،

عمان، الاردن.
٢٢.حواس، محمود (٢٠٠٥)، المائدة الأدبية، دار المنارة، دمشق.
٢٣.دايک، فان (١٩٩٦)، النص وبنياتها و وظائفها، مدخل أولي إلى علم النص، ترجمة: محمد العمري، الدار البيضاء، المغرب.
٢٤.ديب، ثائر (٢٠٠٠)، هومي بابا و المنظور مابعد الكولونيالى، المركز الثقافي العربي، بيروت.
٢٥.الرباعي، عبد القادر (د) (٢٠٠٧)، تحولات النقد الثقافي، دار جرير للنشر والتوزيع، الاردن.
٢٦.الرويلي و البازعي، ميجان (د) و د. سعد (د) (٢٠٠٢)، دليل الناقد الأدبي، المركز الثقافي العربي، لبنان.
٢٧.سارتر، جان بول (٢٠٠٠)، ما الأدب، ترجمة: محمد غنيمي هلال، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
٢٨.ساردار و لون، زيودين و بورين فان (٢٠٠٣)، الدراسات الثقافية و مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة : وفاء عبد القادر، المجلس الأعلى للثقافة، مصر.
٢٩.-ستروک، جون (١٩٩٦)، البنيوية ومابعدها، ترجمة: محمد عصفور، المجلس الوطني للثقافة، الكويت.
٣٠.سعدلله، محمد سالم (٢٠٠٧)، أنسنة النص/ مسارات معرفية معاصرة، عالم الكتب الحديث، إربد، الأردن.
٣١.سلطان، بوعزيز (٢٠٠٧), القراءة النسقية، سلطة البنية و وهم المحايثة، منشورات الاختلاف، الجزائر.
٣٢.سلطان، فارغا (٢٠١٠) ، الألعاب في النظرية الأدبية، ترجمة: عثمان الجبالي، المؤسسة العربية، مكتبة الملک فهد الوطنية للنشر، السعودية.
٣٣.الصديق، حسين (٢٠٠١)، الإنسان والسلطة، اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
٣٤.عبد المطلب، محمد (٢٠٠٣)، النقد الأدبي، الهيئة العامة لقصور الثقافة، سلسة الشباب، القاهرة.
٣٥.عبدالله و الغانمي و عواد, ابراهيم و سعيد وعلي (١٩٩٦)، مدخل الى

المناهج الحديثة، المركز الثقافي العربي، الدارالبيضاء، المغرب.
٣٦.عبدالله، عبد الرحمن (٢٠١٣)،  النقد الثقافي في الخطاب النقدي العربي العراق انموذجا، وزارة الثقافة اصدارات مشروع بغداد عاصمة الثقافة العربية، العراق.
٣٧.عزالدين، حسن البنا (٢٠٠٣)، مفهوم الوعي النصي في النقد الأدبي، الحضارة للنشر، مصر.
٣٨.العقيلي، عبد الفتاح (١٩٩٨)، النقد الثقافي، قضايا وقراءات، مركز رؤيا، مصر.
٣٩.علوش، سعيد (٢٠١٠)،  نقد ثقافي... أم حداثة سلفية؟!، المجلس الاعلى للثقافة، مصر.
٤٠.عليمات، يوسف (د) (٢٠٠٤)، جماليات التحليل الثقافي الشعر الجاهلي نموذجا، المؤسسة العربية للدراسات والنشر،بيروت.
٤١.عناني، محمد (د)، المصطلحات الأدبية الحديثة (١٩٩٦)، دراسة و معجم انجليزي ـ عربي، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت.
٤٢.الغذامي و اصطيف، عبدالله و عبد النبي (٢٠٠٤)، نقد ثقافي ــ أم نقد أدبي، دمشق, دارالفكر.
٤٣.الغذامي، عبد الله محمد (د) (٢٠٠١), النقد الثقافي ــ قراءة في الأنساق الثقافية العربية، المركز الثقافي العربي، بالدار البيضاء و بيروت.
٤٤.الغذامي، عبدلله (د) (١٩٩٩) ، تأنيت القصيدة والقارئ المختلف، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، بيروت.
٤٥.القاسمي، محمد جواد (٢٠٠٨)، نظرية الثقافة، مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي، سلسلة الدراسات الحضارية، بيروت.
٤٦.كوش، دنيس (٢٠٠٧)، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة: منير السعيداني، مركز دراسات الوحدة العربية، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
٤٧.كوش، دوني (٢٠٠٢)، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ترجمة: قاسم المقداد، اتحاد الكتاب العرب، سوريا.

٤٨.ليتش، فنسنت ب (٢٠٠٠)، النقد الأدبي الأمريكي من الثلاثينيات الى الثمانينيات، ترجمة: محمد يحيى، و ماهر شفيق أحمد، المجلس الأعلى للثقافة، مصر.
٤٩.ليتش، فنسنت (٢٠٠٠)، النقد الأدبي الأمريكي من الثلاثينات إلى الثمانيات، ترجمة: محمد يحي، المجلس الأعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة، القاهرة.
٥٠.مجموعة باحثين غربيين (٢٠٠٩)، التحليل الثقافي، ترجمة: فاروق أحمد مصطفى و آخرون، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر.
٥١.مجموعة من الكتاب (١٩٩٧)، نظرية الثقافة، ترجمة: علي سيد الصاوي، عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت.
٥٢.مجموعة من الكتاب (١٩٩٧)، نظرية الثقافة، ترجمة: علي سيد الصاوي، عالم المعرفة، المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت.
٥٣.مرتاض، عبدالمالك (٢٠٠٢)، في نظرية النقد، دارهومة للطباعة والنشر والتوزيع، الجزائر.
٥٤.المصباحي، عبدالرزاق (٢٠١٥)، النقد الثقافي، من النسق الثقافي إلى الرؤيا الثقافية، مؤسسة الرحاب الحديثة، بيروت.
٥٥.مصلوح، سعد (٢٠٠٤)، في اللسانيات العربية المعاصرة دراسات ومثاقفات، عالم الكتب، مصر.
٥٦.نيوتن، ك. م (١٩٩٦)، التاريخ الأدبي و مناهجه، ترجمة: عيسى على العلكوب، عين للدارسات والبحوث الإنسانية والاجتماعية، مصر.
٥٧.ويليك، رينيه (١٩٨٩) ، النقد الأدبي، ترجمة: سلافة حجازي، مراجعة: عبد الوهاب الوكيل، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
٥٨.اليوت، ت. س (٢٠٠٠)، ملاحظات نحو تعريف الثقافة، ترجمة: شكري عياد، الأعلى للثقافة، القاهرة.

**الملخص**

**ثالوث الدين و المرأة و حب الموت في رواية "" (الليلة الأخيرة لنزول المسيح ) لـ (شيرزاد حسن) من منظور النقد الثقافي.**

تتميز نظرية النقد الثقافي بمقاربتها لجوانب مختلفة من النصوص الأدبية ، و تتجاوز المستوى السطحي للنص و تتغلغل في أعماق النص. لذلک فإن وجهة نظر نظرية النقد الثقافي ترى أن النظريات و الأساليب النقدية السابقة من خلال آرائها و قراءاتها لم تصل إلى القيمة الحقيقية للنص. يتدفق النقد الثقافي على جوانب مختلفة من النص. من أجل العثور على القيمة الحقيقية للنصوص الأدبية ، هذا من منطلق أن النصوص الأدبية متعددة الأوجه و شاملة ، و إن ما ندركه و نشعر به محدود للغاية في حين أن مسألة النصوص الأدبية تتطلب الكثير من المناقشات و هي بمثابة صدى و تجسيد لتجربة الحياة و المجتمع الإنساني.

**الكلمات الدالة:** (نقد ثقافي، فينسنت ليتش، دين، نساء، وفيات).

## Abstract

**The Trinity of Religion, Women, and the Love of Death in "Diwa Shawi Dabezini Essa" (*The Last Night of Christ's Descent***

The theory of cultural criticism is characterized by its approach to different aspects of literary texts, and goes beyond surface level of the text and penetrate into the depths of the text. Therefore, the point of view of the theory of cultural criticism believes that the previous critical theories and methods, through their opinions and readings, did not reach the true value of the text. Cultural criticism flows on different aspects of the text. In order to find the true value of literary texts, this is based on the fact that literary texts are multifaceted and comprehensive, and that what we perceive and feel is very limited, while the issue of literary texts requires a lot of discussions and is an echo and embodiment of life experience and human society.

**Keywords:** (Cultural Criticism, Vincent Letch, Religion, Women Death is friendly).